

**تایبەتنامە-ژمارە 1**

# چیرۆکەڵە

**ژمارە ١٢ ـ ١٠ی خاکەلێوە ٢٧١٨**

- کات لە چیرۆکدا، رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە
- دارشتنی کەسیەتی لە چیرۆکدا
- چۆن دەست بەنووسینی کورتەچیرۆک بکەین؟
- دە نۆرمی نووسین لای "ئێتگار کرێت"
- گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە
- ڕەوتی گۆڕانی گۆشەنیگای زانایگشتی
- چیرۆکی کوردی و ملکەچێتی بۆ گوتارە ئایدیالۆژییەکان
- چەند تایبەتمەندی چیرۆکی ئێستای کوردی
- خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی چیرۆکی کوردی
- خوێندنەوەی ئەدەبیاتی داستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوازدە پێشنیار، چاك پاڵانیك Chuck Palahniuk

**ئامادەکاران: ئەمیر سیراجەدین/ ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

**• تایبەتنامە**

**• ئامادەکاران:**
**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

**١٠ی خاکەلێوە ٢٧١٨**

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

# «کات لە چیرۆکدا، رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە»

## ن: ح. عومرانی

## لە فارسییەوە: نادر تللوعی

ئی.ئێم. فۆرستەر پێیوابوو لەگەڵ دەستپێکردنی هەر چیرۆکێک، کاتژمێرێک دەست بە کار دەکات و تا کۆتایی چیرۆکەکە ناوەستێ.

بێگومان توخمی کات لە چیرۆکدا ، رۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە و بەبێ ئەو، رووداوەکان و کردارەکان روونادەن و کاراکتێرەکان داناهێنرێن و رووبەڕووبوونەوەکان نایەنە ئاراوە و چیرۆک ناگاتە ئەنجام.

لە راستیدا کات بە جوڵەی ئارام و بەردەوامی میلی چرکەژمێر لەدایک دەبێت و خولەکەکان، کاژێرەکان، رۆژەکان و مانگەکان دروست دەکات، بە سڕینەوەی کات، پێکهاتەی چیرۆک هەڵدەوشێتەوە و بەبێ ئەو ، هیچ رووداوێک روونادات و هیچ کەس لەدایک نابێت و هیچ کەس لەناوناچێت.

ئاشکرایە کە رەوتی ئاسۆیی و ستوونیی رووداوەکان لە چیرۆکدا ، بەبێ پێوەندیی بەرامبەر ناگاتە ئەنجام و هەر کردارێک بەستراوەتەوە بە کرداری پێش خۆیەوە کە ئەویش کرداری دوای خۆی لێ دەکەوێتەوە. هەندێک لە چیرۆکنووسان، هەوڵی شوێنگۆڕینی دیمەنەکانی چیرۆک دەدەن و لە گێڕانەوەدا، رێکخستنی رووداوەکان بەپێی کات لەبەرچاو ناگرن و بەشێوەیەکی نارێک رووداوەکان دەگێڕنەوە ، کە لەو حاڵەدا رێکخستنی کات لە چیرۆکدا شێوازێکی تایبەت وەردەگرێت و تەنیا ئەوەندەیە کە کردارەکان بەدوای یەکدا نەهاتوون.

خوێنەری ئەو جۆرە چیرۆکانە دەبێ وەک گەمەیەکی مەتەڵئاسا لە زەینی خۆیاندا رووداوەکان رێک بخەنەوە و رەوتی کاتەکان راست بکەنەوە، هەندێک لە خوێنەرانی ئەو جۆرە چیرۆکانە، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە دەبێ کە لە پێوەندیی نێوان رووداوەکان و کردارەکان تێبگەن و ئیدی نەتوانن لە پرسە گرنگ و بنەماییەکان تێبگەن. بۆیە بە ناچاری یان دەبێ سەرلەنوێ چیرۆکەکە بخوێننەوە یان بابەتە ئاڵۆز و ناڕوونەکان لە مێشکی خۆیاندا تاوتوێ بکەن و خۆیان بگەنە ئەنجامێک.

هەندێک لە چیرۆکنووسان هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە توخمی کات لە چیرۆکەکانیاندا بشارنەوە، بۆ نموونە مارسێل پرۆست، ئیمیلی برونتە، فۆکنەر، ڤێرجینیا وۆڵف، هەستێکی باشیان بەرامبەر ئەم پرسە نەبوو و بە شێوازێکی تایبەت توخمی کات بەکاردێنن. ئەوان لەبەرئەوەی ناتوانن نکۆڵی لە توخمی کات لە چیرۆکدا بکەن ، هەوڵیان دا لەو بوارەدا گۆڕانکاری بنەڕەتی بکەن ، لە زۆربەی چیرۆکەکانیاندا جۆرێک لە ناڕێکی و جیاوازی دەبینرێت .

زۆربەی هونەرمەندانی هاوچەرخ ، نوێبوونەوە و هونەری هاوچەرخ ، لە تێکدانی هاوسەنگی و هاوتەرییدا دەبینن، هەندێک لە نووسەرانی هاوچەرخیش ئەو شێوازەیان گرتووەتە بەر و بە تێکدانی کات و تێکدانی گێڕانەوەی بابەتەکان و دیمەنی ناڕوون و ناپێوەندیدار هەوڵی ئافراندنی بەرهەمی سەرنجڕاکێش دەدەن کە بەداخەوە ئەم شێوازە بووەتە باو و بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک لەئارادا بێت، دیمەنە ناپێوەندیدارەکان بە دوای یەکدا ریز دەکەن و بە تێگەیشتنی خۆیان بەو شێوەیە کارێکی زۆر مۆدێرنیان کردووە .

ئەگەر نووسەرێک بیەوێت رەوتی کاتی رووداوەکان تێکبدات، پێویستە هۆکارێک لە ئارادا بێت و لە چوارچێوەی پلانێکی تۆکمەدا رووداوە ناڕێکەکان لە تەنیشت یەکەوە دابنێت، نەک رووداوە ناپێوەندیدارەکان. ئەو گۆڕانکارییە لە ئەدەبدا بە هاتنەئارای پرسی مۆدێرنیزم و دوای ئەویش پۆست مۆدێرنیزم سەری هەڵدا و وەک تایەک زۆربەی وڵاتانی گرتەوە .

هەندێک لە نووسەرە خۆماندوونەکەرەکان بۆ ئاسانکاریی خۆیان و شاردنەوەی لاوازییەکانیان لە بواری چیرۆکنووسیندا، دەستیان داوەتە ئەو کارە و هەوڵی تێکدانی گەڵاڵە و کاتی چیرۆک دەدەن. کاری ئەو جۆرە نووسەرانە لەگەڵ شێواز و کاری نووسەرانی وەک مارسێل پرۆست و ڤێرجینیا وۆڵف تەواو جیاوازە. مارسێل پرۆست بۆ تێکدانی کاتی چیرۆکەکەی هۆکاری لۆژیکی هەیە ، ئەو دەیەوێت کات وەک بابەتی سەرەکی لەبەرچاو بگرێت و بنەمای چیرۆکەکەی لەسەر دابنێت، دیارە لەو جۆرە چیرۆکانەدا توخمی جوانیناسی کاڵتر دەردەکەوێت .

نووسەرانی هاوچەرخ بە زۆری بە شێوازەکانی خوارەوە، رەوتی لۆژیکی رووداوەکان تێکدەدەن:

**١- شوێنگۆڕکێ بە دیمەنەکان و رووداوەکان**

**٢- گەڕانەوە بۆ دواوە**

**٣- گرتنەبەری شێوازی تەوژمی خەیاڵ**

لە حاڵەتی یەکەمدا وەکوو باس کرا، نووسەر تەنیا ڕەوتی ئاسایی ڕووداوەکان دەگوڕێت ، لە حاڵەتی دووەمدا، خوێنەر لە ڕێگای بیرەوەریی کاراکتێرەکانەوە بە ڕووداوە سەرەکییەکانی رابردوو دەزانێت و نووسەر زەینی کاراکتێری چیرۆک بەکاردەهێنێت و هەندێکجار بە قەدبڕێکی خێرا (ئێستا) دەگوڕێت بە (رابردوو) و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ (ئێستا). خۆی گەڕانەوە بۆ رابردوو دەتوانێ چارەسەرێک بێت بۆ باسکردنی بابەتەکان و گرفتە ئاڵۆزە زەینی و دەروونییەکانی کاراکتێرەکان، لەو ڕێگایەوە دەکرێت لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاراکتێری چیرۆک بخرێتەڕوو.

شارەزایان دەڵێن ئەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ رابردووی خۆیان دەژین و ڕووداوەکانی ئێستایان لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی رابردوودا هەڵدەسەنگێنن ، هێور هێور تووشی کێشەی دەروونی دەبن. مارسێل پرۆستیش لەگەڵ رابردووی خۆی دەژیا و بەردەوامبوونی لەسەر ئەو حاڵە، تووشی ترس و بێهیوایی و خەمۆکیی رۆحی کرد، سادقی هیدایەتیش هەمان کێشەی هەبوو .

شێوازی تەوژمی خەیاڵیش جۆرێکی گێڕانەوەیە کە لەناو زۆر چیرۆکدا بەکاردەهێنرێت، لەو شێوازی گێڕانەوەیەدا، نووسەر ڕووداوە ناڕێکەکان لە تەنیشت یەکەوە ریز ناکات، ئەو بە

رواڵەت دەست لە زەینی کاراکتێری چیرۆک بەردەدات کە بۆ هەر شوێنێک پێی خۆش بێت بچێت. خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکدا چالاکیی ئازادانە و بێ کۆنترۆڵی زەینی کاراکتێرەکان دەبینێت.

هەندێک لە نووسەرانی شوێنکەوتووی مۆدێرنیتە، پێیانوایە ئەو شێوازە دەتوانێت بەسەر توخمی کاتدا زاڵ بێت و بوونی لەناو چیرۆکدا کاڵ بکاتەوە. ئەو نووسەرانە زۆرترین گرنگی بە داڕشتەی چیرۆک و پێوەندییە بەرامبەرەکانی ناو چیرۆک دەدەن ، وا دێتە پێش چاو نووسەرانی وەک جێمس جۆیس و ڤێرجینیا وۆڵف کە بەراورد بەوانی دیکە سەرکەوتووتر بوون ، بە هیچ شێوەیەک چوارچێوەی سەرەکیی چیرۆکیان لە پێناو خودی ناهۆشیاردا قوربانی نەکردووە، لە چیرۆکی ئەو نووسەرانەدا، دیمەنەکانی چیرۆک بە رواڵەت پێوەندییان پێکەوە نییە و دەرخەری زەینی ئازادکراوی کاراکتێرن ، لە کاتێکدا بەو شێوەیە نییە و کردارەکان بە جۆرێک لەگەڵ یەکدی لە پێوەندیدان ، لەو شێوازەدا زەینی کاراکتێرەکانی چیرۆک بە رواڵەت ئازاد کراوە ، بەڵام نووسەر لای خۆی پلانێکی تۆکمە و بەهێزی بۆ داناوە و تەنیا بوونی دیمەنە جیاوازەکان ئەوە ناگەیێنێت کە هەموو بابەتەکان لە زەینی نووسەر وەرگیراون ، بەکارهێنانی خودی ناهۆشیاری ئازادکراو دەبێ لەسەر بنەما

بێ و بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بێت لە چیرۆکدا ، ناکرێت بەبێ هۆکار ، رووداوە ناپێوەندیدارەکان لە تەنیشت یەکەوە ریز بکرێن.

پێویستە ئەوەیش باس بکرێت کە هەندێک لە رەخنەگران، ناوی (رۆمانی کات) یان لەسەر ئەو چیرۆکانە داناوە، لەبەر ئەوەی (توخمی کات) پێگەیەکی گرنگ و یەکلاکەرەوەی لەو چیرۆکانەدا هەیە. مارسێل پرۆست لە رۆمانی (گەڕان بە شوێن کاتی لەدەستچوودا) دەیەوێت (ئێستا) و (رابردوو) پێکەوە گرێ بدات، ئەو نووسەرانە لە رێگای بەکارهێنانی شێوازی تەوژمی خەیاڵەوە (رابردوو) زیندوو دەکەنەوە و دەیگوازنەوە بۆ (ئێستا).

لە هەرحاڵدا نووسەران بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان هەر شێوازێک پێڕەو بکەن، ناتوانن نکۆڵی لە توخمی کات بکەن. هەروەها ناتوانن بەبێ پلانێکی تۆکمە و بەبنەما ئەو شێوازانە بەکاربێنن ، بە واتایەکی دیکە بەکارهێنانی ئەو شێوازە تایبەتە تەنیا لە رێگەی دارشتنی پلانێکی تۆکمەوە دەکرێت و هیچ کات زەینی هەوساربڕاوی مرۆڤ ناتوانێ بەرهەمی تۆمارکراو و پڕ بەها دابهێنێت.

بۆیە پێویستە چیرۆکنووسان لە هەموو حاڵێکدا پابەندی توخمی کات بن .



# «دارشتنی کەسیەتی لە چیرۆکدا»

## ن: عەزیز حەکیمی

## وەرگێڕان و ئامادەکردن: رزگار لوتفی

بێشک زۆربەمان لە چیرۆکدا رووداوەکانمان لا گرینگترە تا ئەو کاراکتەرانەی لەو رووداوانەدا رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. لە چیرۆکێکی رێئالیستیدا ئەغلەب، کاراکتەر یان کەسیەتی داستانیی نووسخەیەکی کەمڕەنگە لە نووسەر یان کەسانێک کە دەیانناسێت. نووسەر لە ژیانی واقعیدا کەم تا زۆر بەم کاراکتەر یان کەسیەتییانە ئاشنایە و لەوانەیە هەر ئەم ئاشنایەتیەش زێهنی نووسەری تازەکار بەرەو ئەو رووداوە پەلکێش بکات کە قەرارە لە درێژەی چیرۆکەکەدا روو بدات.

گەلێک فاکتەر هەن بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری چییە هەندێک لە چیرۆکەکان ـ بە تایبەت چیرۆکی تازەکارەکان ـ سەرەڕای ئەوەی پلات و پێکهاتەیەکی تۆکمە و باشیان هەیە کەچی بەتاڵن لە بوونی کاراکتەرگەلێکی مەحکەم و جێگای متمانە.

بێشک لە رووداوەکانی دونیای واقعیدا، ئێمە زیاتر پەرۆشی کەس‌وکاری خۆمانین تا کەسانێک کە دوورترن یان نایانناسین. لە چیرۆکیشدا هەر بەم شێوەیە؛ خوێنەر زیاتر هۆگر و پەرۆشی کاراکتەرێکە کە توانیبێتی لە گەڵیدا پەیوەندی بگرێت و باشتر بیناسێت و، ئەوجا بە وەسواسێکی زۆرترەوە وەدووی بەسەرهاتەکانی بکەوێت.

نووسەر لەوانەیە لە بەستێنی چیرۆک و ڕۆمانەکەیدا کەسـایەتی جۆراوجۆر بخوڵقێنێت. هەرکام لەم کەسـایەتییانە دەتوانن ڕۆڵی جیاوازیان هەبێ و، دەتوانین بە کەمێ لێوردبوونەوە ئاوا پۆلین بەندیان بکەین:

کەسیەتی سەرەکی (Major Character):
فاکتەری سـەرەکی ململانێی داسـتانیی (Conflict) و پەرەپێـدانـی چیـرۆک، کەسـیەتی سـەرەکییە. بە واتایەکی تر، سـەرجەمی پلات، پێکهاتە و ململانێی داستانیی پەیوەندییان بەم کەسیەتییەوە هەیە. بۆ نموونە پادشـایەک کە حوکمی لەسـێدارەدانی شـۆڕشـگێڕێکی واژۆ کردووە کەسیەتی سەرەکییە.

کەسیەتی لاوەکی (Minor Character):
ئەغڵەب ڕۆڵی تەواکەری کەسـیەتی سەرەکی لە ئەستۆیە و دەشتوانێ بکەری ڕووداوگەلـێـک بـێ بـۆ هەڵاوگێرکردنی کـاراکتەری سـەرەکی چیرۆکەکە. بۆ نموونە لەهەمان چیرۆکدا، کچی شاه کە دژ بە حوکمی لەسێدارەدانی شۆڕشگێرەکەیە ڕۆڵی کەسیەتی لاوەکی دەگێڕێت.

کەسـیەتی یەکەم یان قارەمانی چیرۆک (Protagonist): ئەوە بەسـەرهـاتـی کەسـیەتـی یەکەمـی چیـرۆکە کە لە یەکلاکردنەوەی ململانێی داسـتـانیـدا دەوری بەرچـاو دەگـێـڕێـت. لە درێژەی چیرۆکی پادشـاکەدا، ڕێبەری شـۆڕشـەکە کەسیەتی یەکەمی چیرۆکە.

کەسـیەتـی نەیـار (Antagonist):
کەسیەتی نەیار کەس یان ئەو بارودۆخەیە کە دژ بە یەکـلاکـردنەوەی مـلـمـلانـێـی داسـتانیی دەوەسـتێت. بەواتایەکی تر ئەنتاگۆنیست، ئەزمە (کەسیەتی یان ئەو دۆزە)ـیە کە دەبێ کەسـیەتی یەکەم بەسـەریـدا زاڵ بـێـت. لە نـمـوونەی پادشـاکەدا، ئەنتاگۆنیسـت دەتوانێ فەرماندەی نیزامی پادشـاکە بێ کە (بە پێچەوانەی کچی شـا) هەموو تواناکانی خۆی دەخـاتە گەڕ بۆ ئەوەی حوکمی لەسـێدارەدانی شـۆڕشـگێرەکە بەڕێوە بچێت.



دژەکەسیەتی یەکەم یان دژەقارەمان (Anti-Hero): یەکێکی تر لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکە کە سیفاتە جوانەکانی کەسیەتی یەکەمی نییە. لەوانەیە لە سۆنگەی ئاکار و ڕەوشتەوە دژ بە کەسیەتی یەکەم بێت. ئەگەر لە چیرۆکی پادشادا، جگە لە کەسیەتی دژبەر، یەک دژەکەسیەتی یەکەمیشمان هەبێ دەتوانێت کەسێکی ناشایست بێ لەناو گرووپی شۆڕشگێڕەکاندا، کە لە ناخەوە حەز بە لەسێدارەدانی ڕێبەرەکەیان بکات تا خۆی بچێتە جێگاکەی و ڕێبەریی گرووپەکە بەدەستەوە بگرێت.

کەسیەتی داینامیک یان بگۆڕ (Dynamic): کەسیەتییەکە کە لە درێژەی چیرۆکەکەدا گۆرانی بەسەردا دێ و ئەم گۆڕانکارییە لە ئەنجامی یەکلاکردنەوەی ململانێی داستان یان ڕووداوێکی گەورەی دیکە بەرهەم دێت. زۆربەی کاراکتەرە بگۆڕەکان لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکن نەک پەراوێزییەکان. کاراکتەری سەرەکی چیرۆکیش دەتوانێت یەکێک بێ لە کەسیەتییە داینامیکەکان. هەموو کەسایەتییە ناوبردەکانی سەرەوە دەتوانن نەقشی کاراکتەری بگۆڕیشیان ببێت.

کەسیەتی نەگۆڕ یان وێستاو (Static): کەسیەتییەکە کە لە درێژەی چیرۆکەکەدا گۆرانی بەسەردا نایێ و هیچکام لە ڕووداو و ئەزمە داستانییەکان ناتوانن گۆڕانکاری تێدا دروست بکەن. وەکوو مێرمنداڵێک کە لە گۆڕەپانی ئێعدامەکەدا بە فرۆشتنی گوڵەوە سەرقاڵە و ڕەنگە لە درێژەی چیرۆکەکەشدا چەند جار دەربکەوێت و، نەشکەوێتە ژێر کارتێکەری ململانێی داستانی و، تەنانەت ڕووداوەکانیش.

کەسیەتی دژبەر یان خڕ (Round) دەتوانێت کاراکتەرێکی ئاڵۆز و بەپێچو پەنا بێت. وەکوو وەزیرێک لە چیرۆکی پادشاکەدا، کە لە لایێک دژبە لە سێدارەدانی ڕێبەری شۆڕشەکە بێت، ـ چون ئاگادارە خەڵک لە ناخەوە خۆشیان دەوێت ـ لە لایەکی تریشەوە لایەن

گری ئازادکردنەکەی نەبێت ـ چون دەزانێت لەم حاڵەتەشدا شۆڕشەکە پەرە دەگرێت ـ ئەم وەزیرە بەم نەقشەیەوە ڕۆڵی کاراکتەری خڕ یان دژبەر دەبینێت.

کەسیەتی تاکڕەهەندی یان پان (Flat): کەسییەتی تاکڕەهەندی یان پان، خاڵی بەرامبەری کەسیەتی خڕە. ئەغڵەب لەمجۆرە کاراکتەرە لاوەکیانە بۆ تیشک خستەسەر بەشە بچووکەکانی چیرۆک کەڵک وەردەگیردرێت. بۆ نموونە؛ بوونی پێشمەرگەیەک، ئەو کەسەی بەر لە پادشا لە خواردنەکان دەچێژێت، دەتوانێ

کاراکتەرێکی پان بێت کە بەشێکی بچووک لە ژیانی پادشاە ئاشکرا دەکات.

کەسیەتی پاشەکەوتکراو یان ئاشنا (Stock): ئەو کەسیەتییانەن کە لە چیرۆکەکاندا هێندە کەڵکیان لێ وەرگیراوە ئیتر بۆ خوێنەر بەتەواوی ئاشنان. بۆ نموونە ئەگەر پادشا پێشگوو، پێشەوایەکی ئایینی، جادووگەر یا تەڵخەکێکی (کەکرە) هەبێت ئەم کاراکتێرانە لەوەپێش بە خوێنەر ناسێندراون و بۆی ئاشنان. ئەم کەسیەتییانە هاوکات دەتوانن هەم کاراکتەرێکی وێستا، خڕ یان تەنانەت پانیش بن.

کەسیەتی نەزۆک (Foil): کاراکتەرێکە کە ڕێک لە خاڵی دژبە کەسیەتی یەکەمی چیرۆکدا دەوەستێت. ئاکارو کردەوەکانی ئەم کاراکتەرە دەبنە هۆی ئاشکرابوونی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کەسیەتی یەکەمی چیرۆک. دژەکەسیەتی یان ڕەقیب دەتوانن ڕۆڵی کاراکتەری نەزۆک بگێڕن.

کەسیەتی هێمایین (Symbolic): ئەم کەسیەتییە دەتوانێت نوێنەرایەتی پەیام یان بیرۆکەیێک بکات. بۆ نموونە لەم چیرۆکەی سەرەوەدا، مێرمنداڵە گوڵفرۆشەکە دەتوانێت هێمای ئاشتی و پێکەوەژیان بێت. دەبێ لە داڕشتن و خوڵقاندنی کارەکتەری هێماییندا ئەوپەڕی وردبینی دەکار بکرێت، چون کەڵکوەرگرتن لە چەند کاراکتەری هێماییین لە چیرۆک و ڕۆماندا دەقە ئەدەبییەکە دەگۆڕێ بۆ تێکستێکی ئەخلاقی و دروشماوی. هەرکام لەو کاراکتەرانەی سەرەوە دەتوانن هاوکات هێماییینیش بن و نوێنەرایەتی پەیام، واتا یان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش بکەن.

## پێناساندنی کەسیەتی لە چیرۆکدا

یەکێک لەو ئەزمانەی لە درێژەی چیرۆکنووسیندا یەخە بە نووسەر دەگرێت چۆنییەتی دەرخستنی کاراکتەرە لە چیرۆکەکەدا. ئاشکرایە کە خودی نووسەر ناتوانێت ڕۆڵ و نەقشی کاراکتەرەکە بە خوێنەر رابگەیەنێت؛ بەڵکوو بەردەنگ لە ڕێگای ڕووداوەکان، پلات، دیالۆگ و ملململانێی داستانییەوەیە کە کەسیەتییەکان دەناسێت و لەگەڵیاندا پەیوەندی دەگرێت، تەنانەت ئەگەر لەو شیکردنەوانەی سەرەوەش تێنەگا کە جۆر و ڕۆڵی کاراکتێرەکانیان پێناساندووین.

بەڵام هەندێجار دەکرێ پێناساندنی ڕاستەوخۆی کەسیەتییەکان، بەشێک بن لە ستایلی چیرۆکەکە. لەو جۆرە حاڵەتەدا بە خوێنەر دەوترێ کە کاراکتەری چیرۆکەکە کێیە. بۆ نموونە چارڵز دیکێنز لە ڕۆمانی "سروودی کریسمەس"دا کەسیەتی سەرەکی چیرۆکەکە کە پیرەپیاوێکی بەخیل و چرووکە، لە

سەرەتای داستانەکەدا ئاوا پێناسە دەکات:

"وە ئێستا ئێبێزر سکرووچ .. چرووکترین مرۆڤی جیهان! پیرەپیاوێکی گوناهکاری بەخیلی چاوچنۆکی رژدی پارەپەرەستی دڵچڕی زووخاوبار."

ئەمە پێناسەکردنێکی راستەوخۆی کاراکتەرێکی داستانییە. بۆ ئەوەی بتوانین کاراکتێرەکان ئاوا پێناسە بکەین پێویستیمان بە ستایلێکی داستانی تایبەت هەیە؛ ستایلێک کە دەبێ لە گەڵ رووداو، کەسیەتی و ململانێی داستانیدا هاوتەریب بن و لێک بکاڵێنەوە.

بەڵام زۆربەی نووسەران حەزیان لە پێناسەکردنی ناڕاستەوخۆیە؛ واتە پێناساندنی کەسیەتییەکان لە ریگای ئەو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن و ئەو شتانەی کە دەیڵێن. لەواقیعدا خوێنەر لە رێگای کردەوەو گفتوگۆی کاراکتێرەکانەوەیە کە سیفەتەکانیان دێنێتە بەرچاو. لە ژیانی واقعیشدا ئێمە لە رێگای قسەو کرداری کەسەکانەوە دەتوانین پەی بە سیفەتەکانیان بەرین.

جگە لەم رێکارانەی سەرەوە ئێمە دەتوانین گەلێک بارودۆخیتری داستانی بخوڵقێنین کە تیایاندا خوێنەر، لەگەڵ کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکەدا باشتر ئاشنا ببێت؛ بۆ نموونە دەروونناسێک دەتوانێت بەشێکی هەرەزۆر لە حاڵەتە دەروونییەکانی کاراکتەری سەرەکیمان بۆ شی بکاتەوە، یا گێرەوەر دەتوانێت سەبارەت بەو حاڵەتانەی کاراکتەری سەرەکی بدوێت کە لە دۆخە جۆراوجۆرەکاندا بە زێهنی دەگەن، یان دەتوانین بەدیالۆگ لە زمانی کەسیەتییەکانی ترەوە ئاشکرای بکەین کە کەسایەتی سەرەکی داستانەکەمان کام تایبەتمەندییانەی هەیە.

ئەو خاڵە گرینگەی لە داڕشتنی کەسیەتییەکاندا نابێ قەت لە بیرمان بچێ ئەوەیە کە: هیچکام لە کاراکتەرەکانی چیرۆک رەش و سپی نین. بۆ وێنە کەسیەتییەکی سەرەکی چیرۆک دەتوانێ دژەکەسیەتیش بێت. یان کاراکتەرێکی بگۆڕ هاوکات دەتوانێ نەقشی کاراکتەرێکی خڕیش لە ئەستۆ بگرێت. بەواتایەکی تر، پێویست ناکات کەسیەتی سەرەکی چیرۆک هەمیشە چاک بێ و، دژە کەسیەتییەکەش هەردەم خراپ.



## «چۆن دەست بەنووسینی کورتەچیرۆک بکەین؟»

## ن: عەزیز حەکیمی

## وەرگێڕان و ئامادەکردن: رزگار لوتفی

زۆرجار بیرۆکەی نووسینی کورتەچیرۆکێک وەک گلۆڵەبەنێکی ئاڵۆسکاو بە زێهنمان دەگات. دەسپێکی چیرۆکەکە وەک کردنەوەی ئاڵۆسکاویی و دیتنەوەی سەرەداوەکە وایە و کارێکی ئەستەمە. هەڵبەت دەسپێک لە نۆڤیلێت و رۆمانیشدا گرینگی خۆی هەیە بەڵام چون لەو فۆرمە داستانیانەدا مەودای گێڕانەوە بەرینترە، دەرفەتی کردنەوەی گلۆڵەبەنەکەش زیاترە و نووسەر دەتوانێ وەک پۆئێنێک چاوی لێ بکات. بەڵام لە کورتەچیرۆکدا ئەم دەرفەتە گەلێک کەمترە و هەر بەم هۆیەشەوە، رستەکانی دەسپێک لە هاندانی خوێنەردا رۆڵێکی بەرچاوتر دەگێڕن و بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنەوە و، دیاریکردنی لەحن و تۆنی چیرۆکەکە دێنە ئاراوە. دەسپێکێکی باش ئەتوانێ لە درێژەی چیرۆکەکە تا بەکۆتایی دەورێکی کاریگەر بگێڕێت. بەڵام دۆزینەوەی رستەی گونجاو بۆ دەسپێک کارێکی سانا نییە و لەوانەیە نووسەران بەشی هەرەزۆری کاتەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن. بۆ دەستپێکردنی چیرۆک شێوەگەلێکی فراوان هەیە بەڵام گرینگ ئەوەیە هەر دەسپێکێک بۆ هەر چیرۆکێک نابێ و لەگەڵ درێژەی چیرۆکەکەدا ناگونجێت. لەم وتارەدا هەوڵدەدەین چەند جۆر دەسپێکی باوی کورتەچیرۆک بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

### "کەشسازی"

لەوانەیە باوترین جۆری دەسپێک لە نووسینی کورتەچیرۆکدا دەسپێک بەکەشسازی (Scene-setting) بێت. لە پەرەگرافی یەکەمدا هیچ رووداوێک روو نادات بەڵکوو نووسەر، سەرەتا خوێنەر لە گەڵ کەوشەنی دەوروبەری کاراکتێر یا کەسیەتی سەرەکی چیرۆکەکە ئاشنا دەکات. بۆ نموونە دەستپێکی چیرۆکی "خنکاو"، بەرهەمی "ئانتوان چێخۆف"، وەرگێڕانی "ئازاد نەجم" بەم رستانەی خوارەوە دەست پێدەکات.

“لەیەکێک لەشەقامە کەناریەکانی بەندەری دەریاچەیەکدا ، ژاوەژاوێکی زۆر دەبیستریٚ – لەو جۆرە ژاوەژاوانەی کە زۆر جاران لەکاتی گەرمای نیوەڕۆیاندا ، دەبیسترێن.

دەنگە دەنگ و ژاوەژاوی داگرتن و بارکردنی باری بەلەم و کەشتیە بچوکەکان و دەنگی فیشک و هۆڕی کەشتیە هەڵمیەکان و نرکە و هاڕەی چڕەسەقیل و جۆرەها جوێن و پرتەوبۆڵە و هاتوهاوار ، دەبیستریٚ.

هەوا ، سیخناخ بوە لەبۆنی ماسی وشک و ڕۆنی قەتران ...”

ئەو چیرۆکانەی بە کەش‌سازی دەست پێدەکەن دەبێ بتوانن دیمەنێکی روونی فەزای دەورووبەری کاراکتێری سەرەکی چیرۆکەکە لە زێهنی خوێنەر بنەخشێنن و هاوکات ئەو کردەیە، رێگەپێدراو بێت؛ بەو واتایەی کە خۆپێوەخەریککردنی نووسەر دەبێ پێویستییەکی داستانی بێ و تەنها بەمەبەستی دەستپێکردنی چیرۆکەکە نەبێت. گونجاندنی رووداو لەو چیرۆکانەدا کە بە کەوشەن‌سازی دەست پێدەکەن دەکەوێتە پەڕەگرافی سێیەم بەولاوە. دەستپێک بەکەوشەن‌سازی کاتێک گونجاوە کە فەزا بەشێکی گرینگ بێ لە چیرۆک و لەو رێگاوە نووسەر بیهەوێ بەردەنگ بخاتە دۆخێکی واکە باشتر درک بە چیرۆکەکە بکات. بۆ وێنە ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێ چیرۆکەکە لە شوێنێکی ناباو و نامۆ (گۆڕستان لە شەودا، بەندی تاکەکەسی گرتووخانەیەک یان هەسارەی مەریخ) روو بدات؛ دەسپێکێکی باش دەتوانێ لە بەرجەستەکردنی ئەو فەزایە یارمەتیدەر بێت.

بەڵام هەندێ جار وادێتە پێش کە بیرۆکە و پلاتی (Platt) چیرۆک لە کەوشەن گرینگتر دەبن. لەو جۆرە کاتانەدا باشتر وایە لە هەمان بیرۆکە و رووداوە سەرەکیەکانی چیرۆک کەڵک وەربگیردرێت. لەو شێوەدا دەکرێ کەش‌سازی لە پەڕەگرافەکانی دووەم و سێیەم بەکار ببردرێت یان نووسەر دەتوانێت لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رەوایەتەکە، لە شوێنی پێویستدا فەزاکەش شی بکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکەکە سەبارەت بە دۆزینەوەی تەرمێک لە ئاواییەکدا بدوێت لەوانەیە واباشتر بێ رستەکانی دەسپێکی رەوایەتەکە پەیوەندیان بە تەرمەکەوە هەبێ تا گوندەکە.



## "گرێچن"

هیچ قەیناکا چیرۆکەکە لە "گرێچن" یا (Conflict)ـەوە دەست پێ بکات و خوێنەر لە هەمان ساتەکانی یەکەمەوە بزانێ کە چی روویداوە. "گرێچن" هەر لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و ئەو دەرفەتە بە نووسەر دەدات وردەکارییەکی زۆرتر لە کەش‌سازی و داڕشتنی کەسیەتیەکان بگەیەنێتە بەردەنگ. بۆ وێنە چیرۆکی "عەشقی سەمسا" بەرهەمی "هاروکی موراکامی" بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

"کاتێک لە خەو هەستا، زانی کە وەک گریگۆری سامسا (مەسخ) بەدگۆڕاوە. رێک وەک ئەو بەرەوپشت راکشاوە و سەیری میچەکە دەکات. برێکی خایاند تا چاوەکانی بە رووناکیە کزەکە راهاتن. میچەکە لە میچێکی وێرباوی نەدەکرد. لەو میچانەی کە لەهەر ماڵێکدا بوونیان هەبوو. سەردەمێک بە رەنگی سپی دەرهاتبوو، یان رەنگێکی پستەیی رۆشن. تەپوتۆزی لەمێژینە رەنگەکەی بە رەنگی شیری رژاوی سەرعەرز دەرهێنابوو. میچەکە لێدوانێکی ئەوتۆی هەڵنەدەگرت؛ هیچ تایبەتمەندییەکی جێی پیاهەڵوتنی تێدا نەبوو. نە داخوازییەکی هەبوو، نە پەیامێکیش. تەنها، رۆڵی خۆی لە پێکهاتەی خانووەکەدا دەگێڕاو و، جگە لەوەش داخوازییەکی ئەوتۆی نەبوو."

یەکەم رستە لەم چیرۆکەدا بۆ ئەو کەسانەی هەرچەند رۆمانە کورتەکەی کافکا (مەسخ) شیان نەخوێندبێتەوە و لەگەڵ کاراکتێری گریگۆری سامساشدا ئاشنا نەبن هەر دڵچەسپە. یەکەم رستە لە واقیعدا ئەم پرسیارانە (کێ وەک گریگۆری سامسای لێهاتووە و لەبەرچی) لە زێهنی بەردەنگدا دروست دەکات کە بۆ گەییشتن بە وەڵام دەبێ سەرلەبەری چیرۆکەکە بە وردی بخوێندرێتەوە. موراکامی بە زیرەکی تەواو، کەشفی وەڵام بەو پرسیارانە ئەخاتە ئەستۆی خوێنەران و دەستبەجێ دوای رستەی یەکەم ـ بە دڵێکی ئاسوودە لەوەی کە خوێنەری لەگەڵ خۆی رێکخستووە ـ دەکەوێتە شیکاری فەزای چیرۆکەکە. ئەکشێن یا رووداوە سەرەکیە داستانییەکە چەند پەڕەگراف دواتر روو دەدات.

ریسکی دەسپێکی چیرۆک بەگرێ لەوەدایە کە لەوانەیە هەر لەسەرەتاڕا پلات (platt)ی داستانی ئاشکرا بکرێت. بەسیتە خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی چیرۆکێک نەکات کە بەسانایی بتوانێت کۆتاییەکەی درک پێ بکات. بەم پێیە ئەم شێوە دەستپێکردنە لێهاتوویەکی باشی پێویستە.

## "ڕەمزاوی"

کاتێ چیرۆکێک بە ڕەمز یان بە (mystery)ـەوە دەست پێدەکات یەکەم ڕستەکانی، شتێکی ئەوتۆ دەرناخەن و تەنها ئاماژە بەو ڕووداوانە دەدەن کە قەرارە لە درێژایی چیرۆکەکەدا ڕوو بدەن. بە واتایەکی تر، ئەمجۆرە دەسپێکردنانە خوێنەر دەخەنە دۆخێکی پڕلە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ، دەزانێت کە قەرارە شتێک ڕوو بدات بەڵام ئاگایی تەواوی بە نیسبەت ئەو شتە نییە. ئەمجۆرە دەسپێکانە بە خێرایی دەتوانن سەرنجی خوێنەر بقۆزنەوە و واداری بکەن درێژە بە خوێندنەوەکەی بدات. بۆ وێنە چیرۆکی "هەموو ڕۆژێ مردن" بەرهەمی "قەنبەر موستەغنی" بەمڕستانە دەست پێدەکات:

"بەمزووانە زەبحم دەکەن. هێندەی نەماوە لە ڕەنجی ژیان ئاسوودە ببم. چوارڕۆژە منیان هاوردوە و لێرە زیندانیان کردووم. بەیانی وەک مەڕێک رامدەکێشن و کەسێکیان لاقم دەگرێت و یەکی‌تریان دەستم، نەکا چنگیان لێگیرێنم و چەقۆ تیژە گاکوژەکەی ناو دەستیان بەلارێدا بەرم."

لەم جۆرە دەسپێکەدا دەبێ خاڵە تەماوییەکە بەشێک بێ لە چیرۆکەکە و بە جوانترین و کارامەترین شێوە بەرهەم بێت. لە دەسپێکی ڕەمزاویدا خوێنەر دەبێ بیر لە هێما و نیشانە ئاڕاستەکراوەکان بکاتەوە و لە درێژەشدا پەیوەندیان بداتەوە بە خودی چیرۆکەکەوە. بەم پێیە نووسەر دەبێ دڵنیابێ کە دەتوانێت لە درێژایی چیرۆکەکەدا بە جوانترین و هونەرمەندانەترین شێوە ڕستەسەرەتاییەکان ڕەمزشکێنی و، داواکانی خوێنەریش جێبەجێ بکات.

## "شیکردنەوە بەگێڕەوەر"

دەکرێ چیرۆکێک بە شیکردنەوەی بابەت یان بارودۆخێکی پەیوەندیدار بە چیرۆکەکەوە دەست پێبکات. ئەم شیکارییە دەتوانێت سەبارەت بە کەسایەتی سەرەکی یان دۆزێکی تایبەت بدوێ و لەوبارەوە هەم زانیاریمان بداتێ و هەمیش سەرنجمان رابکێشێت. بەم پێیە و، لەم شێوە دەسپێکەدا دەبێ ڕستە سەرەتاییەکان لەحنی تایبەت بە گێڕەوەریان هەبێ و ئەم ریتمەش تا کۆتایی چیرۆکەکە درێژە بکێشێت. چیرۆکی "زمانی دیوار" بەرهەمی "ئارام شێخ وەسانی" بە شیکردنەوەی گێڕەوەر لەبارەی دۆخێکەوە دەست پێدەکات.

“مانگی هەنگوینیت بووە ژەهر و خەونەکانت تەفروتونا بوون. بەتەنیا لەو ژوورە چۆڵە، چاوت لەدیوارەکان بڕیوە و قسەیان لەگەل دەکەیت. هێندە کزو تاساوی، ڕەنگە خۆت، خۆت نەناسیتەوە. ئەوە چیرۆکی تایبەتی تۆ بوو، هەر لێرەوەیش قەدەر و چارەنووسی تۆ بۆ هەمووبان ڕوون دەبێتەوە.

تۆ نەتدەزانی پاش ساڵانێک ئازار و بیرکردنەوە، دوای ئەوەی نیوەی تەمەنت بەخەم و دڵتەنگییەوە بەڕێ کرد، پاش ئەوەی چەندین پیاو بەداخی تۆوە چوونە گۆڕەوە، قەدەرت بە پیاوێکی کەمئەندامەوە گرێدەدرێ. دنیایەکی چەند تورەهاتە، کچێک بەسەدان خوازبێنی هاتبێت، دەیان گەنجی لەسەر کوژرابێت، دواتر چارەنووس بیخاتە باوەشی پیاوێک، کە لە نهێنی و مەکری ئافرەتی جوان تێناگات! ئەو هەر ئەوەی بەلاوە سەرنجکێش بوو، تۆ ڕازیی ببیت، تۆیش تەنیا لەبەر ئەوە بێدەنگ بوویت و شووت کرد، چونکە خەریک بوو، تەواوی خانەوادەکەتان، ماڵوێران و دەربەدەربن. ڕەنگە تا دەیان ساڵی دیکە، پیاوە تامەزرۆکان شەڕی یەکتر بکەن و ئاگاداری ئەوە نەبن نێچیرەکەیان ڕۆیشتوە. ئەوان هێشتا یەکتر دەکوژن و تا ئێستایش یەکتر شاربەدەر دەکەن.”

لەمجۆرە دەسپێکانەدا دەبێ لەحنی شیکارییەکە تا کۆتایی یەکدەست بێ و بە یەک ریتم بڕوات. هەڵبەت شیکردنەوەی دۆزێکی تایبەت لە چیرۆکدا نابێ بەرەو درێژدادڕی و هەڵەوەڕیمان بەرێت بەڵکوو هەر شیکارییەک دەبێ بەشێکی پێویست بێ و، بڕگەیەک بە بەشەکانی دیکە زیاد بکات. لەمجۆرە دەسپێکانەدا گێڕەوەر ئەغلەب یە

کەم کەسی تاکە. بۆ نموونە چیرۆکی “کێ مام تەوفیقی دەنگزل دەناسێت؟” بەرهەمی “ئارام کاکەی فەلاح” بەم رستانەی خوارەوە دەست پێدەکات.

“من ئەو ڕۆژەی هاتمە ژووری سەرەوەی ماڵی کاک تۆفیقی دەنگ زل و ژوورە بێکەڵکەکەیم بەکرێ گرت، قەت ئەوە نەدەهات بە خەیاڵمدا کە سێ ساڵی تر نابات من دەبمە خاوەن ماڵ.من تازە لە زانکۆ وەرگیرابووم، بەڵام لەبەر سەرهێشەکەم (میگرێن) نەمدەتوانی لە ژوورەکانی ناوخۆ لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکمدا بژیم، ئێمە لە تەمەنێکدا بووین کە بەهەموو شتێکی دونیا پێدەکەنین و گاڵتەمان بەهەموو کەسێک دەهات، بۆیە سەرهێشەکەی منیش دەبووە مایەی فشقیاتی هاوڕێکانم و بە قسەی دوکتۆر بەرەو خراپتری دەبردم، بۆیە پێشنیاری ئەوە کرا کە دوور لە دەنگە دەنگ و جڕت و بەزمی شەوان، من لە ماڵێکدا بتوانم ژوورێک بەکرێ بگرم و بە هێمنی بژیم و خوێندنەکەم تەواو بکەم.”

## "دیالۆگ"

کەڵک وەرگرتن لە دیالۆگ جۆرێکی دیکەیە لە جۆرگەلی دەسپێک لە کورتەچیرۆکدا. ئەگەر دیالۆگەکە بەڕادەیەکی باش دڵگر بێ و بتوانێت سەرنجی بەردەنگ رابکێشێت ئەوا پتانسیەلی ئەوەی دەبێت کە لە درێژەدا خوێنەر بکاتە هاوڕێی خۆی و تا کۆتایی تێکستەکە ببات. ئەو چیرۆکانەی بە دیالۆگ دەست پێدەکەن گورجوبڕ خوێنەر دەخەنە ناو جەرگەی رووداوەکەوە هەر لەم سۆنگەشەوەیە کە خوێنەر هان دەدرێت لە پێشینەی رووداوەکە بگەڕێ و بەهۆگرییەوە لە درێژەی رەوایەتەکە بڕوانێت. دەسپێک بەدیالۆگ وەک دەسپێکی رەمزاوی وایە بەم جیاوازیەی کە لە دەسپێک بەدیالۆگدا ئەوە دەنگی کەسایەتیە هەستێکی لێڵ و رەمزاوی لە خوێنەردا دروست دەکات نەوەک گێڕەوەر. چیرۆکی "سەگەکان، پشیلەکان و مرۆڤەکان" بەرهەمی "عزت الله سدیق" دەسپێکێکی هاوشێوەی هەیە:

"تا شێو (خواردنی شەو) لێرە نەتانبینم، تێگەییشتن؟

ئەمە، ئەو خاتوونە بەساڵاچووە پانوپۆڕە پێی وتین کە لە داڵانەکەدا کەفی دەچاند و بۆنی بیرەی دیویاتکەی رووسی دمی، رۆژەرێیەک دەڕۆشت. پاشان بە رقەوە دەرگاکەی پێکدادا و بە پرتەوبۆڵە گەڕاوە بۆ ماڵەکەی خۆی. هاوسەرەکەم هێندە رووسیەکەی باش نەبوو بتوانێت لە هەموو دەمبۆڵەکە تێبگات، بەڵام لە گرمەگرمی ئەو بۆشکەیە و، زرمەی پێکدادانی دەرگاکەڕا هەستی کرد دۆخەکە هێندەش ئاسایی و بە موراد نییە. مناڵەکانم لەترسان لە وەتاغخەوەکەدا خۆیان گرمۆڵە کردبوو و بە یەکەوە چەسپابوون."

لە دەسپێک بەدیالۆگی کورتەچیرۆکدا دەبێ ئەوپەڕی وردبینی بەکار ببردرێت تا جگە لەوەی کە سەرنجی خوێنەری پێ ڕادەکێشرێت بەشێ لە چیرۆکەکەشی پێ نمایش بدرێت. باشیی دیالۆگ لەوەدایە کە هەندێجار دەتواندرێ درێژترین شیکاری لە فۆڕمی رستەیەکدا پێشکەش بکات. بۆ وێنە ئەگەر چیرۆکێک بە دیالۆگی "من نەمکوشتووە" دەست پێبکات هەر بەم هێنانەوەیە بەشێکی بەرچاو لە چیرۆکەکەمان بێژتووە. کەچی لە دەسپێکە جۆربەجۆرەکانی دیکەدا تا گەییشتن بەم پلە لە زانیاری، نووسینی چەندین پەڕەگرافمان پێویستە.

## "مەتەڵاوی "

هەندێجار کورتەچیرۆک دەسپێکردنێکی مەتەڵاوی و پازڵئاسای هەیە؛ لەمجۆرە دەسپێکەدا دەکرێ گرێچنی چیرۆکەکە بەشێویەکی رەمزاوی و، لە فۆرمی مەتەڵێکدا پێشکەش بکرێت. زۆربەی چیرۆکە پۆلیسیەکان، ژانری ترسناک و مەتەڵاوی، لەم جۆرە دەسپێکانە کەڵک وەردەگرن. بەڵام ئەمە گرینگە کە لەحن و شێوازی دەسپێکی چیرۆکێک دەبێ تا کۆتایی چیرۆکەکە بکشێ و لەو حاڵەتە رەمزاوی و مەتەڵئاساییەی، دوور نەکەوێتەوە. چیرۆکی "وە کەسێک لەناکاو دەرگا ئەرەقێنێت" بەرهەمی "ئێدگار کرێتی" دەسپێکێکی مەتەڵاوی هەیە:

"ئەو پیاوە ریشنەی لەسەر بارستایی وەتاخە نشیمەنەکەی من دانیشتووە، بە پێداگرییەوە دەڵێ:"هەر ئێستا چیرۆکێکم بۆ بگێڕەوە." دەبێ پێتان رابگەیەنم کە ئەمبارودۆخە هەموو شتێکە جگە لە بارودۆخێکی خوازراو. من چیرۆک دەنووسم نایگێڕمەوە و، ئەگەر بشمتوانیبا وەیگێڕم چیرۆک شتێک نییە کە بە سەپاندنی حوکمی کەسێک بگێڕدرێتەوە. دواکەسێک کە داوای گێڕانەوەی چیرۆکی لێکردم، کوڕەکەی خۆم بوو. رێک یەکساڵ لەمەوبەر. خۆیشم نازانم کە لەبارەی جن و پەریەوە چ شتێکم دەرخواردابوو و لەچەند خولەکدا خەوی لێکەوتبوو. بەڵام ئێستا دۆخەکە لە بنەڕەتڕا جیاوازە. چون کوڕەکەی من نە ریشی هەیە و نە تفەنگێکیشی لە دەستدایە. نەجیبانە داوای لێکردم کە حیکایەتێکی بۆ بگێڕمەوە کەچی ئەم ناپیاوە دەیهەوێ چیرۆکێکم لێ بدزێت."

هەڵبەت ئەم جۆرە دەسپێکانە تەنها نموونەگەلێکن لە کۆگایەک دەسپێکی ئۆرجینالیتر و نووسەر دەتوانێت ئەو هەزاران رێگانەرۆییشتووانەی دیکەش تاقی بکاتەوە یان جۆری دەسپێکەکان ئاوێتەی یەک بکات. بۆ وێنە دەتوانێت دەسپێکێکی شیکارییانە بخاتە خزمەت سەرەتایەکی مەتەڵاوی، یان دەسپێکێکی کەشسازانە هاوکات دەتوانێت گرێچنی چیرۆکەکەش بەرجەستە بکات.



## «دوازدە پێشنیار، چاک پاڵانیک  Chuck Palahniuk»



Chuck Palahniuk  American novelist

دوازدە پێشنیاری نووسەری کتێبی پڕفرۆشی "یانەی بۆکس"، بۆ چیرۆکنووسان.

چاک پاڵانیک Chuck Palahniuk ١٩٦٢، ئەمەریکا. ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوان. خەڵاتی "کتێبی ئۆرگان"ی بۆ ڕۆمانی "یانەی بۆکس" (١٩٩٧) و خەڵاتی "ئەنجوومەنی کتێبفرۆشانی باکووری ڕۆژئاوای پاسیفێک"ی بۆ کتێبی ( Lullaby٢٠٠٣) وەرگرتووە و، دەیڤید فینچێر، فیلمێکی لە ڕووی ڕۆمانی "یانەی بۆکس" بەرهەم هێناوە.

١  کاتێ حەزتان لە نووسین نییە، دەمژمێرەکەتان لەسەر شەست (یان سی) کۆک بکەن و تا کاتی زەنگخواردنەکەی، دابنیشن و یەکبین بنووسن. ئەگەر دڵتان بە نووسینیشەوە نییە،

لانیکەم ئەزانن کە کاتژمێرێکی تر لەو دۆخە سەختە ڕزگار ئەبن. بەڵام زۆربەی کات تا ئەو ساتەی دەمژمێرەکە زەنگ ئەخوا، هێند بە ناخی کارەکەتاندا ڕۆئەچن و چێژی لێ وەرئەگرن کە حەزتان لێ ئەبێ تیایدا بەردەوام بن. لە جیا دەمژمێر، ئەتوانن کۆگایەک جلوبەرگ بنێنە ناو جلشۆر یان هیشککەرەوەکەتان و وەک دەمژمێرێک بۆ ڕاگرتنی کات کەڵکیان لێ وەربگرن. جێگۆڕکێی کردەی نووسین (کە کارێکی فکریە) لە گەڵ کردەیەکی بێتێفکرینی وەک جلوبەرگ یان قاپشۆشتن، ئەتوانێ پشوویەک بدات بە زێهنتان و ئامادەتان بکاتەوە بۆ داهێنانی فکرو بیرۆکەیێکی نوێ. ئەگەر زانیاریتان لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشڤەچوونی چیرۆکەکەتان نییە .. ئاودەستەکەتان خاوێن بکەنەوە. جێگەوبانەکەتان بگۆڕن. لەبەر ڕەزای خودا، تۆز و خۆڵی سەر کۆمپیوتەرەکەتان بسڕنەوە. بێشک بیرۆکەیێکی نوێ بە زێهنتاندا تێدەپەڕێت.

٢ سڵ لە ئەزموونکردنی فۆڕمە داستانییە جۆربەجۆرەکان و جێگۆڕکێی کات مەکەنەوە. وا بیر مەکەنەوە کە بەردەنگەکەتان هوشیار نییە. من بۆچوونم وایە کە خوێنەرەکانی بەرەی نوێ، زۆربەی کتێبەکانیان قبووڵ نییە ـ نە لەبەر ئەوەی لە خوێنەرە قەدیمییەکان گەوجترن، بەڵکوو بەهۆی وشیارییەک کە خوێنەری ئەمڕۆیی هەیەتی. سینەما ئێمەی لە چیرۆکبێژیدا لێهاتوو کردووەو بەشۆکخستنی بەردەنگی ئەمڕۆیی، ئەستەم کردووە.

٣ بەرلەوەی بتانهەوێ دابنیشن و لەسەر دیمەنێک بنووسن، سەرەتا چەندینجار لە زێهنتاندا دایبرێژنەوە و، ئامانجەکەتان لە وەسفکردنی ئەو دیمەنە لێک بدەنەوە؛ ئایا لە شوێنی گونجاوی خۆیدا دەنیشێت؟ چ نەقشێکی لە بەرەوپێشبردنی دیمەنەکانی دواتردا دەبێ؟ ئایا کۆمەک بە ڕەوتی "پلان"ی چیرۆکەکە دەکات؟ لە کاتی شۆفیرِی و کار و پڕۆڤەکانتاندا، تەنها ئەم پرسیارانە تاوتوێ بکەن. یاداشت لەو بیرۆکانەی هەڵبگرن کە بە زێهنتاندا تێدەپەڕن. تەنها ئەو کاتە بڕیاری نووسین بدەن کە خۆتان سەبارەتبە گشتییەتی ئەو دیمەنە ساغ کردبێتەوە. کاتێک زێهنتان لەهەر چەشنە بیرۆکەیەک بەتاڵە، مەچنە سەروەختی ئەو کۆمپیوتەرە تەپوتۆزاوی و لاسارە. بەردەنگەکەتان ناچار مەکەن پێ بنێتە ناو دیمەنێک کە هیچ ڕووداوێ تیایدا ڕوو نادات یان ئەگەر ڕووشبدات شتێکی ئەوتۆی بۆ گوتن پێ نییە.

٤ خۆتان تووشی سەرسووڕمان (سوڕپرایز) بکەن.

ئەگەر ئەتوانن چیرۆکەکە بەرەو ئاقارێک پەلکێش بکەن ـ یان لێگەڕێن چیرۆکەکە ئێوە بەرەو ئاقارێک ڕابکێشێت ـ کە تووشی سەرسووڕمانتان بکات، ئەوکات ئەتوانن بەردەنگەکەشتان تووشی شۆک بکەن. هەرکات خۆتان لەگەڵ سەرسووڕمانێکی هەژێنەردا بەڕوو ببنەوە، بەختی ئەوەشتان بەبەردەنگە لێهاتووەکەتان داوە کە ئەویش تووشی شۆک و سەرسووڕمان ببێت.

٥ کاتێک لە شوێنێکدا گیر دەکەن و ناتوانن چیتر بەرەوپێش بچن، ئاساییە بگەڕێنەوە و دووبارە بە دیمەنەکانی پێشووتاندا بچنەوە و، لە دووی ئەو کەسیەتی و وردەکارییە ونبووانەدا بگەڕێن کە دەتوانن وەک "چەکوچۆڵ"ـێکی دفنکراو، لە ژێر خاکرا دەریان بێننەوە و بەکاریان بێنن. لە کۆتایی ڕۆمانی "یانەی بۆکس"دا، نەمدەزانی چی بەسەر بینای بەڕێوەبەرییەکەدا بێنم؛ کەچی دوای خوێندنەوەی دیمەنی یەکەم، چاوم بە ڕستەیەک کەوت کە دەیگوت: " لەبنەڕەتدا تێکەڵکردنی نیترۆگلیسیرین لەگەڵ پاڕافین، ڕێگایەکی متمانەپێکراو نییە بۆ بەرهەمهێنانی مەوادی تەقەمەنی نایلۆنی. ئەو پاژە بەسیت و بەکەڵکەی (.. قەت پاڕافین بە کەڵکم نەهاتووە ..)ی کۆتایی، بوو بە "چەکێکی دفنکراوی" زۆر باش و، توانی ئابڕووی چیرۆکبێژتنەکەم بکڕێتەوە.

٦ لەنووسین، وەک بیانوویەک بۆ بەڕێوەبردنی میوانداری حەوتووانە کەڵک وەربگرن،

تەنانەت ئەگەر ناچار بن ناوی "کارگەی چیرۆک" لە دەورەمیوانییەکە بنێن. تا ئەو جێگایەی بۆتان ئەگونجێت، کاتەکانتان لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەرنەسەر کە بایەخ بە کردەی نووسین ئەدەن و پشتیوانی لێ ئەکەن؛ دڵنیابن بەمکارەتان باڵانسێک سەبارەت بەو کاژێرانەی بەتەنها دانیشتوون و قەڵەمتان گێڕاوە، درووست دەبێت. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بەرهەمەکەشتان بەفرۆش بگات، هیچ نرخێک ناتوانێ جوبرانی ئەو ساتانەتان بۆ بکاتەوە کە بەتەنهایی بردووتانەتە سەر. هەربۆیە بەزووترین کات، چەکی بانکیی کتێبەکەتان وەربگرن و نووسین بکەنە بیانوو بۆ چوونەناو خەڵک. باوەڕ بکەن کاتێک بگەنە کۆتایی تەمەنتان، لەوەبیرهێنانەوەی ئەو ساتانەی بە تەنهایی ژیاون، خۆشحاڵ نابن.

٧ سەربەو گرووپانە بن کە زانیاریان بەرتەسکە.

ئەم نوکتە بچووکە، سنگاوسنگ، لە زاری سەدان مرۆڤی بەناوبانگ نەقڵ کراوە و، لە "تام ئێسپەنباوێر"وە (نووسەرێکی ئەمەریکی) بۆ من و ئێستاش بە ئێوە دەگات. هەرچەند بتوانیت پرۆسەی بیچمگرتنی چیرۆکەکەت درێژ بکەیتەوە، کۆتاییەکەی باشتر دەرئەچێت. لە کۆتاییهێنانی چیرۆک/کتێبەکەتدا پەلە مەکە و بەزۆر، شتێکی بەسەردا مەسەپێنە. هەموو ئەو شتەی کە ئەبێ بیزانن، دیمەنەکەی دواترە، یان دیمەنگەلێکی دواتر. پێویست ناکات تا کۆتایی، هەموو ساتەکانی چیرۆکەکەتان لەبەر بێت و، ئەگەر وا بێ، کارەکەتان لەڕادەبەدەر، وەڕەزکەر و تاقەتپڕووکێن ئەبێت.

٨ جار لەگەڵ جار، ناوی کەسیەتیەکانی ناو چیرۆکەکەتان بگۆڕن.

کەسیەتیەکان ناواقعین. ئەوان خودی ئێوەش نیین. کاتێ لە نووسیندا پێویستیتان بە ئازادی زیاتر هەبوو، ئەتوانن بە گۆڕانی دڵخوازی ناوەکانی کەسیەتیەکان، تا ئەو ڕادەیە مەودایان لێبگرن کە ببنە هۆی ئازاردانیان، یان لەوەش خراپتر، لە بنەڕەتدا بیانسڕنەوە؛ هەڵبەت ئەگەر چیرۆکەکەتان وا بخوازێت.

٩ لە هەر سێ شێوەکەی دەربڕین کەڵک وەربگرن.

نازانم ڕاستە یان هەڵە، بەڵام من ئەمەم لە ڤستیڤاڵێکدا بەرگوێ کەوت و مەنتقی هاتە بەرچاوم. ئەم سێ شێوەیە بریتین لە وەسفی، ئامرانەو سۆزناک. وەسفی:" هەتاو لە بەرزایی ئاسمان بوو ..." ئامرانە:" بەڕێدا برۆ، ڕامەکە ..." سۆزناک:"ئاخ!" زۆربەی چیرۆکنووسان، یەک لەم سێ شێوەی دەربڕینە بەکار دەبەن. یان هەر نەبێ دوو شێوەیان. بەڵام ئێوە هەرسێکیان بەکار ببەن. لەگەڵ یەک تێکەڵیان بکەن. خەڵکیش هەر بەم شێوەیە قسان دەکەن.

١٠ ئەوجۆرە کتێبە بنووسن کە حەزتان لە خوێندنەوەیەتی.

هەر ئێستا کە گەنجن، وێنەی پشتی کتێبەکەتان بگرن. نیگاتیڤەکان ڕابگرن و کۆپیڕایتەکەشیان بهێڵنەوە.

**١١** لەبارەی بابەتێکەوە بنووسن کە بەڕاستی ئازارتان ئەدات.

تەنها شتێک کە بۆ نووسین بایەخدارە، ئەو بابەتەیە کە ئازارتان پێوە چەشتووە.

سەرچاوەکان:

١ـ ئەم دەقە، لە ٢٨ی نوامبری ٢٠١١، لە ژێر ناونیشانی: Stucking Stuffers: Writing Tips From Chuck Palahniuk لەبڵاڤۆکی ئێنتەرنەتیی The LitReactor دا چاپ و بڵاو بۆتەوە.

٢ـ گۆڤاری "داستان"، تاران، ژومارە ٦٥، گوڵانی ٩٥، لاپەڕە ٢٢١، وەرگێڕانی "بەسیر بورهانی".



# «دە نۆڕمی نووسین لای“ ئێتگار کرێت”»

## وەرگێڕانی بۆ فارسی: عەزیز حەکیمی

## بۆ کوردی: ماڵپەڕی چیرۆک مەگ.کام



Etgar Keret

کورتەچیرۆکەکانی“ ئێتگار کرێت ”جگە لە ئاشکراکردنی ئاڵۆزکاوی مرۆڤەکان شتێکی ئەوتۆمان فێر ناکەن. ئێتگار، دە نۆڕمی تاکەکەسی هەیە بۆ نووسین کە ڕەنگە ئاسایی نەیەنە بەرچاو؛ ڕێک وەک کورتەچیرۆکەکانی.

١ـ تام و چێژ لە نووسین وەربگرن.

نووسەرەکان هەمیشە سکاڵایان لە پڕۆسەی نووسین هەیە کە چەنێ سەخت و دژوارە. ڕاستتان بوێ خەریکی درۆ و چەواشەکارین .بەتایبەت ئەگەر ئەم سکاڵایە لە نووسەرێکی پرۆفشناڵ ببیستن کە لە ڕێگای نووسینەوە ژیانی خۆی بەڕێ دەبات. زۆربەیان حەز ناکەن دان بەوەدا بنێێن کە بژێویەکەیان لە ڕێگای چێژبردنەوە بەدەست دەهێنن.

نووسین ژیانە بەڵام لە دنیایەکی دیکەدا. دنیای ئەو مرۆڤە بێ ئەژمارانەی کە هیچیان ئێوە نین، بەڵام ئەوان، ڕێک" خۆتان"ـن .هەر کاتێک کە پەڕەیەکی سپی دەخەنە بەردەمتان و نیازی نووسینتان هەیە) تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش نەبن (دەبێ سپاسگوزار بن کە دەرفەتی ئەوەتان بۆ ڕەخساوە بتوانن فەزا و دۆخی ژیانتان پەرە پێ بدەن .نووسین کایەیە، گەپە، ڕسکانە لە هەر چەشنە کۆت و بەندێک .مەهێڵن بە جۆرێکی تر بۆتان پێناسە بکەن.

٢ـ کەسیەتیەکانتان خۆش بوێت.

بۆ ئەوەی کەسیەتیەک واقعی و جێگای باوەڕ بنوێنێ، دەبێ لانیکەم لە هەموو دنیا یەک کەس هەبێ تێی بگا و خۆشی بوێ؛ بەدوور لەوەی حەزیان لە کردەوەکانی بێ یان نا .ئێوە دایک و باوکی ئەو کەسیەتیانەن وا خەڵقتان کردوون .ئەگەر ئێوە خۆشتان نەوێن دڵنیا بن هێچ کەسێکی تریش خۆشیان ناوێن.

٣ـ کاتێک دەنووسن قەرزارباری کەس نین.

لە ژیانی واقعیدا ئەگەر وریای کردەوەکانتان نەبن، یا لە بەندیخانە یان لە تیمارستان (نەخۆشخانەی دەروونی )ـەوە سەر دەردێنن .بەڵام لە نووسیندا هەرجۆرە کردەیێک مەیسەرە .ئەگەر کەسیەتیەکی چیرۆکەکەتان خۆش دەوێ دەتوانن ماچی بکەن .ئەگەر لە چیرۆکەکەتاندا قاڵیچەیەکی تیایە و ڕقتان لێیەتی، دەتوانن شەمچەیێک هەڵگرن و لە ناوەندی ژوورەکەتاندا ئاوری تێپەر بدەن .کە باسی چیرۆک دەکرێ دەتوانن بە زەختی چەند دوگمەی تەختەکلیلەکەتان، هەسارەی زەوی لەناو ببەن و شارستانیەتەکانی بڕەوێننەوە و دڵنیاش بن کە سبەی، پیرێژنە دراوسێکەتان تەندروست و بێوەی، دەتانبینێ و چاک و خۆشیتان لەگەڵ دەکات.

٤ـ هەمیشە لە ناوەندەوە چیرۆکەکەتان دەست پێ بکەن.

سەرەتای چیرۆک وەک لێوارە رەق و سووتاوەکەی کێک وایە کە هەرچەندە خواردنەکەی لەوێوە دەست پێ دەکرێ بەڵام هەرگیز تام و چێژی کێکەکە نادات.

٥ ـ هەوڵ بدەن خۆشتان، ئاگاداری کۆتایی چیرۆکەکە نەبن.

کنوکۆکاری) کونجکاوی (کردەیەکی وزەبەخشە، بەڵام دەبێ هەوسارەکەیتان لە دەست نەترازێت .کاتێ چیرۆک دەنووسن کونترۆڵی فەزا و کەسیەتیەکانتان لەدەستدا بێ بەڵام بهێڵن کە رووداو و گرێچنەکانی چیرۆکەکە خۆشتان سورپڕایز و شاگەشکە بکات.

٦ـ داهێنانتان لە نووسیندا لەبیر نەچێت.

رستەبەندی، نیشانە و پەرەگرافەکان، تێکڕا قەراردان لە خزمەت نووسینەکەتاندا .تەنها لەبەر ئەوەی کە رستەیەک هەمیشە بە پێکهاتەیەکی تایبەت نووسراوە مانای ئەوە نادا کە ئێوە ناتوانن بە جۆرێکی تر بینووسنەوە؛ تەنانەت ئەگەر لە هەموو ئەو کتێبانەی کە تا ئێستا خوێندووتاننەوە بە نۆرمێکی تایبەت بەکار هێنرابێ، واتای ئەوە نادات کە ئێوەش ناچارن بەهەمان شێوە لە چیرۆکەکەتاندا دەکاری بکەنەوە.

٧ـ دارشتنی تایبەت بە خۆتان هەبێت.

ئەگەر هەوڵ بدەن وەک ناباکۆف بنووسن، دڵنیا بن لانیکەم تەنها کەسێک هەیە ناوی ناباکۆفە و، باشتر لە ئێوە دەنووسێت .بەڵام کاتێ کە بە شێوازی خۆتان دەنووسن، ئەوکات کەس ناتوانێ وەک ئێوە بنووسێت.

٨ـ کاتێ سەرقاڵی نووسینن هەوڵ بدەن تەنها بن.

هەرچەندە نووسین لە کافیشاپدا رۆمانتیک دێتە بەرچاو، بەڵام-1348111678ten-rules-copy-504x700کاتێ لە شوێنێکی قەرەباڵغدا سەرقاڵی نووسینین، بتانەوێ یان نا، ناچارن خەڵکەکە لە بەرچاو بگرن .کاتێ بە تەنهان، دەتوانن لەگەڵ خۆتان قسە بکەن یا

ئەنگوست لە کەپو رۆ بکەن و شا بە سەپان نەگرن !ئەسڵەن رەنگە کردەی نووسین بەجۆرێک ئەنگوست لەکەپو رۆکردن بێ و، ئەو کاتەی دەورتان قەرەباڵغە ئەمکارە سروشتیی نانوێنێت!

٩ـ لێگەڕێن با ئەو کەسانەی چیرۆکەکانی ئێوەیان پێ خۆشە، قەدرتان بگرن و هانتان بدەن.

مایە بۆ ئەوانی تر دامەنێن .ئەگەر چیرۆکەکەی ئێوەی پێ خۆش نەبووە، قەیدی ناکا، دەتوانێ بچێ و چیرۆکی کەسێکی تر بخوێنێتەوە .دنیا پڕیەتی لە نووسەر و ئەگەر بەڕاستی بگەڕێ حەتمەن نووسەری تایبەت بە خولیاکانی خۆی دەدۆزێتەوە.

١٠ـ گوێ بۆ راوبۆچوونی ئەوانیتر رابگرن، بەڵام پێویست ناکا حەتمەن بە قسەیان بکەن (جگە لە من)! نووسین تاکەکەسیترین هەرێمە لە جیهاندا .هەر بەو شێوەیەی کە هیچ کەسێ ناتوانێ فێرتان بکا چاییتان چۆن خۆش بوێ، کەسیش ناتوانێ چۆن نووسینتان فێر بکات .ئەگەر کەسێ پێشنیارێکی بۆتان هەیە و بەگوێتان مەنتقییە و لەگەڵ هەستتان دەگونجێ کەڵکی لێوەربگرن .ئەگەر کەسێ پێشنیارێکی بۆتان هەیە و بەگوێتان مەنتقی یە بەڵام لەگەڵ هەستتان ناتەبا و دژە، یەک چرکەش کاتتان بە فیڕۆ مەدەن .لەوانەیە ئەو پرسیارە بە کەڵکی کەسێکیتر بێ، بەڵام بە کەڵکی ئێوە، نا!



## «گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە»

## ڕەهبەر مەحموودزادە

گۆشەنیگا یەکێک لەو ماک و سازدەرانەیە کە لە چنینی کروتەونی چیرۆکدا دەورێکی هەڵسووڕ دەگێڕێ. بەشێک لە چارەنووسی چیرۆک بە ئەم ماکەوە دەبەسترێتەوە. دۆزینەوەی باش ترین گۆشەنیگا بۆ گێڕانەوەیەکی تایبەت لە پەرداخ کردنی چیرۆکدا بە شێوەیەکی شیاو دەستی چیرۆکنووس دەگرێ. دیارە پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە؛ زۆر چیرۆکی وەها هەبوونە لەبەر ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی لەبارەوە نەگێردراونەتەوە، دە دەستی چیرۆک نووس دا زایە بوونە و ئاستی داهێنان و نوێگەرییان داکشاوە.

بەڵام دەورانی تازە لە ئەدەبی داستانیدا بە گشتی دەورانی لەکزی دانی جێگەوپێگەی گۆشەنیگای زانای گشتی یا زانای هەمووشتزان بوو. گۆشەنیگای زانای گشتی گۆشەنیگای بوونەوەرێکی گریمانەیی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی سەربە هەموو کون و کەلێنەکاندا شۆڕ بکاتەوە و سنووری کات و شوێن بە هاسانی ببەزێنێ و تەنانەت بۆ پشکنینەوەی ڕووداوەکانی ناو زەینی کەسایەتییەکانیش، دانەمێنێ و ئاکامی ئەو پشکنینەوەیە بە شێوەیەکی قەتعی بۆ ناو چیرۆک ڕابگوێزێ. ـــ داکۆکی لە سەر قەیدی قەتعی دەکەم چونکە پێم وایە ئەم شێوە ریوایەتە پێوانەی سەرەکیی گۆشەنیگای زانای گشتی‌یە ـــ سەبارەت بە شی‌کردنەوەی هۆیەکانی لەکزی دانی جێگەوپێگەی ئەم گۆشەنیگایە زۆر شت گوتراوە .یەکێک لەم باسانە لە سەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە چیرۆک لە لایەن مرۆڤێکەوە دەگێڕدرێتەوە و هەرچی مرۆڤیشە لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بۆ ڕووداوەکان دەڕوانێ .ئاگاداریی مرۆڤی گێڕەرەوە، بێ‌کۆتایی نییە و سنووری تایبەتی خۆی هەیە .بە دەربڕینێکی تر دامەزرانی چیرۆک لەسەر گۆشەنیگای زانای گشتی ـــ لەم ڕوانگە تایبەتەوە کە خەریکین باسی لێ دەکەین ـــ گرفتێکی ناسین‌ناسانە واتە ئەپیستمۆلۆژیکی هەیە .ناسین‌ناسیی مۆدێڕن دوای ئیمانوئیل کانت پێمان

دەڵێ هێزی ناسینی بەرەی مرۆڤ بە گشتی سنووری خۆی هەیە و ئەپیستمۆلۆژی هێگێلیش لە سەر ئەم خاڵە داکۆکی دەکا کە ناسینی مرۆڤەکان بەستراوە بە شوێن و کات و مێژوو و جوغرافیایەکی تایبەتی‌یە کە ئەو مرۆڤانە تێی‌دا دەژین. پرێسپێکتیویسم یا ڕوانگەباوەڕی نیچەش کاکڵی قسەکەی ئەمەیە کە ڕوانین واتە ڕوانین لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە؛ ڕوانینی ڕەها بوونی نییە.

لەم ڕوانگەوە، گشت ئەم گرفتە ئەپیستمۆلۆژیکانە کە بەرۆکی گۆشەنیگای زانای گشتی دەگرن، گرفتی بڕواهەڵگرنەبوونی چیرۆک بۆ بەردەنگی چیرۆک لەگەڵ خۆیاندا پەلکێش دەکەن . بەردەنگ یا ریوایەت‌گری چیرۆک ئەگەر گومان لە جێگە و پێگەی گێڕەرەوەی چیرۆک بکا، بڕوا بە چیرۆکەکەش ناکا و چێژی پێویستی لێ وەرناگرێ.

گومان لە ئەمەدا نییە ئەم بۆچوونانە ناڕاست نین و هەر دوو گرفتی ناسین ناسانە و بڕوا هەڵگر نەبوون تا ڕادەیەک بۆ بێ هێز کردنی دەستەڵاتی گێڕەرەوەی هەمووشت زان دەوریان هەبووە .بەڵام لەبارەی ڕادەی ئەم دەورە دا زێدەڕۆیی کراوە .ئەم تێزەی لەم وتارە دا دێتە ئارا و داکۆکی لە سەر دەکرێ، ڕەت کردنەوەی لەکزیدانی دەستەڵاتی گێڕەرەوەی هەمووشت زان نییە بەڵکوو قبووڵ کردنی ئەم بابەتەیە؛ بەڵام هۆیەکانی ئەم بابەتە زیادتر بۆ بواری تر و باری تر جگە لە مانەی باسیان لێ کرا دەگێڕدرێتەوە .با لەپێشدا ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی گرفتەکانی ناسین ناسانە و بڕواهەڵگرنەبوونم پێ هۆی سەرەکیی لەکزی دانی دەستڕۆیشتوویی گۆشەنیگای زانای گشتی نییە.

ئەلف. ڕاستە چیرۆک لەلایەن مرۆڤێکەوە دەگێڕدرێتەوە و هەرچی مرۆڤیشە خاوەنی ئاگادارییەکی سنووردار و بەرتەسک لەمەڕ ڕووداوەکانە، بەڵام لە بیرمان نەچی ئەو مروڤە زۆر هۆکار و سازدەری ئاوەها شی بەدەستەوەیە کە بۆشاییەکانی ئاگاداریی لەمەڕ ڕووداوێکەوە پێ پڕبکاتەوە و ڕادەی ئاگادارییەکەی لە ڕادەی ئاگاداریی مرۆڤێکی ئاسایی کە کەم‌وزۆر هێندێک زانیاری لەبارەی ڕووداوێکەوە بیستووە، بەرەوژوورتر ببا و بەرەبەرە بە درێژایی زەمان بە لێک دانەوە و پرسیار و مەزەندە و تاقیکاریی ئەو مەزەندانە، زانیارییەکانی بەربڵاوتر و بەربڵاوتر بکاتەوە .بۆ پێسەلماندنی ئەم بۆچوونە پرسیارێک دەهێنمە گۆرێ؛ زۆر نووسەری وەک پۆل ریکۆر لە

کتێبی زەمان و حیکایەت[1]دا باسی ئەمەیان کردووە کە کاری چیرۆک نووس و مێژوونووس بۆ گێڕانەوە و دووبارە نواندنەوەی ڕووداوەکان زۆر وەیەک دەچێ .پرسیار ئەمەیە بۆچی کاتێک مێژوونووس زۆر بە حەق و بەجێ سنووری گۆشەنیگا بەرتەسکەکان دەبەزێنێ و هەوڵ دەدا بە لێکۆڵینەوە و پەیجۆری هەرچی زیادتر، ڕووداوەکان گشتگرتر و بەربڵاوتر ببینێ و بگێڕێتەوە، نەک هەر خوێنەر ڕەخنەی لێ ناگرێ، تەنانەت ئافەرینیشی لێ دەکا و بە پێچەوانە ئەگەر ئاوا نەکا بە مێژوونووسێکی بەکار و لەزەبری ناناسێ .چیرۆک نووسیش) یا ڕاوی ناو چیرۆک (عەینی ئەم پاساو و بیانووە ئەپیستمۆلۆژیکەی بەدەستەوەیە .ئەو دەتوانێ ئەم پاساوە بهێنێتەوە کە بۆ نووسینی) یا گێڕانەوەی (چیرۆکێک ڕووداوێکی هاوشێوەی کە لەم چیرۆکەدا وێنا کراوە، لە زۆر گۆشەنیگای جوداوازەوە تاوتوێ کردووە و قسە و ڕوانینی زۆر کەسانی بیستووە و دواجار ئەمانەی لێک داوەتەوە و تێکی کردوونەتەوە و گێڕانەوەیەکی گشتگرتری بۆ دابین کردووین .ئەمە نەک هەر زەبرێکی ناسیناسانە لە گێڕانەوەی چیرۆکنووس ناوەشێنێ بگرە خوێنەر پێمليش دەکا کە ئەم چیرۆک نووسە هەروا ڕاگوزاری و سەرەپێیانە و بە بێ هەڵشێلان و هەڵپشاوتنی

پێویست، چیرۆکەکەی تووڕ نەداوە بۆ کۆشی هۆشی خوێنەر و بەپێچەوانە هەڵیپشاوتووە و پەرداخی کردووە و چیرۆکەکەی بە پوختی و پاراوی ڕادەستی خوێنەر کردووە. پرسیارێکیتر : ئایا لە جیهانی واقیعدا قەت هەڵناکەوێ کەسێک بە هۆی جێگەوپێگەیەکی کە هەیەتی یا بە هۆی لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی زیادتر، ئاگادارییەکەی لەمەڕ بابەتێکەوە، ئاگاداریی گۆشەنیگایەکی بەرتەسکی بەزاندبێ و زۆر بەرەوژووتر چووبێ؟ دەزانین لە جیهانی واقیعدا کەسی ئاوا و بەم ڕادەیە لە ئاگاداری هەیە .بۆ نموونە قازیی پەروەندەیەکی جینایی تایبەت، بە هۆی جێگەوپێگەی تایبەتی و ڕادەی لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی لەم ڕووداوە ئاگادارییەکەی زۆر بەربڵاو و هەراوە.

ب. لەوانەیە لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا بڵێین کەسێک هەرچەندە ئاگاداریشی لەمەڕ ڕووداوێکەوە زۆر بێ، دیسان ئاگادارییەکەی ناگاتە بوونەوەرێکی هەمووشتزان کە وەکوو خودایەک دەتوانێ سەر لە هەموو شتێک دەربکا . لە ولامی ئەم ڕەخنەیەدا زۆر بە هاسانی دەتوانین بڵێین تەنانەت گۆشەنیگای زانای گشتی لە شێوە گێڕانەوەی نەریتیش دا، بەڕاستی و بە مانای وردی وشە، هەمووشتزان نییە .تەنانەت

ئەگەر بەگریمانەیەکی مەحاڵ هەمووشت زانیش بێ بە گوێرەی جوداوازییەک کە فۆرمالیستەکان لە نێوان سەرلەبەری چیرۆک و گەلاڵەی چیرۆک دا دایان ناوە و بە دروستی پێیان وایە گەلاڵەی چیرۆک کە بۆ ناو دەقی چیرۆک دەگوازرێتەوە ناچارەکی و بێ ئەم لاو ئەولا هەڵبژێردراو و کورت کراوەیەکی پوخت لە گشت چیرۆکەکەیە، ئەو زانا هەمووشتزانە لە گێڕانەوەی کۆتاییدا هەموو زانستەکەی بە دەستەوە نادا .لە گێڕانەوەناسیدا هەمووشتزان بوون تەعبیرێکە بۆ زۆرشتزان بوون .لە گێڕانەوەی نەریتیدا بەڕاستی گێڕەرەوە هەمووشت زان نییە بەڵکوو زورشتزانە و ئەو جێگە و پێگەیەیش کە لە گێڕانەوەی مۆدێرندا لە کزی داوە، لە ڕاستی دا و بە گوێرەی مانای وردی وشە جێگەوپێگەی گێڕەرەوەی زۆرزانە نەک گێڕەرەوەیەکی هەمووشتزان کە هەر لەجێدا زانیارییەکانی لەناو چیرۆک دا جێی بۆ نابێتەوە .کەڵک وەرگرتن لە دستەواژەی گۆشەنیگای زانای گشتی، کەڵک وەرگرتنێکی مەجازی و تەقریبی یە.

ج .گریمان کەسێک بە هۆی جێگە و پێگەیەکی تایبەتی کە هەیەتی ئاگاداریی لەمەڕ ڕووداوێکەوە زۆر زیادتر لە ڕادەی ئاسایی بێ؛ بەڵام خۆ ئە و کەسە ناتوانێ لەناو زەینی کەسایەتییە کان ئاگادار بێ .لەوانەیە بڵێین ئیتر چوونە ناو جیهانی زەینی کەسێک یا کە سانێک بێگومان نیشانەی کەڵکوە رگرتن لە گۆشەنیگای زانای گشتییە . ئەم باسە لە لکێکی زۆر زیندوو و ڕوولە گەشەی فەلسەفە واتە لە فەلسەفەی زە یندا زۆر قسەی لەسەر کراوە .فەلسەفە ی زەین خۆی زۆر لکی لێ دەبێتەوە و باسەکان لە لایەنگەلی جۆراوجۆرەوە شیکاری دەکرێن .یەکێک لەم لایەنانە پرسە ناسینناسانەکانی فەلسەفەی زە ینن. یەکێک لەو پرسیارانەی لەو بەشە ی فەلسەفەی زەیندا دەهارووژێ ئەوەیە کە چۆن ئێمە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگە ڵ کەسێکی غەیری خۆمان، حاڵەتە زە ینییەکانی ئەوکەسە هەڵدەهێنجین؟ ئێمە عادەتەن لە هەمەکی کردنێک بەم شێوە یە کەڵک وەردەگرین :هەر بوونەوەرێک ئاکارێک لە چەشنی B بکا، حاڵەتێکی زەینی لەچەشنی S ی هەیە .[2]بۆنموونە ئەگەر کەسێک لەناکاو چەکوکێک لە قامکی خۆی بدا و بناڵێنێ، دەڵێین ئەو کەسە ژانی وێڕاگەیشتووە. پرسیار ئەمە یە ئێمە چۆن بەم هاسانییە بەو ئەنجامە دەگەین؟ یەکێک لە وڵامەکانی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئێمە بە لانی کەمەوە لەبارەی خۆماندا، لەهەبوونی پێوەندیی نێوان ئاکاری B و حاڵەتی زەینی S دڵنیاین .دواتر هەبوونی ئەم پێوەندییە بۆ کەسانی تری غەیری خۆشمان هەمە کی دەکەین و کاتێک ئاکاری B لە کە سێک دەبینین دەڵێین ئەو کەسە حاڵە

تی زەینی s ی هەیە .بەم شێوەیە ئێمە وە
کوو بوونەوەرێکی وشیار وئاگادار بەڵام
لە دەرەوەی زەینی بوونەوەرە ئاگادار و
وشیارەکانی تر، حاڵەتە زەینییەکانیان مە
زەندە دەکەین و بەرە بەرە لەلای خۆمان
چیرۆکێک لە ڕووداوە زەینییەکانی ئەو
کەسانە ساز دەکەین .ڕاستە هێندێک
جار ئەو چیرۆکە ڕێکخراوە چیرۆکێکی
مەنتیقیە و هێندێک جاریش
پێویستی بە پێداچوونەوە و چاکسازی
هەیە؛ بەڵام پرسیار ئەمەیە مەگەر ئەو
چیرۆکانەش کە لەبارەی ڕووداوە عەینییە
کانەوە) نەک ڕووداوە زەینییەکان(دە
نووسرێن، هەر بە گوێرەی ئەم
مێکانیسمە ڕێک ناخرێن؟

کەوایە وڵامی ئێمە بۆ ئەو 😫 باسی
هۆی لەکزی دانی دەستەڵاتی
گۆشەنیگای زانای گشتی دەپرسێ
چییە؟ وڵامەکە بە کورتی و بە گشتی
ئەمەیە کە ڕاوی لە چیرۆک و ڕۆمانی
مۆدێرندا هەر بە تەنیا ڕاوی نییە. واتە
ئەرکی گێڕەرەوە هەر ئەمە نییە شتێک
بۆ بەردەنگەکەی بگێڕێتەوە و
بەردەنگەکەی لەو شتەی کە لە پێشدا
ئاگادار نەبوو، ئاگادار بکاتەوە و هیچی
تر .بە دەربڕینێکی تر گێرەرەوە نایهەوێ
بەردەنگەکەی هەر بە تەنیا لە
زانیارییەکانی خۆی دا شەریک بکا .
بەڵکوو دەیهەوێ جگە لەوەی
ڕووداوێک بۆ بەردەنگەکەی دەگێڕێتەوە
و لە ئاگادارییەکانی خۆی دا بەشداری
دەکا، بەردەنگەکەی لە تاقیکارییەکانی
خۆیشیدا بۆ گەیشتن بەڕاستی و
چییەتی ڕووداوەکان بەشدار بکا .واتە
وای لێ بێ بەردەنگ هەر بەتەنیا
بیسەری گێڕەرەوە نەبێ بەڵکوو
دەگەڵیشی دا، هەنگاو بە هەنگاو بۆ
گەیشتن بە چییەتی و چۆنیەتی
ڕاستییەکان، هەوڵ بدا و لە
سەرکەتنەکان و شکستەکاندا هاوڕێی
ڕاوی بێ .ئەم دەرەتانە کاتێک وەدی دێ
کە گێڕەرەوە نەک هەر زانست و
ئاگادارییەکانی بە بەردەنگەکەی
ڕابگەیێنێ، بگرە نائاگاداری و
نەزانینەکانیشی پێ ڕابگەیێنێ .بەم
شێوەیە گێڕەرەوە، ڕاستەوخۆ یا
ناڕاستەوخۆ دەستی بەردەنگەکەی دە
گرێ و دەیهێنێتە ناو بارودۆخێک کە
لەو بارودۆخەدا هێندێک شت ڕوونە و
هێندێک شت ناڕوونە .گێرەرەوە
ناڕاستەوخۆ بە بەردەنگەکەی دەڵێ لەم
کەشە تەم و مژاوییەدا، من ئاوەها
مەزەندەی چۆنییەتی ڕاستییەکانم
کردووە، تۆ چۆنیان مەزەندە دەکەی؟
کاتێک گێڕەرەوە هەمووشتزانە،
دەرەتانی تاقیکاری لە بەردەنگ
دەستێندرێتەوە بەڵام دەرەتانی ئاگادار
بوونی زیادتری لێ ناستێندرێتەوە .
دەڵێن چیژی حیکایەت یا ڕۆمان لەوە
دایە کە بەردەنگ خۆی لە جیاتی

یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو حیکایەت و ڕۆمان دادەنێ و بەو خۆ بە ئەو زانینە چێژ لە بیستنی ڕۆمانەکە وەردەگرێ و هەوێتی و شوناسی خۆی پێ دروست دەکا .بەڵام لە گێڕانەوەی نوێ دا، ئەگەر تەنانەت بەردەنگ حەز بکا بچێ دە قاڵبی یەکێک لە کەسایە تییەکانیشەوە، پێکهاتەی گێڕانەوە بە چە شنێکە کە وا لە خوێنەر دەکا پێشتر بچێتە قالبی خودی ڕاوییەکە .بەم شێوەیە ئاستی تێگەیشتنی بەردەنگ لە گێڕانەوەکە زۆر زیادتر دەبێ.

**میلان کۆندرا دەڵێ ڕۆماننووس سێ دەرەتانی بناغەیی لە بەردەست دایە:[3]**

**دەرەتانی یەکەم: ڕۆماننووس چیرۆکێک دەگێڕێتەوە (فیلدینگ)**

**دەرەتانی دووەم: ڕۆماننووس چیرۆکێک لێک دەداتەوە (فلۆبێر)**

**دەرەتانی سێیەم: ڕۆماننووس بیر لە چیرۆکێک دەکاتەوە (مووزیل)**

کاتێک چیرۆکنووس بیر لە چیرۆکەکەی دەکاتەوە ئەم بیرلێ کردنەوەیە دەکا بە تاقیکارییەک کە خوێنەریش دەتوانێ تێیدا بەشدار بێ، هەم دەرەتانی بۆ بەشداری کردن (لە بردنە پێشی گەڵاڵەی گێڕانەوەی)بە شێوە ی مەزەندە یەک لە دوای یەکەکان بۆ خوێنەرەکە هێشتووەتەوە و هەم دەرەتانی لێک دانەوەی چیرۆکەکە.

مامۆستایەک لە کلاسدا دەتوانێ زانیارییەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بۆ قوتابییەکانی ڕابگوێزێ و لەو شتانە ئاگاداریان بکاتەوە کە لە پێشدا لە بارەیان دا ئاگادار نەبوونە .بەڵام کاری شوێندانەرتر ئەوەیە ئەو مامۆستایە، ئەو بارودۆخەی خۆی لە نەزانینەوە بەرەو زانین بە تاقی کردووەتەوە بۆ قوتابییەکانی لەسەرڕاوە وێنا بکاتەوە و وا لە قوتابییەکانی بکا، بۆخۆیان ئەو بارودۆخە بەتاقی بکەنەوە، بەم شێوەیە نەک هەر هێندێک زانیاری پێ داون بەڵکوو ئاستی تێگەیشتن و تێوە گلاندیانی دە باسەکەش زۆر قووڵتر کردووەتەوە.

ئەنجامێک کە پێی دەگەین ئەوەیە کە تە نانەت لە گێڕانەوەی مۆدێڕنیشدا ــ ئەگە ر مەرجێکی تایبەت بپارێزرێ ـ دەکرێ گێڕەرەوە بە بێ ئەوەی کەڵک لە گۆشە نیگای زانای گشتی وەربگرێ مەودای مەزەندە و گەڵاڵە داڕشتنەکەی بگە یێنێتە ناو زەینی کەسایەتییەکانیش . من پرسیار دەکەم ئایا قەت هەڵنەکە وتووە ئێوە بە دیتنی ئاکار و بیستنی قسەی کەسێک بۆخۆتان چیرۆکێک بۆ ڕووداوە زەینییەکانی ئەو کەسە ڕێک

بخەن و بڵێین ئەو کەسە مەبەستی ئەمانە یە و فلانە و فیسارە بیرۆکەی دە مێشکی دایە؟ دەمهەوێ بڵێم هەر لەگە ڵکوو لە گێڕانەوەیەکدا هەستمان بەوە کرد گێڕەرەوە زەینی کەسایەتییەکانی بڕ داوە، نابێ بەو ئەنجامە بگەین کە لەم چیرۆکە دا کەڵک لە گۆشەنیگای زانای گشتی وەرگیراوە. لە گۆشەنیگای زانای گشتی جگە لە وەی زەینی کەسایەتییە کان بڕ دەدرێن، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو زەینی کەسایەتییەکان وێڕای قەتعییە تێکی تایبەتیشە .بەڵام لە ڕوانگەی سێیە م کەسەوە کاتێک زەینی کەسایەتییە کان بڕ دەدرێ، سروشتی مەزەندەکارانە و تاقیکارانەی ئەم بڕ درانە ناشاردرێتە وە و خوێنەریش وێڕای گێڕەرەوە لە دۆخێک دایە کە ئەو مەزەندە غەیرە قە تعییانە بە تاقی بکاتەوە .من بڕوام وایە سنووری نێوان گێڕانەوە لە ڕوانگەی گۆشەنیگای زانای گشتی و گێڕانەوەیە ک کە زۆریەک لە سنوورەکانی ئاگادار نەبوونی تێپەڕاندووە، هەر ئەم قەتعییەیە تەیە کە لە شێوە گێڕانەوەی یەکەمدا هە یە بەڵام لەوەی دووەمیاندا لە تەمهیدی ئەوتۆ کەڵک وەردەگیرێ هەتا بە خوێنەر ڕابگەیێندرێ کە ئەم قەتعییەتە لەگۆڕێ دا نییە.

پێم وایە بەروبووی ئەم باسە جگە لە گێڕانەوەناسی بۆ بواری ئەوپەڕڕەخنەش دەکێشرێتەوە و دەتوانێ بەرۆکی تیۆری بەناوبانگی ڕۆڵان بارت واتە مەرگی دانە ر بگرێ و هەر نەبێ خوێندنەوەیەکی تر و تێگەیشتنێکی تر لەم تیۆرییە بە دە ستەوە بدا؛ واتە بێینە سەر ئەم بڕوایە کە ڕاستە خوێنەر یا ڕەخنەگر ناتوانێ بچێتە ناو زەینی نووسەر یا دانەر و نییە تی نووسەر بدۆزێتەوە بەڵام دەتوانێ بە گوێرەی زۆر نیشانە و بەڵگە و شاهیدی ئەوتۆ کە لەبەر دەستیدایە، مەزەندەیە کی غەیری قەتعی لەبارەی ئەو بیرۆکانە ی دە مێشکی نووسەری دەقدا هەبووە بکا وبەم شێوەیە بۆ تاوتوێ کردنی دەق هەر نەبێ وەک تاکتیکێک کەڵکی لێ وەربگرێ .

[1]ــ ریکور، پل، زمان و حکایت، ترجمه ی مهشید نونهالی، تهران، گام نو

[2]ــــــ چرچلند، پاول، ماده و آگاهی، درآمدی به فلسفەی ذهن امروز، ترجمه ی امیر غلامی، تهران، نشر مرکز، ص 113

[3]ــ کوندرا، میلان، هنر رمان، ترجمەی پرویز همایونپور، تهران نشر گفتار

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی شنۆ



## «ڕەوتی گۆڕانی گۆشەنیگای زانایگشتی»

**لەگەڵ خوێندنەوەیەکی وتاری"گۆشەنیگای زانای گشتی لە گۆشەنیگایەکی ترەوە"**

**سەیدقادر هیدایەتی**

لە نێو ماک و تایبەتمەندییەکانی چیرۆکدا، هیچشتێک بە ئەندازەی گۆشەنیگا نیشاندەری پەیوەندی نێوان نووسەر و چیرۆک و خوێنەر و چیرۆک نیە. مەبەست لە چیرۆک لایەنە گشتی یەکەی گێڕانەوە، یانی ڕۆمان و نۆڤلێت و کورتەچیرۆکە .(زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بگێڕەوە (راوی) چیرۆک دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەی کە بگێڕەوە کێیە و بە تایبەت ئەوەی کە ئەو بگێڕەوەیە چۆن چیرۆک دەگێڕێتەوە، ڕاستەوخۆ دەتوانێ دەربڕی ئەوە بێ کە نووسەر چ پەیوەندی یەکی لەگەڵ چیرۆکەکە هەیە و لە کوێ دا ڕاوەستاوە .هەروەها ڕاستەوخۆ شوێن لەسەر ڕادە و شێوازی پەیوەندی گرتنی خوێنەر لەگەڵ چیرۆک دادەنێ .یانی گۆشەنیگا یان ڕوانگەی بگێڕەوە، دەتوانێ لەسەر باوەڕ و هەست و سۆز و عەقڵ و خەیاڵی خوێنەر شوێن دابنێ.

ئەگەر بە شێوەیەکی (ئینزیمامی) و بە یارمەتی دەقەکان لەو بابەتە بڕوانین، دەردەکەوێ کە بگێڕەوە و گۆشەنیگای زانایگشتی تاکوو ئێستا قۆناعی جۆراوجۆری بڕیوە و گۆڕانی بەسەردا هاتوو؛ گۆڕانێک کە پتر وەک مردەوەژی و (دگردیسی) دەچێ.

بگێڕەوەی زانایگشتی، کۆنترین و سوننەتیترین و سەرەکیترین شێوازی گێڕانەوەیە و باوکی گێڕانەوە و چیرۆکە؛ دواتر هەموو بگێڕەوە و گۆشەنیگاکانی دیکە لە ژێر باڵی ئەوەوە لە دایک بوون . بگێڕەوەی دوو گێڕانەوەی کەونارا، یانی دەقەپیرۆزەکان و چیرۆکە فۆلکلۆری یەکان، زانایگشتی بوون .گێڕانەوەی دەقەپیرۆزەکان لە گۆشەنیگایەکی زانای گشتییەوە دەگێڕدرێتەوە کە زاڵ و باڵادەست و جیددی و بە زیپک و زاکوونە؛ دەسەڵاتێکی بێبڕانەوە و بێ بەربەستی هەیە، لە کفلەکوون(کن فیکن)؟ یکدا ساز دەکا و دەڕووخێنێ و دروست دەکا و دەمرێنێ .هەوەڵ و ئاخر و دەر و ژوورە؛ سەرەتا و کۆتایی، مان و ژیان، ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو لە بەر دەستی دایە .لە گێڕانەوە فۆلکلۆری یەکاندا بگێڕەوە هەمان دەسەڵات و توانایی هەیە، بەڵام بە زمانێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکە .یانی وەک دەقەپیرۆزەکان، چیرۆکە فۆلکلۆری

یەکانیش بە شێوەیەکی بێسنوور، بگێڕەوە زانایگشتی و خاوەندەسەڵاتە؛ بەڵام ڕاویێ(لەحن)ی بگێڕەوە بە جۆرێکە کە جیاوازییەکی ناسک و زەریف لە نێوان گۆشەنیگای بگێڕەوەی زانای گشتیی دەقەپیرۆزەکان و گۆشەنیگای بگێڕەوەی زانایگشتیی چیرۆکەفۆلکلۆرییەکان دەبینرێ .ئەم خاڵە زۆر ناسک و گرینگە و شایانی سەرنجە کە هەر دوو جۆرە گێڕانەوەکە لە گۆشەنیگای بگێڕەوەی زانایگشتیی بێسنوورەوەن؛ بەڵام بگێڕەوەی دەقەپیرۆزەکان لە سەرەوە دەڕوانێ و کامێراکەی لە سەرەوەیە، کەچی بگێڕەوەی چیرۆکەفۆلکلۆرییەکان زەمینیترە و کامێراکەی لە سەر شانی بگێڕەوەیە .هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دوو زانای گشتییە وەک یەک چاو لێ نەکرێن؛ یانی ڕەخنە و لێک دانەوە دەبێ وریا بێ لە گشتکردنەوە و دابەشکاریدا جیاوازییەکان تێدا نەچن .بگێڕەوەی دەقەپیرۆزەکان بەردەوام لە دەقەکەدا، پیت بە پیت زاڵە و لە سەرەوە حوزوری هەیە .بەڵام کاتێک بەیتبێژ دەڵێ" :جارێک بنۆش، دووجار بنۆش، سێجار بنۆش، بۆت بکەم باسی زەنبیلفرۆش؛ زەنبیلفرۆشم سادە بوو "...وردە وردە حوزوری بگێڕەوەی زانایگشتی لە دەقەکەدا کەمتر دەبێتەوە .ئەم جیاوازییە نیشان دەدا کە

گۆشەنیگا باسێکی زۆر هەستیارە و لق و پۆپی زۆرە.

چیرۆکەکانی دێکامێرۆن نووسراوەی جۆوانی بووکاچیۆ(سەدەی14ی زایینی) بە من، دەست پێدەکا" :من، ئەی خانمە خۆشەویستە خوێنەرەکان "...من، هەرچەند بگێڕەوەی زانایگشتییە و هەر خۆیەتی دەگێڕێتەوە، بە ڕواڵەت دەڕواتە قەراغ و هەتا سەرەتای چیرۆکێکی دیکە نابینرێتەوە .وەکوو بگێڕەوەی چیرۆکەکانی " هەزار و یەک شەو "کە لە زمانی شەهرزادەوە دەگێڕدرێتەوە، لە سەرەتای هەر شەوێک و هەر چیرۆکێکدا دێتەوە پێشچاوی خوێنەر و دواتر هێواشهێواش حوزووری نامێنێ .تا ئێرە دوو شێواز و دوو قۆناغی گۆشەنیگای زانایگشتی باس کرا .دەتوانین بە گۆشەنیگای دەقەپیرۆزەکان بڵێین گۆشەنیگای زانای گشتیی بێسنووری ئوستوورەیی؛ بە گۆشەنیگای چیرۆکەفۆلکلۆرییەکان بڵێین گۆشەنیگای زانایگشتیی بێ سنووری حەقایەتی (نقالی).

ساڵی1616 ی زایینی بە نووسرانی دۆن کیشۆت جۆرێکی دیکەی گۆشەنیگای زانایگشتی لەدایک دەبێ کە دەسەڵات و تایبەتمەندیی بێسنووری خۆی هەر پاراستووە؛ بەڵام وەکوو گۆشەنیگای چیرۆکەفۆلکلۆرییەکان، وردە وردە ناچێتە قەراغ .بگێڕەوەی بێسنووری

زانایگشتیی دۆنکیشۆت کەمتاکورت حوزوری هەیە و دێتە کایەوە و چیرۆک بەولاولادا دەبا و لەگەڵ خوێنەر قسە دەکا و باسی خۆی دەگێڕێتەوە، باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە چ چەرمەسەرییەک ئەم بەسەرهاتەی بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوەی وەگیر کەوتووە و ... بەڵام ناتوانین بڵێین بگێڕەوە خۆی کەسایەتییەکە؛ یانی بگێڕەوە هەنگاوی بەرەو کەسایەتیبوون هەڵێناوەتەوە بەڵام هێشتا ماویەتی ببێتە کەسایەتی .ئەم گۆشەنیگا زانای گشتییە بێسنوورە، گۆڕان و لادانێکی بنەڕەتی بوو لە گۆشەنیگای ئوستوورەیی و گۆشەنیگای حەقایەتی .وەک زانایگشتیی حەقایەتەکان وردە وردە ناڕواتە قەراغ و پەراوێزەوە؛ کەم و زۆر لە نێو دەقدا حوزور و دەسەڵاتی بێ سنووری هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی گێڕانەوە پیرۆزەکان، حوزورێکی پارۆدیکی هەیە .دەتوانین بەمجۆرە گۆشەنیگایە بڵێین گۆشەنیگای زانای گشتیی بێسنووری پارۆدیک.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەی زایینی لە رۆمانەکانی رابینسۆنکرۆزۆئێی دانییێلدێفۆ و تامجۆنزی هێنری فیلدینگدا جۆرێکی دیکەی بگێڕەوەی زانایگشتیی بێ سنوور بەدی هات کە لە هەر شوێنێک ئیشتیای لێبێ، گێڕانەوە ڕا دەگرێ و لە بارەی کەسایەتی و ڕووداوەکانەوە بە شێوەیەکی جیددی و تا ڕادەیەک ئامۆژگاریانە و مامۆستایانە قسە دەکا و بانگەشە بۆ بیر و باوەڕی خۆی دەکا" .دەتوانێ سەربە هەموو کون و کەلێنەکاندا شۆڕ بکاتەوە و سنووری کات و شوێن بە هاسانی ببەزێنێ و تەنانەت بۆ پشکنینەوەی ڕووداوەکانی ناو زەینی کەسایەتییەکانیش، دانامێنێ و ئاکامی ئەو پشکنینەوەیە بە شێوەیەکی قەتعی بۆ ناو چیرۆک ڕادگوێزێ "دەتوانین بەم



شێوازە بڵێین گۆشەنیگای زانایگشتیی بێسنووری لایەنگر؛ کە بەسەرهات و ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ و ڕاڤەیان دەکا و بیر و بۆچوونی خۆی بە کەسایەتییەکانەوە دەلکێنێ.

ساڵی1759 ی زایینی دوابەدوای نووسەرانێکی وەکوو ڕیچاردسۆن و فیلدینگ و دیفۆ، لارێنسستێرن رۆمانی تریسترامشەندی نووسی .لە دایک بوونی تریسترامشەندی، لە دایکبوونی گۆشەنیگایەکی نوێ بوو .لێرەوە گۆڕانێکی زۆر بنەڕەتی بە سەر گۆشەنیگای زانایگشتیدا هات؛ لە مێژووی گێڕانەوەدا تا ئەوکات بگێڕەوەی زانایگشتی لە دەرەوە .یان لە قەراغەوەبوو(وەک حەقایەتەکان)؛ یان لە سەرەوە (وەک گێڕانەوەپیرۆزەکان) زاڵ بوو، یان وەکوو بگێڕەوەی زانایگشتیی دۆنکیشۆت، ئەگەرچی لە نێوەوە بوو بەڵام تەواو نەببوە کەسایەتییەکی چیرۆکی .بگێڕەوەی زانایگشتیی بێ سنووری تریسترامشەندی هاتە نێو گێڕانەوەوە و بووە یەکێک لە کەسایەتییەکان .

لەوانەیە تاکوو ئەوڕۆش ئەوە گەورەترین سونەتشکێنی بێ کە لە گێڕانەوەدا کرابێ .بگێڕەوە یەکەمکەسی تاکە و خۆی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیە؛ بەڵام دەسەڵاتێکی بێسنووری هەیە و زانایگشتییە !باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە زگی دایکیدا گووراوە و چۆن نێوی نراوە و چۆنیان مامان بۆ هێناوە و تەنانەت باسی هێندێک شت دەکا کە ئەوکات لە زەینی مامانەکە ڕوویان داوە ...یانی بگێڕەوەی ئەو ڕۆمانە زۆرتر ئەوشتانە دەزانێ و ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە نابێ بیانزانێ و نابێ ئەوانە بگێڕێتەوە؛ کەچی ئەو شتانەش ناگێڕێتەوە کە دەبێ بیانگێڕێتەوە ! بگێڕەوەی تریسترامشەندی سەیرترین و سەرنجڕاکێشترین زانایگشتیی مێژووی گێڕانەوەیە .نووسەر لە ڕۆمانەکەدا حوزورێکی پارۆدیکی هەیە .دەتوانین بەم بگێڕەوەیە بڵێین بگێڕەوەی زانای گشتیی بێسنووری دەروونیی.

دوای کۆمەڵێک ڕۆماننووسی گەورەی وەکوو ڕیچاردسۆن، فیلدینگ، دیفۆ، دیکێنس، بالزاک و ستاندال کە کۆمەڵێک شاکاری گەورەیان نووسیبوو؛ ساڵی 1857 بە نووسینی ڕۆمانی مادام بوواری لەلایەن فلۆبێرەوە، گۆشەنیگای زانایگشتی پێست فڕێدان و گۆڕانێکی گەورەی دیکەی بەخۆوە بینی .بگێڕەوەی مادامبواری هەموو بەسەرهاتەکان دە گێڕێتەوە .لە دەرەوە ڕاوەستاوە و لە زمانی سێهەمکەسەوە دەگێڕێتەوە . بگێڕەوەی مادامبواری زانایگشتیی بێ سنوورە و خاوەندەسەڵاتە؛ بەڵام بە پێچەوانەی زۆربەی زانایگشتییەکان بێ

لایەن بوو .وەک بارگاس یووسا لە کتێبی" عەیشی بەردەوام"دا دەڵێ" ئەو بێ لایەنی‌یە ئیمکانی ئەوەی بە بگێڕەوە دا کە نادیار (نامرئی) بێ ...ئەرکی ئەو بگێڕەوەیە تەوسیفە نەوەک لاگیری‌کردن یان مەحکووم کردن ".یەکێک لە کەشفەکانی فلۆبێر ئەو گۆشەنیگا نادیار و بێ‌لایەنە بوو؛ هەرچەند پێش ئەو ڕۆماننووسانێکی وەکوو دیکێنس و باڵزاک و بە تایبەت ستاندال لە بابەت بێ‌لایەن بوونی بگێڕەوەوە هەنگاویان هەڵێنابۆوە؛ بەڵام هیچیان بە ڕادەی فلۆبێر لە نادیارکردنی بگێڕەوە نزیک نەبوونەوە .کەشفێکی دیکەی فلۆبێر لەبارەی گۆشە نیگاوە، شێوازێکە کە بە شێوازی" ناڕاستەوخۆی ئازاد "ناسراوە . لەو شێوازەدا بگێڕەوەی زانای‌گشتی وەها لە کەسایەتی نزیک دەبێتەوە کە خوێنەر نازانێ یان شکی بۆ پەیدا دەبێ کە ئەو شتەی دەی‌خوێنێتەوە لە زمانی بگێڕەوەوەیە یان نا" تاکوێژیی "و قسەی زەینی کەسایەتی‌یەکەیە یان وتەی بگێڕەوەیە .یووسا دەڵێ " :فلۆبێر زانای گشتیی بگێڕەوەی گۆڕی؛ بگێڕەوە ئیدی هەمووشتێک نازانێ .گیرۆدەی شک و گومان بووە "...بەو جۆرە یەکەم هەنگاوەکانی بگێڕەوەی زانای‌گشتیی سنووورداری بێ‌لایەن هەڵێنراوە.

دوای فلۆبێر، هەر لە سەدەی نۆزدەدا کۆمەڵێک ڕۆمانی گەورە و شاکار نووسران کە یەکێک لە هۆکانی سەرکەوتنیان بگێڕەوەی زانای‌گشتیی بێ سنووری بێ‌لایەن؛ یان هەموو شتزاتی سنووورداری بێ‌لایەن بوون .وەکوو ڕۆمانەکانی مووبی‌دیک، هێرمان میلویل (بگێڕەوەی زانای‌گشتیی بێ سنووری بێ‌لایەن)؛ ئاناکارنین، تۆلۆستۆی (بگێڕەوەی زانای‌گشتیی بێ‌سنووری بێ لایەن)؛ برایانی کارامازۆف، داستایووسکی (بگێڕەوەی زانای‌گشتیی سنووورداری بێ‌لایەن) و... لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا دەسەڵاتی زانای‌گشتی بە هاتنە کایەی گۆشەنیگاکانی دیکە کە لە ژێر باڵی ئەوەوە هاتبوونە دەر؛ نەتەنیا کەم ڕەنگ نەبۆوە بەڵکوو هەر وا بەردەوام بوو؛ ڕۆمانی سیمای هونەرمەند لە تافی لاوی جێیمز جۆیس و ڕۆمانی دەغەڵبازان (سکەسازان)ی ئاندرێ ژید و ڕۆمانەکانی کێوی جادوو و بودێن بررووکەکانی تووماس‌مان و پیرەپیاو و دەریای هێمینگوێی و ...بەو شێوە بگێڕەوەیە خوڵقان .هەر لەو ساڵانەدا جێیمزجۆیس بە نووسینی ڕۆمانی شاکاری یوولیسز و پەروەردەکردنی یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی زانای گشتیی، بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بووە هۆی گۆڕانی زانای گشتی .وەک پێشتر ئاماژە کرا زانای‌گشتیی فلۆبێر خۆی وا

لە کەسایەتی نزیک دەکردەوە و وا لە پشتیانەوە نادیار دەبوو کە خوێنەر شکی بۆ دروست دەبێ؛ لەوانەیە ئەوە دەنگی زەینی کەسایەتی‌یەکان و تاک وێژیی دەروونی بێ .دواتر لە لایەن تۆلۆستۆی لە ڕۆمانی ئاناکارنین و بە تایبەت داستایووسکی لە ڕۆمانەکانی تاوان و سزا و برایانی کارامازۆفدا، ئەو شێوازە زانای‌گشتی‌یە نادیار و بێ‌لایەنە درێژەی درا؛ داستایووسکی لە یادداشتەکانی ژێرزەمینی دا کەڵکی لە بگێڕەوەی یەکەم کەسی تاک وەرگرت . بەو جۆرە بگێڕەوە – کەسایەتی لە دوای تریسترام شەندی‌یەوە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەوە هاتەوە ئارا .دوای ئەو هەوڵانە و بە تایبەت دوای تریسترام شەندی جۆیس بە گەشەپێدانی تاک وێژیی دەروونی لە ڕۆمانی یوولیسزدا، دەسەڵاتی گۆشەنیگای زانای‌گشتیی بەرەو ئاقارێکی دیکە برد و گۆشەنیگای دیکە لە دایک بوون .تاک وێژی دەروونی‌یەک کە زۆر جار تایبەت مەندی‌یەکانی زانای‌گشتی (وەکوو دەسەڵاتی سنووورداری و هێندێک‌جار دەسەڵاتی بێ‌سنووری و بێ‌لایەنیی) هەبوو .ئەوە یانی لە دایک‌بوون و سەربەخۆ بوونی گۆشەنیگایەکی نوێ و وەرسووڕانی زانای‌گشتی لە سێ‌هەم کەسەوە بۆ یەکەم‌کەسی تاک. فاکنێر لە ڕۆمانی تووڕەیی‌وهەراوهوریادا و ویرجینیا ووڵف لە ڕۆمانی بەرەو فانۆسی دەریایی و ...لەو شێوازە کەڵکیان وەرگرت.

لە نێوەڕاستی سەدەی بیستدا یانی لە دەیەی پەنجای میلادی‌دا ڕەوتی ڕۆمانی نوێ لە فەڕانسە لە لایەن کەسانێکی وەکوو رووب‌گری‌یە و ناتالی‌ساروت و میشێل‌بووتوور و مارگریت‌دۆڕاس و کلوودسیمۆن وەڕێ‌کەوت .لە ڕاستی‌دا ئەوان هەموو ڕێ و شوێن و نۆرمە باوەکانی چیرۆک و لە پێش هەموویاندا بگێڕەوەی سێ‌هەم‌کەسی زانای‌گشتی‌یان زۆر بە توندیی سەرکوت کرد .بە جۆرێک کە لە ژێر هێرشەکانی ئەواندا بۆ ماوەیەک بە تایبەت لە فەڕانسە دەسەڵاتی سێ‌هەم‌کەسی زانای‌گشتی کەم ڕەنگ و کاڵ بۆوە .بەڵام لەو کاتانەش‌دا کە ڕەوتی ڕۆمانی‌نوێ توندڕەوانە لە تێک‌شکاندن و ڕووخاندن و مەحکووم کردنی هەموو جۆرەکانی زانای‌گشتی‌دا زێدەڕەوی‌یان دەکرد، زانای‌گشتی زۆر کات لە دەروونەوە و لە زمانی یەکەم کەسەوە دەدوا .دوای ئەوەی ئەو شەپۆلە نیشتەوە و فەزا دەروونی و تاک‌دەنگی و تاریک و ڕەش و پێچەڵاوپێچەکانی ئەوان بەتەنیا نەی‌دەتوانی دەربڕ و نیشان دەری هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بێ و دەروەستی هەموو حەز و خولیا و جوانی و ناحەزی و خۆشی و ناخۆشی‌یەکانی دەر و ژووری مرۆڤ نەدەهات؛ زانرا کە

شـــاربەدەرکردن و ســـڕینەوەی هەموو لایەنەکانی زانایگشتی، بێبەشکردن و مەحرووم‌کردنی مرۆڤە لە یەکێــک لە ئیمکـانـاتە گەورەکـانی گێڕانەوە ...بەو جۆرە زانایگشتی بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی چەندین ســاڵە و بە گۆڕانی شێوازی دەسەڵاتی خۆی، تاکوو ئێستاش هەر بەردەوامە و لە ماوەی چوارســـەدە ڕۆمـانـنووســـیدا زۆربەی هەرە زۆری شاکارە جیهانییەکان لە ڕوانگەی زانای گشتییەوە نووسراون.

...

وتـارەکەی کـاکـڕەهبەر مەحموودزادە، هەر چەنـد وەک کـاکـموراد لە تێبینی یەکەیدا دەڵێ بە وریایی و مێتۆدێکی سەرنجڕاکێشەوە نووسراوە، چەند گرفتی ســـەرەکی هەیە؛ یەکەم :ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشـتی و ئینتزاعی باس لە زانایگشـتی یان هەموو شـتزان دەکا. دووهەم: لەو وتــارەدا کەمکـردنەوە (تەقلیل)ی زانایگشتی دەبینرێ.

زانایگشـــتی چەندین لق و پۆپی هەیە . کـاکـڕەهبەر لە ســـەرەتـاوە ئـامـاژەی کردووە کە مەبەستی لە زانای گشـتی چییە :«گۆشـــەنیگای زانایگشـــتیی گۆشـــەنیگای بوونەوەرێکی گریمانەیی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی ســـەربە هەموو کون و کەلێنەکـاندا شـــۆڕ بکـاتەوە و سنووری کات و شـوێن بە هاسـانی ببە زێنێ و تەنـانەت بۆ پشـــکنینەوەی ڕووداوەکــــانــــی نــــاو زەیــــنــــی کەسـایەتییەکانیش، دانەمێنێ و ئاکامی ئەو پشـکنینەوەیە بە شێوەیەکی قەتعی بۆ ناو چیرۆک ڕابگوێزێ.» لەم وتەیەدا چڕکردنەوە و خڕکردنەوەی هەموو لایەن و وردەکارییەکانی هەموو بەشـــەکانی زانایگشتی لە یەکێکیاندا و بە گشتی جۆرێـک کەمکردنەوە (تقلیـل) دەبینرێ . کەمکردنەوەیەک کە بە قازانجی تێئۆری یان تێزێکی بەرباسی خۆی، لایەنەکانی دیکە نابینێ و بۆ ئەوەی بەشـــەکانی دیکە دەردەســـەر ســاز نەکەن و نەبنە کلۆی ســـەر ڕێ، دەخرێنە لاوە .لەو کەم کـردنەوەیەدا جـۆراوجـۆری دەنـگ و ڕوانگەکـانی دیکەی زانـایگشـــتی بە قازانجی سەلماندنی تێز و تێئۆرییەک تێدا دەچن.

دەتوانین شـێوازە جۆراوجۆرەکانی زانای گشـتی بەو جۆرە پۆلبەندی بکەین - 1 : زانایگشـــتیی ئوســـتوورەیی (گێڕانەوە پیرۆزەکان)؛ -2 زانایگشـــتیی حەقایەت (نقـال؛ گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکـان) - 3 زانایگشـــتیی دەرەکی؛ کە خۆی چەند لقی هەیە: سێهەمکەسی بێسنووری بێ لایەن (سوور و ڕەش؛ ستاندال) .سێهەم کەســی بێســنووری لایەنگر (شـەڕ و ئاشـتی؛ تۆلۆسـتۆی). ســێهەمکەســی ســـنووورداری بێلایەن (مـادام‌بـواری؛ فلۆبێر) - 4 زانایگشـتیی دەروونی؛ کە بریتییە لە یەکەمکەســـی بێســـنوور( تریسترام‌شەندی؛ ستێرن) و یەکەمکەسی

سنووردار (لە ڕەوتی تاکوێژی و سەیالی زەین، تاقمێک لە ڕۆمانەکان کەڵکیان لێ وەرگرتووە؛ ژ: داستان نویسی جریان سیالزهن؛ حسینبیات) ... کەوابوو دەکرێ بپرسرێ کامیەک لەو زانایگشتییانە بێهێز و بێدەسەڵات بوون؟ تەنیا شێوازێکی زانایگشتی کە بێهێز و بێدەسەڵات بووبێ، بگێڕەوەی سێهەمکەسی بێسنووری لایەنگرە .ئایا لە وەها خوێندنەوەیەکدا، کە لقێک (ئەویش لقێک کە کەمتاکورت لەناو چووە) لەوانی دیکەی زیاتر گرینکی پێ دەدرێ و لە ڕاستیدا دادەسەپێ، وردەکاری و لق و پۆپەکانی دیکەی زانایگشتی چییان بە سەر دێ؟

مەحموودفەلەکی لە کتێبی" گێڕانەوەی داستان"دا بە دروستی قامک لەسەر یەکێک لە خەسارەکانی ڕەخنەی ئێران دادەنێ و دەنووسێ" :لەو ساڵانەی دوایی دا لە ئێران، بۆتە باو و زاراوەی" حەقایەت بێژ "و" زانایگشتی "بە چاوێکی سووکەوە سەیر دەکرێ و وەکوو لایەنێکی لاوازی نووسەر دەژمێردرێ ... {لە حاڵێکدا} زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرن و گرینگەکانی جیهان، تەنانەت لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستدا بەو شێوەیە نووسراون؛ وەکوو تاقمێک لە بەرهەمەکانی ناباکۆف (وەکوو پەنین) و میلان کۆندرا (وەکوو سووکیی لە تاقەت بەدەری بوون) "...جودا لەوە، هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی هیچکام لە گۆشەنیگاکان لە خۆیدا بایەخ و ئەرزش نین؛ هەڵبژاردنی هیچ گۆشەنیگایەک زامن و دەستەبەری سەرکەوتوویی و بەهێزیی چیرۆک نیە .بە هۆی ئەوەی لە لایەکەوە ئێستاش گێڕانەوەی فارسی لە ژێر سێبەری قورسی" بوفکور "ڕزگاری نەبووە و لە لایەکی دیکەوە بەرهەمەکانی ڕەوتی ڕۆمانینوێ درەنگ وەرگێڕدرانە فارسی و زۆریان شوێن دانا، هەموو لایەنەکانی گۆشەنیگای زانایگشتی تا ڕادەیەک لەبیرکران و کەوتنە پەراوێزی شێوازێکی تایبەتی چیرۆکنووسییەوە .نەک هەر زانای گشتی بەڵکوو زۆربەی شێوازەکانی دیکەی چیرۆکنووسی لە ژێر نیگای خوێندنەوەیەکی تایبەتدا، بە هێند نەگیران.

چاو خشاندنێک بەسەر ئەو کورتەچیرۆک و ڕۆمانە بەنێوبانگ و سەرکەوتووانەی کە لەو دواییانەدا نووسراون بە پێچەوانەی ئەو قسەیە، ئەوە دەسەلمێنن کە زانایگشتی؛ بەتایبەت سێهەمکەسی هەمووشتزانی بێلایەن نە تەنیا بێدەسەڵات نەبووە بەڵکوو هەر وا چالاکە و لە گۆڕێ دایە؛ ئەزقەزا ڕادەی ئەو کورتەچیرۆک و ڕۆمانانەی بە زانایگشتی دەگێڕدرێنەوە لە گۆشە نیگاکانی دیکە زیاترە : بارۆنی سەردارەکان، کالوینۆ1957؛ سەد ساڵ تەنیایی، مارکێز1967؛ مێژوو، موورانتێ، 1970 ؛ سزای ئاور، ئێلیاس

کانتی1981 ؛ سووکیی لەتاقەتبەدەری بـوون، کـۆنـدرا1984 ؛ وتـویـّـژ لە کاتیدرال، یووسـا1984 ؛ هەتاهەتایی، کۆندرا1991 ؛ هەیوولای دەریایی، پۆل ئاسـتیر1993 ؛ هەلاتن، ئالیس مونرۆ 2004؛ یەکێکی وەک هەموو، فیلیـپ ڕاس2007 ؛ جاددە، مەککارتی...2007

تەنانەت ئەگەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زانایگشتی ئاوا بووە یان دەسەلاتی کەم بۆتەوە، ئەو ڕۆمـانـانەش وەلا نێین و هەموو وردەکـاری و لق و پۆپەکـانی دیکەی زانایگشـتی بسـڕینەوە و ئەو وتەیە قەبووڵ بکەین؛ ئـایـا بەو کـارە کۆمەڵێـک کەرسـتـە و ئیمکـانـات و توانـاییمـان لە گێـڕانەوە و چیرۆک نەسـتـاندۆتەوە و باڵێکی زۆرگرینگ و سەرەکی چیرۆکمان نەشکاندووە؟





# «چیرۆکی کوردی و ملکەچێتی بۆ گوتارە ئایدیالۆژییەکان»

## ئەمجەد غولامی

تەمەنی چیرۆکی کوردی زۆر لەوە کەمترە کە بتوانی باس لە خەسارەکان و کەمایەسییە کانی بکەی، هەروەها زۆر کەمتر و درەنگترە لەوەی بۆتیقایەکی بۆ دەستنیشان بکەی. لە هەر دوو حاڵەتدا چیرۆکی کوردی بە هۆی هاوکاتێتی لەگەڵ سازبوونی گوتارە جۆراوجۆرە کانی ئایدیالۆژیی ناو جۆگرافیای کوردستان و ئەو گوتارانەی بە شیوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەرەوەستیان بە باردودۆخی کوردستانەوە بوو، ناچار بووە گیرۆدەی جۆرێک ملکەچی لە بەرامبەر پرسە تیۆرییەکان و گوتارە زاڵەکان بێ و نەتوانێ ڕەوتی لۆژیکی/مێژوویی خۆی بپێوێ و هەر ئەمەش بووە بە هۆی دابڕانی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی لە سەرچاوە فوڵکییەکانی ناو حەقایەت و بەیت و بەسەرهاتە مێژووییەکان و تە نانەت ئەو سەرەتا نقیسارەی کە کەسانی وەک مەلا مەحموودی بایەزیدی سەرپشکی بوون .لە هەمان کاتدا ئاڵۆزی و ئیش کردن بە کەسایەتی تایبەتیگەرانە و گشتخوازانە و گەلێجار فرەکردەوە لە ناو کەشێکی بێزەمانی و بێمەکانی، بە گەلاڵەیەکی شپەرزە و بێ بەری لە ڕووداوی چیرۆکئاسا دەسکەوتی ئەو شێوە لە مەلکەچێتی چیرۆکی ئەم دەڤەرە بووە و هەر خۆیشی بووەتە هۆی جۆرێک بێناسنامەیی و بێشوناسیەتی.

کەواتە ئەو دیکتاتۆریەتە لە گێڕانەوە کە گەڵێجار وەک خەسارێک باسی لێدەکرێ دەرئەنجامی دۆخێکی پاسیڤ و ترسەنۆک و شەرمێونە کە بۆ گێرانەوە یان نەگێرانەوەی شتەکانی ناو جیهانی خۆی بەردەوام ئیزن لە ئەویترێک وەردەگرێ کە خۆی لە ڕێگەی گوتارەکانی کۆمەڵایەتی و تیۆرییەوە بەسەر چیرۆکی کوردیدا داسەپاندووە و هیچکات ئە و دەرفەتەی بەم نۆرمە نەداوە کە بتوانێ لە ناو فیلدێکی سەربەخۆدا و تەنیا بۆ مەراقی گێرانەوە ئیش بکا و بتوانێ لە لای خۆیەوە ئاراستەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فیلدەکانی تر دەستنیشان بکا و بەردەوام بەوە تاوانبار کراوە کە بۆ نەیتوانیوە وەڵامدەری ئەو حەقیقە تە بێت کە لە دەرەوەی چیرۆک ئامادەیە و دەبێ چیرۆکنووس لە یەکە یەکەی ڕستەکانیدا بە کاری بێنێ و بەسەری کاتەوە.

بە گشتی پەپکەخواردنی ئەو جیهانە تەنگەبەرە بە هاوێری چیرۆکەوە، وای کردووە کە چیرۆکنووس بە ژێستێکی رۆشنبیرانەوە، زۆرتر وەک دەمراستی سیاست و مامۆستایەکی ئەخلاقی دەرکەوێ و هەر ئەو شتانە لە زمانی کەسایەتییەکانی بگێڕیتەوە کە خۆی بڕوای پێیەتی، یان باشترە بڵێین ئەویترێک باوەری پێیەتی کە وەک وتمان چیرۆکی لە ناو ئەدگار و هابیتاسەکانی خۆیدا نغرۆ کردووە.

پێشکەوتنی جیهانی ئایدیالۆژی و تیۆری بە نیسبەتی دەقی گێڕانەوە، گەر نەڵێین بووەتە هۆی سازبوونی گوتارێکی ئەرباب و کویلەیی و مەیلێک بۆ بە فەرمی ناسران، ئەوا بووەتە هۆی سڕینەوەی نەریتێک کە وەک ڕۆح و ناوی باوک تەژییە لە تەواو تەسێقەکان و ئۆبژە کانی مەیل و هەر خۆی لە ڕێگەی حافیزەوە سەرچاوەی سەرەکی گێرانەوەیە. چونکا ڕێک بەو ئەندازەی کە گوتارە زاڵەکان حەزیان لە نامێژوومەندی و وەستاندنی زەمانی لە زەمانی هەنووکەییدا بووە، چیرۆکیش ناچارکراوە خۆی بە بەشداری تاوانی مەرگی باوک بزانێ و بۆ بەفەرمی ناسران، پێڕەو و ملکەچی مەیلێک بێت کە دەستی باڵای بووە لە دروستبوونی ئەو وەیشوومە مێژوویەی کە وەک ریچارد کێرنی دەڵێ: وەک بەربەستێک لە بەردەم گێڕانەوەی مێژوویی، چیرۆکی داتەکاندووە لە توانستی ڕووداومەندی و چیرۆکئاسابوون.

کەچی گەمەکە بەوە کۆتایی پێ نایە، بەڵکوو پەیوەندی نیوان ئەم دووە وەک پەیوەندییە کی مەرگخوازانە، هەر لە بنیاتی دەستپێکیانەوە هەڵگری هەوڵێکن بۆ پاساودان بە بوون و ئامادەبوونیان وەک فیزێک لە بەرامبەر ئەویترێکی گەورە کە تەنیا بە مەرجی زیندووبوونی ناوی باوک مانای هەیە .هەوڵێک کە زیاتر خراوەتە ئەستۆی چیرۆک هەتا بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی مەیلی فەوتاوی ئەو گوتارانە، ناچار بێ خۆی بکاتە

بەستێنێکی لیریکایی کە کەسایەتییەکانی وەک ناوێکی گشتی و جوانیناسی کراوە، بیرهێنەرەوی ناوی باوکێکن کە دوای مراندنی بووەتە ئۆبژەیەکی نامومکینی مەیل.

چیرۆکی کوردی لە وەها دۆخێکی جینایەتکارانەدا و لە ژێر قورسایی بەرپرسایەتی مەرگی باوک، بەردەوام خەریکی شینگێری و هەڵکێشانی هەناسەیەکی پڕسۆز و ڕق ئەستوورانەیە بە نیسبەتی خۆی و کۆمەڵگای بەردەنگی و ڕەنگە هەر قورسایی ئەم بارەشە کە چیرۆکی کوردی تووشی ئەو خەسارانە کردووە کە لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەیان پێدرا.

کەچی گەر خودی دۆخەکە وەک سیمتۆمێک (Symtom) هەم بە مانای هێمای نەخۆشی و هێمای لەشساغی (لێک بدرێتەوە، دەتوانین باوەڕ بێنین کە ڕێگای چارەسەری چیرۆکی کوردی گرێی خواردووە بە جۆرێک ئاگاداربوونەوەی خودی چیرۆک لە کەمایەسییەکان و چۆنیەتیی یەکلابوونەوەی لە گەڵ مەیلی ئەویترێک کە ئەم بەسەرهاتەی بۆ ڕەخساندووە و تا ئێستا وای کردووە کە مەیلی چیرۆکی کوردی مەیلی گوتارە ئایدیالۆژییەکان و تیۆرییەکانی سەردەم بێ.

ئەم یەکلاکردنەوەش لە راستیدا تەنیا بە پەنابردنە بەر حافیزەیەک مومکینە کە هەم بە یاد مێژوو و ریوایەتە مێژووییەکان (و هەم بە یادەوەری) ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی دەوڵەمەندە و لە ڕێگای هەلسووکەوتی بێشەرمانە و بێدڵەڕاوکە لە گەڵ ئەم دووە، واتە بە پاراستن و دووپاتکردنەوەیان، یادەوەرییەکی حیماسی دەخەملێنێ کە وەک بینامین دە ڵێت: " سەرەکیترین توخمی ئیلهامدەری گێڕانەوەیە."



## «چەند تایبەتمەندی چیرۆکی ئێستای کوردی»

## ئەحمەد چاک

کاتێک کۆمەڵێک بەرهەمی هەمەچەشن و جۆراوجۆرت لەبەر دەست دایە و پێوەی ئەو فەزایەی کە ئەم بەرهەمانە سازیان داوە پێناسەی بکەی؛ تووشی گرفتگەلی زۆر دێیت . لەلایەکەوە هێندێک بەرهەم هەن کە شیاوی پەسن و پێداهەڵکوتنن، لەو لاوەش تاقمێکت بەرهەم لەبەر دەست دایە کە لاوازن، شتێکی ئەوتۆیان پێ نییە ئاڕاستەی کەن، دیسانەوەش هەمووی بەرهەمەکانت بۆ کۆ نابێتەوە؛ کە بتوانی بە کەیفی دڵی خۆت شەن و کەویان بکەی و پێناسەی ئەو فەزا گشتی و تایبەتییە بکەی کە ئەو بەرهەمانەی تێدا خولقاوە.

هەمووی ئەوانە لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە هیچ کەس دەرفەت و توانایی ئەوەی نییە دانەی ئەو بەرهەمانە پێناسە بکات؛ چوون کاتێکی زۆری دەوەی و سەرچاوەیەکی بێکۆتایی لەم بەرهەم و ئاسەوارانە پێویستە.

لە وەها هەلومەرجێکدا پێویستیمان بە مێتۆدێکە کە بتوانێ لەلایەکەوە گرفتی کەمیی سەرچاوەمان بۆ قەرەبوو بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بتوانێ هەر بەو سەرچاوانەی لەبەر دەستی دایە دەروویەکی ڕوون بکاتەوە بۆ ناسین و پێناسە کردنی نیزامێکی تایبەت.

پێکهاتەخوازی دەتوانێ شێوازێکی باش بێ بۆ دەستەبەر کردنی ئەم ئامانجە .چوون لەم شێوازەدا نیزام گرینگە نەک تاک تاکی بەشەکانی نیزامەکە؛ لەلایەکی دیکەشەوە بۆ تاووتوێ کردنی بەرهەمەکان لە سیستەمی هاوکاتی کەڵک وەردەگرێ؛ واتە ئەو بەرهەمانەی کە حازرن لەبەر چاو دەگرێ و گوێ بۆ غیاب شل ناکات .هەر بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی سەردەم بەم شێوازە هەڵسەنگێنین .ئێمە هەوڵ دەدەین تایبەتمەندی ئەو چیرۆکانە بخەینەڕوو و لەبەر تیشکی ئەو تایبەتمەندییانەوە گرفت و خاڵە باشەکانی چیرۆکی سەردەم پێناسە دەکەین.

یەکێک لە گریمانەکانی پێکهاتەخوازی ئەوەیە کە بۆ تاووتوێ کردنی هەموو دیاردەیەکی فەرهەنگی تایبەت، باشتر وایە ئەو نیزامەی کە ئەو دیاردانەی لەخۆوە گرتووە بێتە سەر خوانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە؛ نەک تاک تاکی بەشەکانی. هەر لە

سەر ئەو ڕێوشوێنە ئێمەش کۆی ئەو چیرۆکانەی کە لەم دوایەدا نووسراون لەبەر چاو دەگرین و هەوڵ دەدەین تایبەتمەندییەکانی گشتی چیرۆکی کوردی بە خوێنەرانی خۆمان بناسێنین. [١]

چیرۆکی کوردی ئەم دوایانەی کوردستانی ئێران دەتوانێ خاوەنی هێندێک خاڵی ئەرێنی یان نەرێنی بێ کە بە گشتی بە هەموویانەوە دەتوانن نەخشە و فەزای ئەم دیاردە فەرهەنگییەمان بۆ وێنا بکەنەوە .ئەو خاڵانەی کە دەتوانین ئاماژەیان پێبکەین ئەمانەن:

کەسایەتی :(character) لەم بەشەدا دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکانە خاوەنی کەمایەسییەکی گەورەن .لە کەمتر چیرۆکدا کەسایەتییەکی وا دەبینین کە بە شێوەیەکی باش کارتێکەری لەسەر زەین و ڕەوانی خوێنەر جێهێشتبێ .ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سرنجی شاکارە گەورەکانی جیهانیی بدەین دەبینین کە کەسایەتی لەواندا ڕۆڵێکی حاشا هەڵنەگری هەیە هەتا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت ناوی ئەو چیرۆکانە لە ناوی کەسایەتییەکانیانەوە وەرگیراونەتەوە) .بۆنموونە مادام بواری و حەمە دۆک و ئانا کارنینا و (...لە زۆربەی ئەم شاکارانەدا کردە و ڕەوشتی کەسایەتییەکان لە زەینی خوێنەردا تەتەڵە دەکرێن و دەبنە هێمای خەون و ژیانی .بۆ نموونە کێ هەیە) جینایەت و سزای (داستایوسکی نەخوێندبێتەوە و بیری لە خولیاکانی) راسکۆلنیکۆف (نکردبێتەوە . یان کەسایەتییەکانی) موحاکەمە و دیوار و کۆشک و تاعوون و (...دەیان شاکاری دیکە دنیا.

ئەمە لەکاتێک دایە کە کەمتر رۆمان و چیرۆکی کوردی دەبینین کە کەسایەتییەکەی لە زەینی جەماوەردا تەتەڵە کرابێ یان تەنانەت درەنگ لە بیر چووبێتنەوە .جگە لە چەند نموونەی دەگمەنی وەکوو) هەڵاڵە یان میرزا .(کەسایەتی ئەو کەسەیە کە نووسەر دەتوانێ ئەرکی بەرەوپێش چوون و بزاڤی چیرۆکەکەی بخاتە ئەستۆی بەڵام لە زۆربەی ئەم چیرۆکانەدا فەزای چیرۆکەکە هێندە لێڵە و ڕێگای گێڕانەوە هێندە ناهەموارە کە کەسایەتی تێیدا ون دەبێ و خوێنەریش سەری لێدەشێوێ .هەڵبەت با ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەمە جیا لە فەننی نووسین و تکنیکی چیرۆکە .خاسییەتی تکنیک وایە کە فەزای بەرهەمەکە لێڵ دەکات بەڵام دواتر کە خوێنەر توانی ڕاڤەی بکات چێژی جوانیناسانە لە ئامێزی دەگرێ؛ بارت گوتەنی پێی کەیف خۆش دەبێ.

هۆکارێکی دیکەی ئەم دیاردەیە دەتوانێ ماناتەوەری ئەم دەقانە بێ کاتێک تۆ بیر لە مانا دەکەیتەوە و بەردەوام پێوەی تەنیا پەیام و ڕازی دڵی خۆت لە بەرهەمەکەدا بگەیەنی ناتوانی کەسایەتییەکی هەرمان بخوڵقێنی؛ ئەگەر گێڕانەوە و تکنیکەکانی نەیەنە یارمەتیت ناتوانی کەسایەتییەکی بێ وێنە بەدی بێنی.

ئاڵۆزی :(ambiguity)لەم چەند ساڵەی دووایيدا کۆمەڵێک چیرۆک هاتنە کایەوە کە خاوەنی فەزایەکی ئاڵۆز و دونیایەکی فانتازیا و تژی لە خەون و خەیاڵ بوون ئەمە دەتوانێ چەن هۆکاری هەبێ:

١ -یەکێک لەم هۆکارانە ئەوەیە کە شوێن لەم چیرۆکانەدا جێگایەکی دیاریکراوی نییە و تەنانەت لە زۆر چیرۆکدا لەگەڵ ناشوێن سەروکارمان هەیە؛ لەم چیرۆکانەدا ڕووداوەکان لە شار و گوندەکاندا ڕوودەدن بەڵام ڕوون نییە ئەو شار و گوندانە لە کوێن.

٢ -هۆکارێکی دیکەی ئەم دیاردەیە دەتوانێ ئەوە بێ کە چیرۆکی بەرەی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر کاریگەری چیرۆکەکانی سادیقی هیدایەت و کافکا و ...دابووە و دەشزانین لەم چیرۆکانەدا لایەنی دەروونناسی زۆر بە هێزە و زمانی ئاڵۆز و پڕ گرێ و گۆڵ باشتر دەتوانێ لەگەڵ لایەنە شاراوەکانی ڕەوان و زەینی نووسەر و خوێنەردا یەک بگرێتەوە.

٣ -هۆکارێکی دیکە دەتوانی پارادایمی جیهانی سەردەم بێ؛ لەم جیهانەدا بەرهەمە ئەدەبییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ دیاردەی ئاڵۆزی و ئیبهام ئاوێتەن؛ بە شێوەیەک کە دەتوانین بڵێین یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هونەری مودێڕن ئاڵۆزییە.

کێشەی دیالۆگ :(dialogue)دیالۆگ یەکێکە لە ئاشکراترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆک، ئەم توخمە دەتوانی پێوەندی کەسایەتییەکان وێنا بکات و ڕۆڵ و شوێن و پێگەی هەرکامیان ئاشکراتر بکات .دەتوانێ بیروڕای کەسایەتییەکان ئاشکرا بکات . ئەگەر ئەم دیاردەیە بە باشی لە چیرۆکدا ئاڕاستە کرابێ، دەتوانێ ئێمە لە قەڵافەت و ڕەوانی کەسایەتییەکانی چیرۆک ئاگادار بکاتەوە و لایەنی کۆمەڵایەتی قارەمانەکانمان بۆ دیاریی بکات.

کاتێک سرنج دەدەینە سەر زمانی کووردی و دەوڵەمەندی ئەو زمانەمان بە هەموو دیالێکتەکانییەوە بەر چاو دەکەوێ و کاتێک گوێ لە بەربڵاوی زمانی شەقام و کۆڵانی شار و دێهاتەکانی ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەگرین، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە چیرۆکەکانی ئەو زمانە خاوەنی دیالۆگێکی دەوڵەماند و هەمە چەشنییەکی باش بن؛ بەڵام بەداخەوە زۆربەی جاران ئەو چاوەڕوانییە بەدی نایە .زۆر جار دەبینین شوان و سەپان و ڕنجبەر و ئاغا و نۆکەر و بەزاز و مامۆستا وەک یەک دەدوێن .زمانی پیرێژن و فەیلەسووف لێک ناکەیتەوە؛ لە جیاتی هێڵێکی مارودووی بەرز و نەوی هێڵێکی ڕاستی بێ گرێ دەبینین کە بەڕاستی خوێنەر ماندوو دەکات.

هەمووی ئەوانە ڕەنگە لە کۆتاییدا بگەڕێنەوە سەر ڕاوێژ) لحن (وەک چۆن لە ناو کۆمەڵگادا هەر کەسەی خاوەنی ڕاوێژی تایبەتی خۆیەتی و بە پێی ئەو پێگەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی خاوەنی ڕاوێژی تایبەتی خۆیەتی؛ کەسایەتییەکانی چیرۆکیش دەبێ خاوەنی لەحن و ڕاوێژ و گفتی خۆیان بن.

نووسەر دەبێ گوێ بەزەنگ بێ و لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا هەست ڕاگرێ و تەماڵچی ئەو ڕاوێژانە بێ کە خەڵکی بە کاری دێنن و لە کۆتاییدا پەلاپیتکەی سەرنجی بجووڵێنێ و باشترین نێچر بخاتە هەمبانەی ئەزموونییەوە.

یەکێکیتر لە هۆکارەکانی ئەم خەسارە دەتوانێ جیاوازی نێوان زمانی ئیستاندارد و زمانی ناوچە جۆراوجۆرەکان بێ؛ کە ئەوەش هیچ گرفتێک بەدی ناهێنێ چوون لەلایەکەوە لە زمانی داهێنەرانەدا ئەو زمانە ئەگەر لەکاریش نەکرێ زۆر کێشە نانێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە تەنیا لە دیالۆگ و ئاخاوتنەکاندا زۆرمان پێویستی بەم چەشنە ڕاوێژە ناوچەییانە هەیە.

زمانی پەتی :ئەگەر سەرنج بدینە سەر زمانی کووردی وبمانهەوێ دوو قۆڵی مەزنی ئەدەبی ئەو زمانە لە بواری پەتی بوونی زمانەوە هەڵسەنگێنین؛ دەبینین کە بە پێچەوانەی شێعر، چیرۆک هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە خاوەنی زمانێکی پەتی و بێ خەوش و جوان بووە.

هەر وەکوو دەزانین شێعری کوردی) جگە لە شێوەزاری هەورامی (لە ژێر کاریگەری خەستی ئەدەبیی دراوسێکانی خۆیدا بووە؛ ئەم کاریگەرییانەش زیاتر وای کردووە کە وشەی ڕەسەنی کووردی کەمتر لە شێعردا ببینین .لە قۆناخی یەکەمی شێعری کلاسیکی کووردیدا بە ڕێژەیەکی زۆر کەڵک لە وشەی عەرەبی و فارسی و تا ڕادەیەکیش تورکی وەرگیراوە .ئەم کارتێکەرییە تا ڕادەیەک بووە کە زۆربەی شاعیرانی ئەم قۆناخە لە پاڵ شێعری کووردی خاوەنی شێعری فارسیش هەن.

بەڵام بە سێ هۆکار چیرۆکی کووردی لەم کارتێکەرییانە دوور بووە:

یەکەم :ئەوەی کە مێژووی دەسپێکی نووسینی چیرۆک لەم زمانانەشدا ڕەنگە هاوشانی چیرۆکی کووردی بێ .دەشزانین کە زمانی چیرۆکی دراوسێکانیشمان لە قۆناخی پاش کلاسیکی ئەدەبی خۆیاندا هاتوونەتە ئاراوە و زیاتر بایەخیان بە زمانی ساکار داوە . ئەوان لە چیرۆکدا کەمتر لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا ماونەتەوە.

دووهەم: ئەوەی کە دەسپێکی نووسینی چیرۆک لە کوردستاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی نوێگەری لە شێعردا هاوئاهەنگە و دەشزانین کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری نوێی کووردی زمانی ساکار و دوور لە کارتێکەری وشەی لاوەکییە.

سێهەم :زمانی پەخشان و شێعر جیاوازییان پێکەوە هەیە و لە پەخشاندا تەنگنای وشە بوونی نییە و بگێڕەوە دەتوانێ لە زمانێکی ساکار بۆ نووسین کەڵک وەربگرێ.

ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی ئێستای کوردیشدا هەر ماوەتەوە .کاتێک سەرنج دەدەینە چیرۆکی ئەم سەردەمانەی خۆمان کوردییەکی ساکاری بێ خەوش و گرێ و گۆڵ دەبینین . هاوارەبەرە و میرزای فەتاحی ئەمیری، باقەبێنی ئەحمەدی قازی، چیرۆکەکانی جەلالی مەلەکشا، بریا کاکەسوری، تۆقی عەزازیلی سەید قادری هیدایەتی و ...دەیان نموونەی دیکە .کە دەتوانین وەکوو خاڵێکی ئەرێنی باسی لێوە بکەین.

هەتا ئێرە بە گشتی هەوڵم دا بە پێی دەرفەت و توانایی خۆم چەند لایەنێک لە تایبەتمەندییەکانی چێرۆکی کوردی ئێستای خۆمان باس بکەم .جا چەند توانیبێتم خاڵەکان بە باشی بپێکم ئەوە دەمێنێتەوە و خوێنەری بەڕێز بڕیاری لەسەر دەدات .من وەکوو زۆر کەس ناکەم کە یەکسەر ڕەفزی هەموو شتێک و هەموو کارێک و هەموو بەرهەمێک دەکەنەوە و پێیان وایە چیرۆکی کووردی هیچی نەکردووە .من وام پێ باشە ئاسۆ ڕوون ببینم و ئەو فەزایە بە فەزایەکی باش دابنێم کە کەموکوورتیشی تێدا هەیە.

[١]درآمدی بر نظریەها و روشهای نقد ادبی -چارلز برسلر صفحه ١٣١

سەرچاوەکان:

١ -درآمدی بر نظریەها و روشهای نقد ادبی -چارلز برسلر -ترجمەی مصطفی عابدینی فرد و ویراستاری دکتر حسین پاینده -انتشارات نیلوفر -چاپ اول پاییز١٣٨٦

٢ -واژه نامه هنر داستان نویسی -جمال میرصادقی و میمنت میر صادقی -چاپ کتاب مهناز -چاپ دوم نوروز١٣٨٨

٣ -لە باسی کەسایەتیدا کەڵکم لە وتەکانی کاک ڕەحیمی عەبدوڕڕەحێم زادە وەرگرتووە.



## «خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی چیرۆکی کوردی»

## رەحیم عەبدولرەحیم زادە

### هەڵکشان بەرەو لوتکە

هەر چەن تەمەنی چیرۆکی کوردی بە گشتی لە سەدەیەک تێ-ناپەڕێ و ئەم تەمەنە کورتە تەنانەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیسان کەمتر دەبێتەوە و دەگاتە نیوە سەدەیەک، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە بۆنەی زۆر هۆکار کە شایەد گرینگترینیان رەوتی خێرای ئاڵ و گۆڕە کان بێ، ئەم تەمەنە کورتە، تەمەنێکی زۆر پڕ هەڵس و کەوت و تژی گۆڕانکاری بنەڕەتییە.

هەر لە یەکەم چیرۆکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان واتە پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی تا کارەکانی ئێستا، چیرۆکی کوردی قۆناغی جیا جیای بڕیوە و شێواز و فۆرمی جیاوازی تاقی کردۆتەوە .لەم وتارە کورتەدا کە رەنگە تەنیا سەرەتایەک بێ بۆ پۆلێن کردنی چیرۆکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان حەول دەدەین ئەم قوناغە جیاوازانە دیاری بکە ین و بە کورتی لە سەریان بدوێین.

هەر چەن شایەد دابەش کردنی چیرۆک بە پێی زەمان و کاتی خولقانی چیرۆکەکان، دابەش کردنێکی پڕ بە پێست نەبێ و کەم و کوورپییەکی زۆری بێتەوە سەر، بەڵام لەو رووەوە کە هونەر بە گشتی و چیرۆک بە تایبەت گرێ دراوە بە کات و شوێنی خولقانیەوە و هەر چیرۆکێک بە پێی فۆرم یان ناوەرۆک ئاوێنەی باڵانوێنی زەمانی خۆیەتی و دیسان لەو رووە وە کە تەنانەت لە فۆرمالیستی-ترین شێوازی لێکدانەوەش-دا دیسان لە گەڵ چەمکێک بە ناوی ماکی سەرەکی (عنصر غالب -عامل مسلط) هەیە کە باس لە بوونی هێندێ تایبە تمەندی سەرەکی لە هونەری هەر سەردەمێک-دا دەکا، هەر بۆیە دابەش کردنی زەمانی لەم نووسراوەیەدا لە هەمان کات-دا دەتوانێ دابەش کردنێکی تێماتیک و تەنانەت فۆرمالیستیش بێ. چما هەر سەردەمانێک تێم و فۆرمی تایبەت بە خۆی بەدی دێنێ کە تایبەت بەو شوێن و کاتەیە.

ئێستا و دوای ئەم سەرەتا کورتە چ بە پێی کات، چ بە پێی ناوەرۆک و چ بە پێی فۆرم، چیرۆکی کوردی دەتوانین بە سێ قۆناغی دیار و بەرچاو دابەش بکەین:

**١- سەرەتای چیرۆکی کوردی لە ساڵەکانی ١٣٢٠ تا سەرەتای ١٣٧٠ ی هەتاوی**

**٢- لە سەرەتای حەفتاکان تا نێوەراستی هەشتاکان**

**٣- لە نێوەراستی هەشتاکانەوە تا ئەمرۆ**

لە درێژەی وتارەکەدا هۆکارەکانی ئەم دابەشکردنە و هەروەها تایبەتمەندییەکانی هەرکام لەو سێ قۆناغە دەخەینە بەرباس، بەڵام بەر لە هەر باسێک پێویستە دوو خاڵی زۆر گرینگ هەر لە ئێستاوە روون کرێتەوە :یەکەم ئەوەی کە هەرکام لەم قوناغانە زۆرجار تێکەڵاوی یەکدی دەبن و سنووری هاوبەشیان هەیە و رەنگە چیرۆکێک لە حەفتاکان-دا نووسرابێ بەڵام تایبەتمەندی چیرۆکی ئەمرۆی هەبێ یا خۆ چیرۆکی ئێستا بێ بەڵام تایبەتمەندییە کانی قۆناغی یەکەم تێیدا بەرچاوتر بێ. کەوابوو ئەم دابەشکردنە کاتییە، دابەشکردنێکی موتڵەق نییە و رەنگە لە هێندێ شوێن هەرکام لە قۆناغەکان ئاوێتەی یەکدی بن، بەڵام ئەم راستییەشمان نابێ لە بیر بچێتەوە کە پۆلێن کردن باس لە گشتە هاوبەشەکان دەکا نەک تاکە جیاوازەکان.

دووهەم خاڵێک کە بەر لە لێکدانەوەی قۆناغەکان پێویستە لە بەرچاو بگیرێ ئەم راستییەیە کە رەنگە نووسەری ئەم دێڕانە هەموو چیرۆکە بڵاوکراوەکانی ئەم حەفتا ساڵەی نەخوێندبێتەوە یان بەرچاوی نەکەوتبێ یان هێندێکیانی ئەمرۆ بۆ بەراوەرد کردنەوە لە بەر دەست نەبووبێ. کەوابوو وتارێکی ئاوەها کورت هیچ کات ناتوانێ بە شێوەیەکی گشتی و بە تێر و تەسەلی لە سەر بابەتێکی ئاوها بدوێ و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد ئەمە تەنیا سەرەتایەکە بۆ ناسین و دابەشکاری چیرۆکی کوردی ئەگینا ئەمە باسێکە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵتر و درێژخایەنتر هەیە و هیوادارم ئەمە هەنگاوێک بێ بۆ باس کردنێکی چڕ و پڕتر لە سەر ئەم بابەتە.

**قۆناغی یەکەم: ریئالسمی کۆمەڵایەتی**

قۆناغی یەکەم کە دەتوانین وەک چیرۆکی ریئالیسمی کۆمەڵایەتی ناودێری بکەین لە سەرە تاکانی ١٣٢٠ دەست پێ دەکا و تا سەرەتی حەفتاکان درێژەی هەیە .ئەم قۆناغە، پچڕ پچڕ و لێک بڵاوە و لە ماوەی نیوە سەدەیەک-دا ئەژماری بەرهەمەکانی بە هۆی هێندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئێجگار کەمە، بەڵام هەر لەم ئەژمارە کەمەش-دا هێندێ تێمی هاوبەش وەدەر دەکەون کە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە پێکەوە گرێ دەدەن:

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بە گشتی چیرۆکی ریئالیستین واتە لە واقیعەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەرگیراون .کەسایەتی ئەم چیرۆکانەش هەمان کەسایەتی ئاشنای ناو کۆڵان و شەقامەکانی کۆمەڵگان و تەنانەت زۆربەیان لە چین و توێژە بندەست و هەژارەکانی کۆمە ڵگا وەرگیراون .چیرۆکی ئەم قۆناغە لە کات و شوێنی راستەقینەدا روودەدا و زۆرجار پشت بە مێژوو دەبەستێ تەنانەت لە رۆمانێکی وەک پێشمەرگەی رەحیم قازی کە دەتوانین وەک یەکەم رۆمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناوی بێنین، رووداوێکی تایبەتی مێژوویی دەگێڕێتەوە.

تێمی دڵداری و ئەویناری یەکێک لە تێمە بەرچاوەکانی ئەم قۆناغەیە، بەڵام دڵدارییەک کە کەوتۆتە بەر تەوژمی رقی دەسەڵاتەوە کە بە تایبەت لە دەسەڵاتی فیۆدالەکان-دا رەنگ دەداتەوە و هەر بۆیە زیاتر دڵدارییەکی ناکامە و دەبێتە هۆی شۆڕشی کەسایەتی سەرەکی دژ بە دەسەڵات .ئەم چیرۆکانە قارەمان تەوەرن و قارەمانی چیرۆکەکان قەڵافەتێکی ئوستوورەییان پێ دەبەخشرێ .تێمی دڵداری قارەمانانە بە تایبەت لە کارەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی زۆر تێمێکی بەرچاوە و لە زۆرینەی کارەکان-دا بەدی دەکرێ.

جیا لەم تایبەتمەندییە تێماتیکانە، هێندێ تایبەتمەندی فۆرمال لە نێوان چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا بەدی دەکرێ و بەم پێیەش چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە دەتوانین بخەینە چوارچێوە یەکەوە:

کات لە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەدا کاتێکی هێڵییە و نووسەر حەولێکی بۆشکاندنی هێڵی کات نەداوە. بەم پێیە پلاتی چیرۆکەکانیش پلاتێکی هێڵییە و گێڕانەوەی .... ١،٢،٣،٤ بە کار هاتووە واتە رووداوەکان دوا بە دوای یەک و بە پێی هێڵی زەمان دێن و هەر رووداوێک لە دڵی رووداوی پێش خۆی-دا دەگوورێ. روانگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکان زانای گشتییە کە ئاگاداری هەموو رووداوەکانەو بۆ بەردەنگێکی نادیاری دەگێڕێتەوە. دەروونناسی لەم چیرۆکانە لە ئاستێکی زۆر کەم کەڵکی لێ وەردەگیرێ و زیاتر چیرۆک بایەخ بە کۆمەڵناسی دەدا هەر بۆیە رۆچوون بۆ ناخی کەسایەتی لەم چیرۆکانەدا کەمتر دەبینین و زیاتر چیرۆکی ئەکت و عەمەلن و رووداوی گەورە و بە ریتمێکی توند لە چیرۆکەکان-دا دێنە گۆڕێ.

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە زیاتر لە هەر شتێ کەڵکەڵەی زمانیان هەیە و حەول بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی و پەتی نووسین دەدەن. واتە زیاتر لەوەی تکنیکەکانی چیرۆک و گێڕانەوە لای ئەم نووسەرانە بایەخی پێ بدرێ، زمان ئەویش نەک زمانی چیرۆکی بەڵکوو کەڵک وەرگرتن لە زاراوە کۆن و لەبیرەوەچووەکان گرینگە. لە هەمان کات-دا زمانی زۆرینەی ئەم

چیرۆکانە زمانێکی لادێیە نەک زمانێکی شارستانی و زاراوەکان لە دڵی کەلەپووری وەرزێری و لادێیەوە هەڵدەقوڵێن.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم چیرۆکانە ئەدەبیاتی رۆمانتیک و ریئالیستی سەدەی نۆزدەهەمی رۆژئاواییە و زۆریەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دوو شێوازە دەتوانین لە چیرۆکانەدا بدۆزینەوە، بەڵام لە کارەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی و ساڵەکانی شەست و سەرەتای حەفتادا، رەنگدانەوەی ئەدەبیاتی دراوسێ بە تایبەت ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ و کلیدەری مەحموودی دەوڵەت ئابادی بە ئاشکرایی بەم چیرۆکانەوە دیارە.

بەرچاوترین کارەکانی ئەم قۆناغە جیا لە کارە سەرەتاییەکان وەک کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی و پێشمەرگەی رەحیم قازی دەتوانین ئاماژە بە باقەبێنی ئەحمەد قازی، هاوارە بەرە و میرزای فەتاح ئەمیری، هەزار ئەشکەوتی عومەر مەولوودی و خەوەژاوی ناسر وەحیدی بکەین.

## چیرۆکی مودێرن و گەڕانەوە بۆ ناخ

قۆناغی دووهەم کە دەکرێ وەک چیرۆکی مۆدێرن و شەپۆلی زەینی یاخۆ چیرۆکی ئێکسپێرسیونیستی ناودێری کەین لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتا دەست پێدەکا و لە ماوەیەکی کەم خایەنی دە ساڵەدا زۆر بە تەوژم دێتە پانتای چیرۆکی کوردی و رەنگە بە قەت هەموو پەنجا ساڵی رابردوو و بگرە زیاتر بەرهەمی لێ دەکەوێتەوە.

ئەم قۆناغە لە سەر دەستی هێندێ نووسەری لاو بەدی دێ کە لە گەڵ ئەدەبیاتی مودێرنی رۆژئاوا و ئێران ئاشنا بوون و دەیانهەوێ ئەم ئەزموونە نوێیانە راگوێزنە ناو چیرۆکی کوردییەوە.

لە روانگەی تێماتیکەوە نووسراوەکانی ئەم قۆناغە زیاتر باس لە مرۆڤێکی هەرەس هێناو دەکەن، مرۆڤێکی تەنیا کە لە جیهانی دەرەوە دابڕاوە و پەنای بردۆتە بەر جیهان و بیر و خەیاڵاتی خۆی. کەسایەتی ئەم چیرۆکانە -ئەگەر بکرێ ناوی کەسایەتی لێ بنێین -زیاتر کەسایەتییەکی نووسەر و رووناکبیر و شاعیرە کە کۆمەڵگا تەرەی کردووە و نە ئەو لە کۆمەڵگا حاڵییە و نە کۆمەڵگا لەو. تێمی سەرەکی ئەم چیرۆکانە زیاتر لەوەی تێمێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان مێژوویی بێ تێمێکی دەروونناسانەیە و جیهانی دەرەوەش لە روانگەی ئەم تاکەوە نیشان دەدرێ و هەر بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکی ئەم قۆناغە ئێکسپێرسیۆنیستییە. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بایەخێکی زۆر بە خەیاڵ و فانتازیا دەدەن بەڵام فانتازیای ئەم چیرۆکانە فانتازیایەکی سەرخۆش نییە بەڵکوو زیاتر بەرەو گرۆتێسک

و خەیاڵێکی مۆتەکەئاسا دە لە بواری فۆرمیشەوە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە هێندێ تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە، چیرۆکی بێ کات و شوێنن واتە هیچ کات و شوێنێ دیاریکراویان نییە و دەکرێ لە هەر شوێن و کاتێک-دا روو بدەن. ئەم چیرۆکانە چیرۆکی کەسایەتی نین و کەمترین ئەژماری کەسایەتی دێنە پانتای چیرۆکەوە و بگرە زۆرینەی چیرۆکەکان تەنیا لە یەک کەسایەتی کەڵک وەردەگرن کە ئەو تاقە کەسایەتییەش زیاتر تایبەتمەندی تیپی هەیە. ئەم چیرۆکانە زیاتر لە هەر شتێ بایەخ بە کەش(فضا) دەدەن و کەشی چیرۆکەکان زیاتر کەشێکی پڕ لە خولیا و کابووس و مۆتەکەیە و جیهانێکی وگران نیشان دەدەن.

چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە چیرۆکی مۆنۆلۆگن نەک دیالۆگ چما دیالۆگ لەم چیرۆکانەدا لە کەمترین ئاست-دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ و نووسەر یان کەسایەتی سەرەکی زیاتر لەگەڵ خۆی دەدوێ. هەر بەو پێیەش وێژیار (راوی) ئەم چیرۆکانە زیاتر وێژیاری یەکەم کەسی تاکە و زۆرینەی چیرۆکەکان لەم روانگەیەوە دەگێڕدرێنەوە.

زمانی ئەم چیرۆکانە هەرچەن زمانێکی شارییە، بەڵام رەنگە وەک چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم زمانێکی کوردی پەتی نەبێ و تەنانەت هێندێ جار هەڵەی زمانی و رێزمانی تێدا بەرچاو دەکەوێ .چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەم گرینگییەکی ئەوتۆ بە خوێنەر نادەن و هێندە دەربەستی چێژ بەخشین بە خوێنەر و ساز کردنی پەیوەندییەکی پتەو لە گەڵ خوێنەر نین.

پلاتی ئەم چیرۆکانە پلاتێکی دژوار و پێچەڵاوپووچە و گێڕانەوە دەتوانێ لە هەر بڕگەیەکی رووداوەکانەوە دەست پێ بکاو هیچ کاتێکیش بە ئامانج و ئاکامێک نەگا. کات بە شێوەی هێڵی دانەرێژراوە و زۆر جار کۆتایی و سەرەتای چیرۆک لێک هەڵنابوێردرێن واتە پێکهاتەی گێڕانەوە لە زۆری چیرۆکەکان-دا پێکهاتەی جەغزییە .ئەم پلانە دژوارە و ئەم پێداگرییە لە سەر لێڵ بوون و تەماوی بوونی چیرۆک وا دەکا هێندێ جار لە جێی چیرۆک تووشی جۆرێک مەتەڵۆک و پازێل ببین. لە هەمان کات-دا ئەم چیرۆکانە بە دوای ئەزموون کردنی شێوازی تازەوەن و ئەم تازەگەرییە هێندێ جار سەکەوتوو دەنوێنێ و هێندێ جار تووشی هەڵە دێت.

سەرچاوە گرینگەکانی ئەم قۆناغە، چیرۆکی مودێرنیستی رۆژئاوایی وەک کارەکانی فرانتس کافکا، ساموئگل بێکێت و ئەگەر هێندێ بگەرگینەوە دواوە رۆمانەکانی داستایوسکییە .بەڵام رەنگە زیاترین کارتێکەری لە سەر ئەم قۆناغە چیرۆکەکانی سادقی هیدایەت و بە تایبەت کوندی کوێر بووبێتی.

ئەم قۆناغە سەرەتا بە هێندێک لە کورتە چیرۆکەکانی گۆڤاری سروە و بە تایبەت کارە کانی محەممەد رەمەزانی و جەلال مەلەکشاوە و دواتر لە دوو کۆمەڵە چیرۆکی تەنگانە و زریکەی عەتا نەهایی و رۆمانی شار بەدەری حوسێن شێربەگی-دا خۆی نیشان دا. رەنگە گرینگترین مەکۆی ئەم قۆناغە شاری بۆکان بووبێ و زیاترین نووسەرانی سەر بەم قوناغە لەم شارە سەریان هەڵدابێ کە بەرچاوترینیشیان ئەمانەن: بریا کاکەسووری و کۆمەڵە چیرۆکی سیاسووت، حەمەدەمین شامحەممەدی و کۆچیرۆکی قەڵا، دوو کۆمەڵە چیرۆکی خۆری ١ و ٢ ، هاوار ناسر وەحیدی و هەروەها نووسەرانی وەک سولەیمان عەبدولرەحیم-زادە، عەلی غولامعەلی، قادر هیدایەتی، عەزیز مەحموودپوور، رەحیم عەبدولرەحیم-زادە، سەدیق رەسووڵی، ئەمجەد غولامی، کەریم رەحیمی و دەیان نووسەری-تر بەڵام شوێن پێی ئەم قۆناغە دەتوانین لە شوێنەکانی-تری کوردستانیش بدۆزینەوە و ئاماژە بە هێندێ نووسەری وەک تەوفیق موشیرپەناهی، شارام قەوامی، عەلی دەسماڵی، مەنسوور تەیفووری، ناسر باباخانی و .....بکەین کە لەو ساڵانەدا چیرۆکەکانیان لە گۆڤارەکانی وەک رامان، ئێستا، ئایندە و گەلاوێژی نوێ لە باشووری کوردستان و هەروەها چەن ساڵی سەرەتایی فستیواڵی چیرۆکی بانە وەبەرچاو دەکەوت.

**چیرۆکی نوێی کوردی**

قۆناغی سێهەم کە دەکرێ وەک چیرۆکی نوێی کوردی ناودێری بکەین و بە تایبەت لە سەر پاشگری کوردی پێداگری بکەین، قۆناغێکە کە لە نێوەراستەکانی ٨٠ وە دەست پێ دەکا و تا ئەمرۆش هەر بەردەوامە. رەنگە قسە کردن لە سەر ئەم قۆناغە لە هەردوو قۆناغە کەی-تر دژوارتر بێ چون هێشتا لە ناوی-دا دەژین و مەودامان لێ نەگرتووە تا بتوانین بە گشتی و بەربڵاوی سەیری بکەین و تایبەتمەندییەکانی لێک دەینەوە .رەنگە هێشتا زۆر یەک لە کارە باشەکانی ئەم قۆناغەش بە هۆی دژوار بوونی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کوردی لەم ساڵانەدا هیشتا نەکەوتبێتە بەر دەستی خوێنەر، بەڵام لە بەر نووری ئەو تیشکانەی تا ئێستا دەرکەوتوون حەول دەدەین سەرنجێکی خێرامان لە سەر ئەو قۆناغەش هەبێ و باسی بەربڵاوتری ئەم قۆناغە رادەگرین بۆ داهاتوو.

چیرۆکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ساڵە پڕ هەڵڵا و هەنگامەکانی حەفتاکان، چەن ساڵێک تووشی بێدەنگی و کپ کڕی هات. زۆر یەک لە گۆڤارەکان وەک سروە و ئاوێنە و زرێبار بە یەگجاری یان بۆ ماوەیەک دەستیان لە کار کێشاوە .فستیواڵی چیرۆکی بانە تووشی راوەستان هات،کەف و کوڵی بڵاو کردنەوەی بابەت لە گۆڤارەکانی باشوور تا ئاستێکی زۆر نیشتەوە .ئەژماری بڵاوکردنەوەی کتێب بە رێژەیەکی زۆر هاتە خوارێ.

دەستە و دەستەبازی زۆر کەسی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان تاراند .هەر ئەم مەودایە کە رەنگە سەرەتا وەک خەسارێک بێتە بەرچاو، لە راستی-دا سوودێکی ئێجگار گەورەی بۆ چیرۆکی کوردی هەبوو. زۆری چیرۆکنووسانی قۆناغی یەکەم وبە تایبەت قۆناغی دووهەم لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە خۆیان-دا چوونەوە و دوای ئەم چەن ساڵ بێدەنگییە ئەو بابەتانەی لەم ساڵانەی دوایی هاتوونەتە پانتایی چیرۆکی کوردییەوە ئەم راستییە دەردەخا کە چیرۆکی کوردی خەریکە بەرەو پێش هەنگاو دەنێ.

لە بواری تێماتیکەوە چیرۆکەکانی ئەم دواییە زۆریان ئاوڕیان لە بابەتە کوردییەکان داوە تەوە و سووژە و کەسایەتی چیرۆکەکانیان لە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەڵقولاوە چ لە کۆمەڵگای هاوچەرخ و چ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو و فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی. کەسایەتی چیرۆکەکان لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا هەڵبژێردراون و فرە دەنگی و کەشی جیاواز لە چیرۆکەکانی ئێستادا زۆر بەرچاوترە .تەنانەت ئەو تێمانەی ئێستا نووسەرانی کورد هەڵی-دەبژێرن زۆر جیاواز و جۆراوجۆرە هەر ئەو نەبوونی هاوبەشییەکی بەرچاو لە تێم-دا خۆی بۆتە تایبەتمەندییەکی تێماتیکی بەرچاو لە قۆناغی سێهەمی چیرۆکی کوردی-دا. لە بواری فۆرمیشەوە ئێستا نووسەرانی قۆناغی دووهەم حەول دەدەن زیاتر لە فۆرمەکانی گێڕانەوەی کوردی وەک بەیت و شێوازە فۆلکلۆرییەکانی-تر نزیک بنەوە و بە شێوەیەکی مودێرن کەڵکی لێ وەرگرن کە دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمی وەک کارەکانی عەتا نەهایی لە گوڵی شۆران بەو لاوە، تۆقی عەزازیلی سەید قادر هیدایەتی و دۆنادۆنی حوسێن شگربەگی بکەین .نووسەرانی قۆناغی یەکەمیش حەول دەدەن لە گەڵ پاراستنی ماکی کوردی کارەکانیان زیاتر بەرەو شێوازە نوێیەکانی گێڕانەوە هەنگاو بنێن کە دەتوانین زیندەخەوی فەتاح ئەمیری وەک نموونە بهێنینەوە.

بڵاوبوونەوەی هێندێ کتێبی وەک پیاوێکی ریش خەنەیی عەزیز مەحموودپوور، کارەساتی جەلال مەلەکشا، خەونەکانی ئیقلیمی بای ناسر وەحیدی، تابووتی تەمەن و سەفەرنامەی دۆزەخی بریا کاکەسووری، چارەنووسی تاپۆکانی سولەیمان عەبدولرەحیم-زادە لەم ساڵانەی دوایی-دا ئەم راستییە دەردەخەن کە چیرۆکی کوردی تێهەڵچوونەوەیەکی دووبارە و گەرم وگوڕی بووە کە رەنگە لە گەڵ ئەو هەموو کەم و کووڕیانەی هەیەتی و و ئەو رەخنانەی لە سەریەتی هیوایەکی گەورەی بۆ داهاتووی چیرۆکی کوردی خولقاندبێ، هیوا بەوەی هەنگاوی ئەمجارەیان زۆر پوختتر و قایمترە و چیرۆکنووسان توانیویانە لە ئەزموونەکانی رابردوو کەڵک وەرگرن تا هەنگاوێکی-تر چیرۆکی کوردی بەرەو پێش ببەن. ئەمە و سەرهەڵدانی بەرەیەکی نوێ لە چیرۆکی کوردی-دا لە ناو لاوان ئێمە بە داهاتووی چیرۆکی کوردی ئێجگار گەشبین دەکەن.



# «خوێندنەوەی ئەدەبیاتی داستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»

## عەزیز مەحموودپوور

ڕۆژی شــەممە ١٣ی پووشــپەڕی ١٣٩٤ لە ژووری ئەنجـومەنـی ئەدەبیـی بۆکـان، کۆڕیک لە مەڕ «ڕەوتەکانی ئەدەبیاتی داســتانی لە کوردســتان» بە وتاربێژی عەزیز مەحموودپوور بەڕێوە چوو. لەم کۆڕەدا ئەم وتـارەی خـوارەوە لە لایەن وتاربێژی کۆڕەکە خوێندرایەوە.

لەسـەرەتادا باشـتر وایە وردە باسـێک سـەبارەت بە گێڕانەوە و چیرۆک بێتە ئارا و پاشـــان ئاورێکی بچووک لە چـاوگەکـانی چیرۆک لە بەســتێنە جیهانییەکەی بدرێتەوە و لە ئاکامدا بپەرژێینە ســـەر تەوەری ســـەرەکی باسەکەمان کە چیرۆکی کوردییە.

پرسـیار ئەوەیە کە چیرۆک چ دەورێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەگێڕێ و چ پێگەیەکی لە ژیانی فەرهەنگی ئێمە وەک تاکی ئینسانی هەیە؟

هەر وەک دەڵێن چیرۆک مانا بەخشـینە بە کردەوە پرش و بڵاوەکانی ئینســـان. ژیان وەختایەک فۆرمێکی مانادار پەیدا دەکا کە لە بەسـتێنێکی ڕیوایەتی ڕێک و پێکدا بیچم بگرێ و لەو حاڵەتە پرش و بڵاوییە بێتە دەرێ و لە فۆرمی زماندا لە یادەوەری گشـــتیدا جێگیر ببێت. لە حاڵەتی سروشتیدا زەمان پچڕ پچڕە، ئەوە گێڕانەوە و ئاوێتە کردنی لەگەڵ زمانە کە ئـاهـۆنـی دەکـاتەوە و دەیـکـاتە زەمانێکی عەینی و هەست پێکراو .ژیان و ژیانی ئینســـانی پڕاوپڕی ڕووداوە و دەکرێ ئەم ڕووداوانە لە قەوارە و قاڵبی چیرۆکدا بگێڕیەوە .گێڕانەوە، خەسڵەتی مێژوویی و لە مێژینەی ئینسانە .هەموو ژیانێک بە دوای ڕاوی خۆیدا دەگەڕێ. ژیان چیرۆکنووســـی خۆی دەوێ هەتا بیگێڕێتەوە .هەر ژیـانێـک لە نـاخی خۆیدا توانایی بە چیرۆک بوونی هەیە. تـالکین پێی وایە چیرۆک و گێڕانەوە شـــێوازێکن بۆ دەربڕینی ئـاوات و ئارەزووەکانمان، شـێوازێکن بۆ هەڵاتنی مەزن .هەڵاتن لە دەســت مەرگ ...کە وابوو چیرۆک هەنگاو نانە بەرەو ژیان و مـانەوەیەکـی بەردەوامە لە قـاڵـبـی زماندا...

بەم پێش باسە دێینە سەر ڕەوتی چیرۆک لە زەمینە گشتییەکەیدا کە زەمینەیەکی جیهانییە .ڕاسـت ئەوەیە کە چیرۆک و ڕۆمان دیاردەیەکی تەواو ڕۆژئاواییـن و لەوێرا خۆیـان گەیـاندۆتە ئێمە و ئێمە

ئەو فۆرمانە لە زمانی خۆماندا بەتاقی دەکەینەوە و خۆمانی پێ دەردەبڕین و پێ دەگێڕینەوە .ڕۆمان وەک فۆڕمێکی نوێ بۆ دەربڕینی ژیان و کردەوە ئینسانییەکان بە ڕۆمانی دۆنکیشۆتەوە سەری هەڵداوە، هەرچەند پێش لە دۆنکیشۆتیش وەها فۆڕمێک کاری پێکراوە و ڕۆمانی پێ گێڕدراوەتەوە بەڵام وەک فۆڕمێکی نوێ وەک ئەو شتەی کە پەسندی هەموانی وەدەست هێنا لە دۆنکیشۆتەوە دەست پێدەکا. ڕۆمان لە سەردەمی سێروانتسەوە هەتا ئێستا ئاڵوگۆڕی یەگجار زۆری بەسەردا هاتووە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو گۆڕانانە لە بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبی ڕۆژاوا یان زمانە ڕۆژاواییەکاندا ڕووی داوە .ڕۆمان نووسی سوننەتێکی ڕۆژئاوایی و فۆرمێکی بە تەواوەت ئورووپاییە. هەروەها کورتەچیرۆکیش؛ کە زۆرترین لەنگەری ئێمە لەسەر ئەوە و گێڕانەوەی کوردیش زۆرترین دەسکەوتی لەم بوارەدا بووە؛ فۆرمێکی بە تەواوەت ڕۆژاوایی و ئورووپاییە، مێژووی کورتە چیرۆک لە چاو ڕۆمان مێژوویەکی کورت‌ترە و یەکەم کورتە چیرۆکەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدە و لە لایەن ئالێنپۆ و گۆگۆلەوە نووسراون. گۆگۆل بە باوکی کورتە چیرۆک ناسراوە و ئالێن پۆ یەکەم کەس بووە کورتە چیرۆکی تیوریزە کردووە و تیوری لەسەر نووسیوە. کاریگەری گۆگۆل لەسەر ئەدەبی جیهانی بە گشتی و ئەدەبی ڕووسی بەتایبەت، بە شێوەیەک بووە کە زۆربەی نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی ڕووس ئەویان بە پێشەنگ و قافڵەسالاری خۆیان قەبووڵ بووە. گۆگۆل کاریگەرییەکی بەردەوامە و ئێستاش کە ئێستایە کاریگەری لەسەر تەواوی ئەو نووسەرانە هەیە کە چیرۆکەکانی دەخوێننەوە. لە پاش ئەم دووانە مووپاسان یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی کورتە چیرۆکە کە کاریگەری زۆری لەسەر نووسەرانی دوای خۆی بووە .هێندێک پێیانوایە شێوازی نووسینی کورتە چیرۆک بەسەر دوو داری گەورەدا دابەش بووە کە دواتر لق و پۆپیان لێ بۆتەوە، یەکەمینیان شێواز یان مەکتەبی گۆگۆلە کە وەچی وەک چێخۆف و شروودئەندێرسۆن و هێمینگوێی و کارووێری لێ بۆتەوە و شێوازی مووپاسان کە وەچی وەک ئۆهێنری لێ بۆتەوە. بەهەر حاڵ کورتە چیرۆک بە پێی ئەو ماهییەتەی هەیەتی لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و یەکەم گێڕانەوەکانی ئێمەش بەم فۆرمەوە دەستی پێکردووە و دەتوانین بڵێین فۆڕمێکە کە بە باشی لە لایەن نووسەرانی کوردەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە و کاری پێکراوە و لەگەڵ زمان و فەرهەنگی ئێمە بە باشی عاملاوە. ئەم بەراییە کورتە بۆ ئەوە بوو کە دەبێ بزانین چیرۆکی کوردیش

بەشێکە لەم ئەزموونە گشتی و جیهانییە و ئێمە ناچارین کە خۆمان بە بەشێک لەو ئەزموونە بزانین و دەسکەوتی چیرۆکی جیهانی بە دەسکەوتی خۆمان بزانین و ئەوەی کە ئێمە بەشێکین لەو سامانە فەرهەنگییە ڕیوایەتییە گەورەیە بە دەم و ڕاوێژی خۆمانەوە و بە ئازار و دەردی خۆمانەوە وەک تاکی کورد. ئێستاش دێینە سەردباسی سەرەکی خۆمان کە چیرۆک و گێڕانەوەی کوردییە. بەڵام لە پێشدا پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیەکە و ئەویش سەردێڕی کۆبوونەوەکەمانە.

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی وەها سەردێڕێک پێویستی بە بڕێک شیکردنەوە هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە مێژووی نەچەنددان دوور و درێژی چیرۆکنووسیماندا، ئێستا نەمانتوانیوە ڕەوتێک بە تەواوی مەعنا ساز بکەین چ دەگا بەوەی کە سازدەری چەندین ڕەوتی جیاواز بین لەم بوارەدا. ڕەوت بزاو و حەرەکەتێکی گشتی یان تاکەکەسییە کە بە تایبەت کاردانەوەکانی لە نێو کۆمەڵگادا بە ڕوونی دیارن و کاریگەرییەکانی ئاشکران و دەکرێ بڵێین ڕەوت ئەو بزاڤە دینامیک و بەهێزەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە کۆمەڵگا و چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگا سەبارەت بەم ڕووداوە نوێیە هەڵوێست بگرێ و بە چاک یان بە خراپ باسی بکا. ڕەوت کاریگەرە لەسەر چۆنییەتی بیر کردنەوەی جەمعی کۆمەڵگا و لەسەر ڕوانگەی کۆمەڵ سەبارەت بە دیاردەکان.



دیاردەی چیرۆک لە نێو ئێمەدا نەبۆتە ڕەوتێکی فەرهەنگی کە کاریگەری لەسەر دەور و بەر و کۆمەڵگا دانابێ و بەشێک لە کۆمەڵگا کە هەڵکەوتەن، سەبارەت بە خۆی حەساس کردبێ. چیرۆک نەچۆتە نێو توێژەکانی کۆمەڵەوە و وەک دیاردەیەکی نامۆ کە کەسانێکی نامۆتر بەرهەمی دێنن تەریک کەوتووە و جارێ خەریکی پێناسەکردنی خۆی و جێ خۆش کردن بۆ خۆیەتی .چیرۆک

ئێستا نەیتوانیوە لە حاند گوتاری زاڵ بەسەر پانتایی فەرهەنگی ئێمەدا کە گوتاری شێعرە، بەو شێوەیەی کە پێویستە دەنگ هەڵبڕێ .گوتاری شێعری لە چاو چیرۆک لە سوننەتێکی کۆنتر و دوور و درێژترڕا هاتووە و توانیویەتی ببێتە ڕەوتێکی یەگجار بەهێز لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا. ئەو شتەی کە چیرۆکیش حەولی بۆ دەدا و خەریکە سنوورەکانی خۆی دیاری دەکا و ماڵی خۆی لە برا گەورەی شێعر جوێ دەکاتەوە.

بەشێکی زۆر لەوەی کە چیرۆک نەیتوانیوە ببێتە ڕەوتێکی فەرهەنگی، بە پێچەوانەی شێعر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چیرۆک ئەزموونێکی بەردەوام نەبووە، بەتایبەت ئەزموونێکی زەمانی بەردەوام نەبووە و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و گوورانییەوە تووشی بۆشایی و وەستانی زەمانی بووە و ئەوەش بە زەرەری ئەو شەکاوەتەوە و بۆتە هۆی ئەوە کە درەنگتر بەو پێگەیە بگا کە دەبوو بیگاتێ .سەرەتاکانی گێڕانەوەی ئێمە وەک بەختە باران تەنیا جارێک دابارین و نەک نەیانتوانی بە ئارامی و بە بەردەوامی دابارن و پاراومان بکەن بەڵکوو وەک خولیایەک بە ئاسمانی گێڕانەوەماندا تیژ تێپەڕین و ڕۆیشتن. چارەنووسی تراژیکی دوو بنیات دانەری گێڕانەوەی ئێمە جێی وردبوونەوە و تێڕامانە کە بۆچ دەبوو چارەنووسی ئەدەبییان ئاوا بێ .حەسەنی قزلجی و ڕەحیمی قازی وەک دەسپێک و سەرەتای گێڕانەوەی ئێمە ئەزموونێکی نوێبوون و سەرەتایەکی نوێ، بەڵام بە داخەوە هیچ کامیان نەیانتوانی یان نەیانویست کە ببنە وەها بناغەیەکی پتەو کە بکرێ خانووبەرەیەکی گەورەی لەسەر ڕۆ بنرێ. قزلجی توانایی و پتانسیەلی ئەوەی هەبوو کە سنوورەکانی چیرۆکی ئێمە بەربلاوتر بکا و زۆر دەرووی تازەی بە ڕوودا بکاتەوە. ئەزموونی گێڕانەوەی قزلجی وەک دەسپێک هەتا ئەو ڕادەیە بەهێز و بە تەوژم بوو کە لە ڕێوە پانتایی فەرهەنگی ئەو دەمی سەبارەت بە خۆی هەستیار کرد و ئێستاش کە ئێستایە ئەو تەوژمە بەردەوامە .زمانی پارۆدیک و ڕیشەداری قزڵجی دەیتوانی دەربڕی ئەو لایەنە شاراوانەی زمانی گێڕانەوەی ئێمە بێت کە ئەو دەم دەرفەتی خۆیا بوونی بۆ نەڕەخسابوو. وەختایەک فۆرمێکی نوێ بۆ دەربڕین دێتە پانتایی زمان و ئەدەبەوە دەبێ بەستێن و ڕێگا، وەها بۆ ئەم فۆرمە خۆشبێ کە بتوانێ درێژەدار و بەردەوام بێت .فۆرمی چیرۆک وەختایەک بۆ یەکەم جار لە نێو زمانی ئێمەدا سەری هەڵدا زمان وەک ساختارێکی ئۆرگانیک توانی خۆی لەگەڵ ڕابێنێ و بە سانایی دەریببڕێ و زۆر باشیشی دەربڕێ، بەڵام بۆ ئەوەی ڕووداوێکی فەرهەنگی کاریگەرییەکانی

بەردەوام و جێگیر بن، پێویستی بە درێژەدار بوون لە زەماندا هەیە، یانی دەبێ لە هێڵێکی زەمانیدا درێژەی هەبێت و خۆی لە قۆناغێکی زەمانییەوە بۆ قۆناغێکی دی ڕاگوێزێ .شتێک کە لە قزلجیدا نەبوو و هەر ئەوەش بووە هۆکارێک کە چیرۆک نەتوانێ بنەما زەمانی و تیوریکەکانی خۆی دابمەزرێنێ. هەموو لەسەر ئەوە کۆکین کە پێکەنینی گەدا سەرەتایەکی دڵخۆشکەر و تەنانەت پڕ لە هیوایە بۆ گێڕانەوەی ئێمە . وەها هیوایەک کە ئێستاش توانستە زەمانییەکەی و چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە زمان لە لایەن قزلجییەوە جێی شانازییە بۆ زمانی گێڕانەوە و دەتوانین وەک باشترین نموونەی زمانی گێڕانەوەیی لە چیرۆکدا قامکی بۆ درێژ کەین. بەڵام بە داخەوە ئەم سەرەتایە لە جێی خۆی پۆنگی خواردەوە و قەتیس ما .چارەنووسی ئەدەبی قزلجی چارەنووسێکی تراژیکە بۆ خۆی و بە تایبەت بۆ ئەدەبیات و



گێڕانەوەی ئێمە .قزلجی وەک سەرەتا نەیتوانی درێژەی هەبێت و ئەزموونی خۆی و سامانی زمانی و ڕیوایەتی خۆی بداتە دەست بەرەی دوای خۆی، بەرەیەک لە نووسەران کە دەبوو بە دووی ئەودا هاتبان و برەویان بە سامانی گێڕانەوە و زمانی گێڕانەوەی چیرۆک دابا. ئەزموونی قزڵجی بە ناکامڵی مایەوە و تەنیا لە کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدا و چەن چیرۆکێکی تاک و تەرادا چڕ بۆوە و هیچی دی. قزلجی نموونەی کامڵی شکستی گێڕانەوەی ئێمەیە .نموونەی کامڵی ئینسانێکی سیاسی کە ئاواتە سیاسییەکانی دەبنە هۆی مەرگی ئاواتە ئەدەبیەکانی خۆی و گەلەکەی.

چارەنووسی ئەدەبی قزلجی تراژیکترین و تاڵترین چارەنووسێکە کە هەر زمان و ئەدەبێک دەتوانێ بەخۆیەوە ببینێ . قزلجی دەیتوانی ببێتە وەها بناغەیەک بۆ گێڕانەوەی کوردی کە بە دەیان ساڵ ئێمەی وەپێش خستبا، دەیتوانی دەوری هیدایەت یان لانیکەم جەماڵزادە بگێڕێ

بۆ چیرۆکی ئێمە، بەڵام بە داخەوە سیاسەت ئەو دەرفەتە مێژووییەی لەو و لە گێڕانەوەی ئێمە ئەستاندەوە و ئێمە تەنیا دەبێ وەک ڕووداوێکی پڕشنگدار بڕوانینە کارنامەی ئەدەبی ئەو، ڕووداوێک کە بەردەوام نەبوو.

دووهەمین سەرەتای گێڕاوەی ئێمە کە ئەویش ئەزموونێکی نوێ و زمانێکی نوێی بۆ گێڕانەوەی ئێمە بەدیهێنا، ڕۆمانی پێشمەرگەی ڕەحیمی قازییە. هەرچەند لە نەزەربایەخی ئەدەبی و زمانی لەگەڵ ئەزموونی قزلجی ناکرێ پێکیان بگرین و بەرهەمێکی بە تەواوەت ئیدئۆلۆژیکە لە ژانری گێڕانەوەی کرێکاریدا، بەڵام دیسانیش لە نەزەر بایەخی مێژوویی و زمانی، ڕووداوێکی دەگمەن و سەرنج ڕاکێشە. هەم قزلجی و هەم ڕەحیمی قازی خاوەنی بیری چەپ بوون و هەرکیان لە کارەکانیاندا حەولیان داوە بچنە خزمەت ئیدئۆلۆژی و ئەو چوارچێوە فکرییەوە کە بڕوایان پێی بووە .هەرکیان ویستوویانە چیرۆک و گێڕانەوە بکەنە ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئەو بیرەی بڕوایان پێی بووە و هەرکیان ویستوویانە گێڕانەوە بکەنە بڵینگۆی ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت .ئەم تایبەتمەندییە لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا خەستترە و بە شێوەیەکی تۆختر لەوێدا ڕەنگی داوەتەوە .ڕۆمانی پێشمەرگە وەک سەرەتای گێڕانەوەیەکی درێژ کە پێشتر لە زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان نموونەی نەبووە کارێکی تازەیە. هەرچەند ڕۆمانەکە لەنەزەر ساختاری و داڕشتنەوە کەم و کورتی هەیە بەڵام لەنەزەر ساختاری زمانییەوە شتێکی کەمتاکورت عەنتیکەیە و بە پشوویەکی درێژەوە گێڕدراوەتەوە و بەشێک لە تواناییەکانی زمانی کوردی لە گێڕانەوەی بەربڵاو و درێژدا هێنایە ڕوو .ئەم ڕۆمانەش لە چاو بێ‌ئەزموونی گێڕانەوەی کوردی ڕووداوێکی موبارەک بوو کە دەیتوانی ڕووداوی گەورەتری بە دوودا بێ کەچی ئەویش وەک ئەزموونی قزلجی نەزۆک مایەوە و بەردەوام نەبوو .بەردەوام نەبوون گەورەترین خەساری گێڕانەوەی ئێمە بوو بۆ ئەوەی ڕەوتێکی پتەو و تۆکمەی ئەدەبی سەر نەگرێ .ڕەوتێک کە ڕەوتی دیکە و نوێتر بە دووی خۆیدا بێنێ .چ هۆکارێک لە پشت بەردەوام نەبوونی ئەزموونی گێڕانەوەی قزلجی و ڕەحیمی قازیدا بوو و چ شتێک بووە هۆی ئەوە کە قزلجی سەرەڕای ئەوەی زانیاری بەسەر چەندین زماندا هەبوو، ئەزموونی ئەدەبی خۆی وەلا بنێ و بچێتە خزمەت دەزگایەکی فکری و چوارچێوەیەکی حیزبییەوە؟ ڕەحیمی قازی چی لێهات و بۆ ئەزموونی ئەدەبی خۆی درێژە نەدا؟ ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دی دەبێ وڵام بدرێنەوە هەتا هۆکارەکانی شکڵ نەگرتنی ڕەوتی چیرۆکنووسی ئێمە لە سەرەتای

سەرهەڵدانیدا ڕوون ببێتەوە .هەر وەها دەبێ ئەوەش ڕوون ببێتەوە کە بۆچ گێڕانەوەی ئێمە بۆ ماوەیەکی کەمتاکورت سی ساڵە بێدەنگ بووە و تەنانەت لەم ماوەیەدا یەک چیرۆکی جێی ئاماژە نەنووسراوە و نەگێڕدراوەتەوە .خاڵی لاوازی چیرۆک و گێڕانەوەی ئێمە ئەم وەقفە زەمانییەیە کە وەک بۆشاییەکی تاریک بۆ ئەبەد لەگەڵیدا دەبێت و وەک گرێیەک و برینێک بەسەر دڵیەوە دەمێنێتەوە.

هەتا ئێرە قۆناغی یەکەمی چیرۆکی کوردی ڕوون بۆوە یانی قۆناغی شکڵ گرتن و گووران.

قۆناغی دووهەم قۆناغی بێدەنگی و وەستانە. مرحەلەیەک کە لەوێدا زمانی گێڕانەوە لە گۆ چووە و بێدەنگ بووە. زمانی کوردی بەهۆی مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆی نەکراوە چیرۆک بگێڕێتەوە. کۆمار تێک ڕووخاوە و فەزای کۆمەڵایەتی سارد و سڕ و بێدەنگە .فەزای سیاسی نالەبارە و زمان بڕستی لێبڕاوە. گۆڤار و مجەللەیەک لە گۆڕێدا نین و قزلجی کە تاکە نوێنەری گێڕانەوە بووە لەو سەردەمەدا پەڕەوازەی هەندەران بووە. ڕەحیمی قازیش بەرەو ڕووسیا ڕۆیشتووە و کۆمەڵگای نەخوێندەوار کەسێکی نەبووە ڕاوی دەرد و مەینەت و بەسەرهاتی بێت. تەنانەت ڕۆمانی پێشمەرگەش کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان نووسراوە باس لە تراژێدی و هەرەس هێنانی کۆمار ناکا بەڵکوو لە شکڵ گرتنی کۆمار و کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ئەو سەردەمە دەدوێ. تراژێدی تێکڕمانی ئاوات و ئارەزووەکانی گەلێک بە بێ ڕاوی دەمێنێتەوە و ئێستاش کە ئێستایە کارەساتی ئەو سەردەمە نەچۆتە قاڵبی گێڕانەوەیەکی داستانی و نەبۆتە بەشێک لە فەرهەنگی ڕیوایەتی ئێمە . هۆکاری ئەم شتە دەتوانین بەم هۆکارانەوە ببەستینەوە:

لەوانەیە سەرەکیترین هۆکار نەبوونی کەسێکی پسپۆر بووە لەم بووارەدا .یانی کەسێک نەبووە کە شارەزایی بووبێ ئەو سەردەمە مێژووییە بخاتە قاڵبی ڕۆمان یان چیرۆکەوە. ئەو کەسانەی شارەزا بوون و دەبوو ئەو کارە بکەن کە گۆیا قزلجی و قازی بوون و ئێمە چ بەڵگەیەکمان لەبەر دەست نییە کە جگە لەوان کەسانێکی دیکەش بوون کە توانایی ئەم کارەیان بووە، لە زەمینە کۆمەڵایەتییەکە دابڕاون .قزلجی پەڕەوازەی کوردستانی عێراق بووە و بەو جۆرەی هەژار لە چێشتی مجێوردا باسی دەکا خەمی نان نەیهێشتووە ئاسوودە بێت و هەر دەمە بە کارێکەوە سەرقاڵ بووە بۆ بژیوی ژیان .چارەنووسی ئەدەبی ڕەحیمی قازیش کە چۆتە ڕووسیە شتێکی وا بەرچاوی تێدا نییە و جگە لە ڕۆمانی پێشمەرگە هیچ

نووسراوەیەکی ڕیوایەتی دیکەی ئەومان لەبەر دەست نییە هەتا قەزاوەتێکمان لەو بارەوە هەبێ .نووسینی چیرۆک و ڕۆمان بە پێچەوانەی شێعر پێویستی بە وەخت و ئارامشێکی زۆر و و تێفکرینێکی زۆرترە. ئێمە ئێستاش نازانین بۆچی ڕەحیمی قازی کە دەرفەت و فەراغێکی زۆرتری سەبارەت بە قزلجی بووە جگە لە ڕۆمانی پێشمەرگە هیچ بەرهەمێکی دیکەی ڕیوایی نەنووسیوە؟ ! بەڵام لەوە دڵنیاین کە ئەو هەلە بۆ قزلجی نەلواوە و ڕۆژگار لەگەڵی نالێک بووە .ئەم بێدەنگییە نزیکەی سی ساڵ بەردەوام بووە و لەم ماوەیەدا تەنیا چەن چیرۆکێک گێڕدراونە کە لە هەموان بەرچاوتر چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی«هەواری خاڵی «و» بووکی یەک شەوە»ی هێمنە کە هەرکیان لە ڕووداوی ڕاستەقینە ڕاگوێزراون و بوون بە چیرۆک و تەمی واقعیان هەر بەسەرەوەیە و بە تەواوەت نەبوونە واقعێکی داستانی. بەڵام چێژێکی



لەڕادەبەدەریان تێدایە، بە تایبەت هەواری خاڵی کە دەیسەلمێنێ هێمن چ توانستێکی بێوێنەی لە گێڕانەوەدا بووە. لەم مابەینەدا یانی لە نێوان ساڵەکانی تێک ڕووخانی کۆماری کوردستان و بەئاکام گەیشتنی شۆڕشی ئێران تەنیا لە ساڵی پەنجا و یەکی هەتاویدا چەن نموونەیەک تەرحی داستانی لە لایەن سوارە ئیلخانیزادەوە نووسراون کە لە بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵدا خوێندراونەوە. ئەم تەرحە داستانیانە تەنانەت لە لایەن خودی سوارەشەوە نێوی چیرۆکیان لەسەر دانەنراوە و تەنیا وەک نموونە پەخشان پێشکەش بە گوێگرانی خۆی کردووە. هەرچەند ئەژماری ئەو دەقانە زۆر نین بەڵام وەک بوون هەن و سەرچاوەیەکن لەو بۆشایی و بێدەنگییەدا .سوارە تەنانەت بەشێک لە هەزار و یەکشەوی کردووە بە کوردی و وەک کەسێکی شارەزا هەستی بە نەبوونی پەخشانی کوردی و کەم ڕەنگ بوونی ئەم حەوزەیە لە حاند حەوزەی

شێعردا کردووە و بیر و بۆچوونی خۆی تیوریزە کردووە و پاساوی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە بۆچ هەرێمی زمانی کوردی کەمتر پەرژاوەتە سەر پەخشان . سوارە بۆ کەمبڕستی پەخشان لە حاند شێعردا باسی لە هەلومەرجی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی و ئەو قۆناغانەی کۆمەڵگای کوردی پێدا تێپەڕیوە دەکا و لە ئاکامدا بەوە دەگا کە کۆمەڵگای عێلاتی و دەرەبەگایەتی پێویستییەکی ئەوتۆی بە نەسر و پەخشان نەبووە و پەخشان زۆرتر زەروورەتێکی شارستانییە. لەم نەزەرەوە سوارە یەکەم کەس بووە کە کەمتاکورت بە دیدێکی عەقلانی و عیلمی لە مەسەلەی زمانی کوردی و بە تایبەت پەخشانی کوردی ڕوانیوە .لە پاش ئەم چەن کارە تاک و تەرایەی سوارە لە ساڵی پەنجا و هەشتی هەتاوی کۆمەڵە چیرۆکی ئاشەوانی مستەفا ئیلخانیزادە ڕاست لە بارودۆخێکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چاپ دەبێ و پاشان لە ساڵی شەستی هەتاوی نۆڤێلێتی باقەبێنی ئەحمەد قازی و و لە ساڵی شەست و هەشتیش بووکی گۆڕستانی کۆنی مەلا کەریمی ڕاوچی لە قەوارەی نامیلکەیەکی سەیر و سەمەرەدا چاپ دەبێ .کۆمەڵەچیرۆکی ئاشەوان شەش گێڕانەوەی کورت لەخۆ دەگرێ و ناکرێ وەک کورتە چیرۆکی هونەری و ئیستاندارد لێیان بڕوانین و تەنیا وەک نوکتە و قسەی خۆش وان، باقەبێن تەنزێکی کۆمەڵایەتییە و ئەو داهێنان و جەسارەتە ئەدەبییەی تێدا نییە کە جێی هیوا بێت .بووکی گۆڕستانی کۆنیش هەرچەند لەنەزەر زمانییەوە شتێکی جوانە بەڵام لە نەزەر گێڕانەوە و داستانییەوە هیچ شتێکی بە سامانی گێڕانەوەی ئێمەوە زیاد نەکردووە. وەختایەک لەم سێ بەرهەمە چاپ کراوە دەڕوانین ئەوەندەی دیکەش حەسرەت بۆ قزلجی مەزن هەڵدەکێشین کە بۆچ نەیتوانی ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆی بە سەرەنجام بگەیەنێ و کامڵی بکا . قزلجییەک کە بە تەواوەت چیرۆکی دەناسی و دەیزانی چیرۆک چییە و چی نییە. دەیزانی زمانی چیرۆک دەبێ چ زمانێک بێ و دەیزانی چلۆن کەڵک لەو هێزە شاراوەیەی زمانی کوردی وەرگرێ بۆ وەی چیرۆکی پێ بگێڕێتەوە.

لە قۆناغی سێهەمدا کە قۆناغی بووژانەوە و سەرهەڵدانی سەرلەنوێیە، باس لەو زەمینە کۆمەڵایەتییە دەکرێ کە بووە هۆی سەرهەڵدانی وەها هەل ومەرجێک لە گێڕانەوەی کوردیدا:

لەگەڵ ئەوەی کە دیمەنگای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران گۆڕانی بەسەردا دێ جارێکی دی خەون و خولیایەکی لە مێژینە لە نێو دڵی کۆمەڵگای کوردەواری و ئەو بەشە لە کۆمەڵگای کوردەواری کە خوێندەوار بوون و ئێستا

لە دانشگاکان بوون، زیندوو دەبێتەوە. حەسساسیەت سەبارەت بە زمان سازدەبێت و لەگەڵ ئەوەی یەکەم دەرفەت دەرەخسێ گۆڕەپانی فەرهەنگی و زمانی کوردی گوڕ و تینێکی تازەی وەبەر دێتەوە. هێمنی یەگجاریەگجار مەزن کە بەڕاستی لە تەواوەتی ئەو سالانەی بەستێنی زمانی و ئەدەبی ئێمە بێدەنگ بووە یان لانیکەم دەنگێکی والا نەبووە، لەگەڵ هەژار شانی داوەتە بەر شالاوی سڕانەوە بە دەستی ئەوی دییەک کە قەت زمانی ئەوی وەک زمان نەناسیوە و کۆڵەکەیەک بووە کە زمانی ئێمەی پاراستووە، لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی دەترازێ و ماڵێکی نوێ و هێلانەیەکی نوێ چێدەکا کە دەبێتە ڕووگەیەک بۆ ئەدیبان و بەهرە نەناسراوەکان .سروە بە ئیعتباری هێمن و حەول و تێکۆشانی ئەو دادەمەزرێ و لەوێوە دەروویەکی نوێ بەسەر ئەدەب و فەرهەنگی ئێمە بە گشتی و چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی بەتایبەت دەکرێتەوە . وەختایەک ڕۆمانی هاوارەبەرە لە ساڵی شەست و نۆ لە ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی چاپ و بلاو دەبێتەوە، وەرچەرخانێکی گەورە بەسەر زمانی گێڕانەوە و ڕۆمانی ئێمەدا دێ . هەرچەند ڕۆمانی هاوارەبەرە لە نەزەر فۆرم و ساختاری گێڕانەوە لە چاو ئەزموونی تەنانەت دراوسێکانمان شتێکی بەرچاو و بەهێز نییە و تەنانەت لە ژێر کاریگەری ڕۆماننووسی فارس و تورکدایە، بەڵام لە نەزەر زمانییەوە بووژانەوە و بەخۆداهاتنەوەیەکی یەگجار گرینگە . زمانی ئەم ڕۆمانە لە باری ساختار و جوانیناسییەوە شتێکی بێهاوتایە لە مێژووی پەخشانی کوردیدا .لاپەڕەبەلاپەڕە و دێربەدێڕی ئەم کتێبە لێوانلێوە لە پوخت و پاراوی. ژیان و زیندوویی بە نێو زمانی ئەم ڕۆمانەدا دەشنێتەوە و ئێمە پێشتر وەها ئەزموونێکی قورس و قایمی زمانیمان لە گێڕانەوەی کوردیدا نەبووە . لایەنی زاڵ و بەهێزی ئەم ڕۆمانە زمانی گێڕانەوەیە .زمانێک کە ڕیشەی لە سوونەتی فۆلکلۆریک و بەیت داکوتاوە. زمان لەم ڕۆمانەدا زیندوو و بە گوڕ و تینە و ڕستەبەندی و چۆنیەتی داڕژانی ڕستەکانی بەشێوەیەکن کە پێشتر نموونەی نەبووە لە گێڕانەوەی ئێمەدا. وەک بەراورد دەتوانین بەراوردی بکەین بە زمانی فاخری دەوڵەتئابادی لە کۆلیدەر و جێی خالی سلووچدا .ئەم ڕۆمانە لەنەزەر زمانی و ڕاوێژی گێڕانەوە شتێکی والا و بێوێنەیە بەڵام لەنەزەر ساختاری ڕۆمانەوە هێندێک گرفتی سەرەکی هەیە .یەکەم گرفتی سەرەکی ئەم ڕۆمانە گرفتی داڕشتنی کەسایەتییەکانیەتی کە لە داڕشتنی کەسایەتی سەرەکی ڕۆمان یانی میرزادا ڕەنگی داوەتەوە .چۆنیەتی شکڵ گرتنی کەسایەتی میرزا شێوازێکی تەوسیفیە

که لایەنگری نووسەر و ئەو کەسانەی بەسەرەوەیە کە بە گێڕانەوەی خۆیان کەسایەتی میرزا شکڵ دەدەن .میرزا وادیارە کەسایەتییەکی ئازادیخوازە کە جارجار بە خۆی و ئەسپە شین بۆرەکەیەوە سەر هەڵدەدا و مەعلووم نییە بۆچی دەبێ هێندە کەسایەتییەکی لەبەر دڵان و بێعەیب و نەقس بێ. مەعلووم نەکراوە لەسەرچی و بۆچی گیراوە و تاوانی چییە و دوای ئازادبوونی لە زیندان بۆچی سەرلەنوێ پەڕەوازەی دێهاتەکان دەبێ. هەروەها بەم هۆیە کە شەخسییەتی داستانی میرزا بەرهەمی عەمەلێکی داستانی نییە و تەنیا تەوسیفاتی نووسەر و کەسایەتییەکانی دیکەی ڕۆمانەکە ئەو پێگەیان بەو بەخشیوە ناتوانین وەک کەسایەتییەکی دینامیک لێی بڕوانین. ڕستە بە ڕستەی ئەو تەوسیفاتەی لە میرزا کراوە ئیحساساتی نووسەری بەسەرەوە دیارە و ئەوەش بەزەرەدی کەسایەتی میرزا لە ڕۆمانەکەدا شکاوەتەوە و بۆتە هۆی ئەوە میرزا کەسایەتییەکی مونفەعیل و دەستەوەستان بێت. ئەم زەعفە وەختایەک پتر خۆ دەنوێنێ کە میرزا سەرەڕای ئەوەی وەک کەسایەتییەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر باسی لێکراوە بەڵام لە عەمەلدا کەسایەتییەکی بە تەواوەت سوننەتی و بێ ئیرادەیە. بێ ئیرادەیی میرزا وەختایەک پتر نموود پەیدا دەکا کە ناتوانێ چ گۆڕانێک لە فەزای داستانیدا بەدی بێنێ و وەختایەک یارە لە وتووێژێکدا باسی دەردی نەخوێندەواری خۆی دەکا لە جیات ئەوەی بە پیر دەردی ئەوەوە بچێ و حەولێک بۆ خوێندەوار بوونی ئەو بدا چونکوو بۆخۆی ئەم توانایی‌یەی هەیە، تەنیا بەوە بەسەندە دەکا کە پێی بڵێ بەیتان باشتر لەبەر بکا، یان وەختایەک دەیتوانی ئەم هەنگاوە بۆ وەتمان هەڵێنێتەوە هیچی بۆناکا و لە کۆتایی ڕۆماندا بە حاجی دەڵێ وەتمان بنێرنە بەر مەلایەتی و بیکەن بە فەقێ .ئەوە لە حاڵێکدایە کە کەسایەتییەکی لاوەکی وەک سۆفی هەتا ئەو ئاستە هونەری داڕێژراوە کە جێی شادمانییە .

هۆکارەکەی زۆر سادەیە، کەسایەتی داستانی سۆفی بەرهەمی کردەوەیەکی داستانی لە ڕۆمانەکەدایە و کەسایەتی میرزا بەرهەمی تەوسیفاتی لایەنگرانەی نووسەرە سەبارەت بەو .خاڵی لاوازی دیکەی ئەم ڕۆمانە لادانێکی بە ئانقەستی نووسەرە لە واقعی کۆمەڵایەتی. بەو پێیە کە ڕۆمانەکە ڕێئاڵە و لە سەردەمێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواری دەدوێ پێویست بوو بە ئەمانەتەوە ئەو واقعە مێژووییە بگێڕدرابایەتەوە. من پێموایە بە هۆی چەن هۆکارێک کە تەنیا دەتوانن خودی نووسەر قایلکەن ئەو هەڵەیە ڕوویداوە .بە پێی ئەو

فاکتانەی لە ڕۆمانەکەدان دەورەی مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و پێش تەنانەت تەقسیمی ئەرازی کە دەبێ هۆی هەڵوەدایی میرزاش هەر پێوەندی بەو بیرە ناسیونالیستی و نیشتمان پەروەریەوە بێ. دەبێ میرزا یەکێک بووبێ لە ئەندامانی ژێکاف. بەڵام نووسەر لە هیچ کوێیەکی گێڕانەوەکەی خۆی لەم مەسەلەیە نەدواوە و بەئانقەستیش لێی نەدواوە .خاڵێکی دیکە ئەو بەهەشتە مەسنووعیەیە کە نووسەر بۆ کەسایەتییە داستانییەکانی خۆی خوڵقاندوویەتی . لادێیەکی خنجیلانە و سازگار کە مەڕ باڕەی دێ و شوانە بلوێری تێدا دەژەنێ و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە .تەنیا کەسایەتی نالەبار بلە چەرچی و تۆزێکیش پەریزادە شەلە، دەنا ئەوانی دی بە ئاکار چاکن و بەرماڵیان لەسەر ئاوێ دەگەڕێ .هەروەها ئەو دێیەی ڕووداوی ڕۆمانەکەی لێ ڕوو دەدا ئاغای نییە و تەنانەت لە یەک ڕستەشدا باسێک لە ئاغا نەهاتۆتە ئارا و ئاغا کە سەرچاوەی دەسەڵاتداری بووە لە لادێ، چ دەورێک لەو ڕۆمانەدا ناگێڕێ. ئەوە لە حاڵێکدایە سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی لەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدابووە و هەر وەک پێشتر بە پێی ئەو کۆدانەی لە ڕۆمانەکەدا هەن تەقسیمی ئەرازی و ئینقلابی سپی نەکراوە .ئەم خاڵانە بوونە هۆی ئەوە ڕۆمانەکە لە دایرەی ئەمانەتداری و واقع گەرایی بترازێ و ئەوانەش ئەو شتانەن کە دەقی داستانی ناتوانن وڵامی دەنەوە و بە هیچ شێوەیەک پینەوپەڕۆ ناکرێن . سەرەڕای ئەم خاڵانە دەکرێ وەک دەسکەوتێکی مەزنی زمانی و تەنانەت گێڕانەوەییش لە ڕۆمانی هاوارەبەرە بڕوانین .دەسکەوتێک کە پڕشنگدارە و جێگای شانازی .دوابەدوای ڕۆمانی هاوارەبەرە ڕۆمانی میرزا کە درێژەی ئەم ڕۆمانەیە چاپ بووە کە زۆربەی کەم و کوورییەکانی ڕۆمانی پێشووی نییە و



حاڵەتێکی داستانی‌تر و ڕیوایی‌تری هەیە .ئەو تکنیکانەی لە ڕۆمانی میرزادا کەڵکی لەوەرگیراوە پڕ ڕەنگامەترن و ڕۆمان ئەو حاڵەتە هێڵی و یەکتەرەفەیەی نییە .گێڕانەوە سەنگ و قیمەتی تایبەتی هەیە .کەسایەتی تازە دێنە چوارچێوەی ڕۆمانەوە و تایبەتمەندی نوێ بە ڕۆمانەکە دەبەخشن .ڕەشیدە دزە کەسایەتی بەهێز و دینامیکی ڕۆمان، نمونەیەکی کامڵ و باشە لە کەسایەتییەکی داستانی . کەسایەتییەک کە لە درێژەی ڕۆمانەکەدا بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ و ئارام ئارم هەیکەلی داستانی ئەو فۆرم دەگرێ و گەشە دەکا .لەم ڕۆمانەدا چەندین سەحنەی پرشنگداری تێدایە کە لە گێڕانەوەی کوردیدا وێنەی نییە و دەگمەنە .سەحنەی شەڕی بلەچەرچی و مام حەسەن لە دوای ئاوردرانی گیشەگیای بلە چەرچی، بەسەرهاتی ڕەشیدە دزە کە شاکاری گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەیە، تەوسیفی نێو زیندان ئەو وەختەی یارە دەستبەسەر کراوە و شەڕی ڕەشیدە دزە و میرزا لەگەڵ سوڵتان و ئەمنییەکان .هەروەها لەم ڕۆمانەدا دیالۆگەکان بەتایبەت دیالۆگی نێوان پیرێژنەکان پڕشنگدارن و ڕاوێژی هێندێک لە کەسایەتییەکان وەک وەتمان و ئەمی حوسێن پڕن لە وردەکاری تکنیکی و زمانی .لەسەرجەمدا ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە بەهێزترین ڕۆمانەکانی کوردی و ئەم پێداگرییە بۆ ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم دوو ڕۆمانە و نووسەرەکەی کەوتنە بەر شالاوی ئینکار و تۆمەتبار بوون لە لایەن هێندێک نووسەرەوە کە بۆخۆیان قەت نەیانتوانی تۆزی ئەم ڕۆمانانە بشکێنن و شتێکی ئەوتۆ بە گێڕانەوەی ئێمەوە زیاد بکەن .لە باری زمانییەوە ئەم دوو ڕۆمانە دەچنە پاڵ نەسری هێمن و هەژار .بوونە دوو دەقی کلاسیک کە دەتوانین بە شانازییەوە پێیان بنازین و وەک دەق لەززەتی خوێنەرانە و تەواویان لێ ببەین.

هاوکات لەگەڵ چاپ بوونی میرزا لە ساڵی حەفتا و دوودا کۆمەڵەچیرۆکی زریکەی عەتا نەهاییش چاپ دەبێ کە ئەویش بووژانەوەیەکی نوێیە بۆ کورتە چیرۆکی کوردی .عەتا نەهایی لەو نووسەرانە بووە کە هەر لەسەرەتاوە بە زانیاریی و بە پشت بەستن بە سامانی گێڕانەوەی فارسەکان و لە ژێر تەسیری ئەواندا و بە تایبەت لەژێر تەسیری گوڵشیریدا چیرۆکی نووسیوە .عەتا نەهایی بەردەوامترین و حیرفەیی‌ترین نووسەری ئێمەیە لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆماندا .ئەو هەر لە سەرەتاوە نیشانی داوە کە نووسەرێکی ئاگایە بەسەر چۆن گێڕانەوە و نووسینی چیرۆکدا، ئەم شتە لە دوای چاپ بوونی کۆمەڵەچیرۆکی تەنگانەدا نموودی پەیدا کرد کە هەنگاوێکی پڕ متمانەتر و

گێڕانەوەیەکی بەهێزتر بوون لە باری داهێنانەوە .کۆمەڵە چیرۆکی تەنگانە ئەزموونێکی نوێبوون بەسەر گێڕانەوەی ئێمەدا کە پشت ئەستوور بوون بە گێڕانەوەی فارسەکان و چیرۆکی جیهانی و زمان لەو حاڵەتە تەک ڕەهەندی و خەتییەی پێشتر کەڵکی لێوەرگیرابوو هاتە دەرێ و لایەنێکی هێمایینی بەخۆوە گرت .عەتا نەهایی لە باری شێوازی نووسینەوە ئەلعانیش دوای چاپ بوونی ئاخر ڕۆمانەکەی کاریگەری نووسەرە نێودارەکانی فارسی هەر بەسەرەوەیە .گرەوی بەختی هەڵاڵە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە کارەکانی مەندەنی پوور بە تایبەت ڕۆمانی دل دلدادگی وەرگرتووە .هەڵبەت من ئەو کاریگەرییە وەک لایەنێکی سەلبی و مەنفی چاو لێناکەم و پێموایە هەر نووسەرێک حەقی خۆیەتی بۆ باشتر بوونی بەرهەمەکەی لە هەر لایەک بپچڕێ و ئەم شتەش شتێکی ئاساییە . ڕەوتی بەرهەمەکانی عەتا نەهایی و بەردەوام بوونی، باشترین نموونەن کە نیشان دەدا تەکامول و بە ئاکام گەیشتن لە گێڕانەوەدا بەردەوام بوونە لە درێژەی زەماندا، پرۆسەیەک کە لە کارەکانی عەتا نەهاییدا دەبیندرێ و بە ڕوونی بەرەوپێش چوونی فۆرمی و بەرەوپێش چوونی زمانییان تێدا بەدی دەکرێ . بەتایبەت لە ئاخر کاریدا کە بە بڕوای من یەکێکە لە گێڕانەوە بەهێزەکانی ئێمە کە لە باری ساختار و چۆنییەتی گێڕانەوەوە بەرهەمێکی بە تەواوەت مۆدێرنە .لەم ڕۆمانەدا بەتایبەت دارشتنی کەسایەتی کە بڕبڕەی هەموو ڕۆمانێک پێک دێنێ بە باشترین شێوە پلانی بۆ ڕژاوە .بەتایبەت کەسایەتی ڕەعنا کە کەسایەتییەکی لاوەکییە، نموونەیەکی سەرکەوتووە لە مێژووی ڕۆمانووسی کوردیدا کە نموونەیان یەگجار کەمە.

لە دوای عەتا نەهایی، ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان لە لای ئێمە نەپساوەتەوە و بەردەوام بەرهەمی نوێی بووە .بەردەوام چیرۆکی نوێ و ڕۆمانی نوێی بووە .لەم قۆناغە لە چیرۆکنووسی ئێمە کە من بە قۆناغی بەردەوام بوون ناوی دەبەم گێڕانەوە بەخۆدا دێتەوە و کۆمەڵێک دەنگ و نێوی نوێ کە پڕاوپڕی ئینێرژی تازە و ئیدەی تازەن لە گێڕانەوادا، سەر هەڵدەدەن .یەکێک لەو نێوە تازانە ناسر وەحیدییە کە سێ کۆمەڵە چیرۆکی لێ بڵاو بۆتەوە .خەوەڕا و لە ساڵی حەفتا و چواردا و هاوار لە ساڵی حەفتا و شەشدا و هەر وەها خەونەکانی ئیقلیمی با .ناسری وەحیدی لە ڕێزی یەکەم کەسانێکە کە لە دوای قزلجییەوە چیرۆکیان بووژاندۆتەوە و کاریان لەسەر کردووە.

خاڵی وەرچەرخان بۆ چیرۆک و بە تایبەت کورتە چیرۆک ساڵی

حەفتاوحەوتە کە لەوێدا کۆمەڵەچیرۆکی مزگێنی محەممەد ڕەمەزانی چاپ دەبێ و بە دوای ئەودا شەپۆلێکی بە گوڕ و بەتەوژم بە گێڕانەوەی ئێمەدا دەشنێتەوە .هەرچەند عەتا نەهایی بەدیهێنەری سەبکێکی نوێ بوو لە گێڕانەوەی بەتایبەت چیرۆکدا بەڵام بە چەن هۆ نەیتوانی هیچ کاریگەرییەکی زمانی و فۆڕمی بە دووی خۆیدا بێنێ و ناتوانین چیرۆکنووس یان ڕۆماننووسێک دەستنیشان بکەین و قامکی ئاماژەی بۆ ڕادێرین کە لە کارەکانی ئەو کاریگەر بووە . هۆکاری ئەم تەئسیر وەرنەگرتنە بە بڕوای من دوو لایەنی هەیە یەکەمینیان ئەوەی کە خودی عەتا نەهایی لە ژێر کاریگەری چیرۆکنووسی فارسدا بوو و دووهەمیش هۆکاری زمانی بوو .بە بڕوای من زمانی گێڕانەوەی عەتا نەهایی خاوەنی ئەو دینامیکە بە هێزە نەبوو کە ئۆگرییەکی وەها لە نێو چیرۆکنووسانی دوای خۆی بەدی بێنێ کە بتوانێ ئەوان لە دەوری خۆی کۆکاتەوە .زمانی بەرهەمەکانی ئەو لە ژێر کاریگەری زمانی گێڕانەوەی کوردستانی عێراقدا بوو و هەر ئەوەش خەسڵەتێکی مکانیکی بە زمانی ئەو بەخشیوە .بە هۆی مەوقعیەتی جوغرافیایی بانە و هاوسنوور بوونی لەگەڵ ئەودیو ئەم شتە شتێکی ئاسایی بوو؛ بەڵام بۆ ئێمە کە پێشتر ئەزموونی زمانی قزلجیمان هەبوو شتێکی ئاسایی نەبوو .ڕاست لەم حەلەدا محەممەدی ڕەمەزانی سەرهەڵدەدا و بەرهەمی لێ بڵاو دەبێتەوە .ڕاستە کە بە پێی زەمانی بڵاوبوونەوە، کتێبەکانی عەتا نەهایی زووتریان هەلی چاپ بۆ ڕەخسا بەڵام لەم نەزەرەوە کە محەممەدی ڕەمەزانیش زۆر پێشتر بەشێک لەو چیرۆکانەی خۆی لە سروەدا چاپ کردبوون تەفاوەتێکی زەمانی ئەوتۆ نابیندرێ .بەهەر حاڵ بە بڕوای من هەتا ئەوڕۆشی لەگەڵ بێت محەممەد ڕەمەزانی کاریگەرترین کاراکتێر بووە لە سەر چیرۆکنووسی



ئێمە .محەممەد ڕەمەزانی پۆلێک چیرۆکنووسی گەنجی لە دەورە هاڵابوو کە ئەم چیرۆکنووسە گەنجانە ئێستا هەموو دەنگێکی والآن لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆماندا .ڕەمەزانی کاراکتێرێکی ناڵێم کاریزماتیک بەڵام ئەوەندە بەهێزی هەبوو لەنەزەر ئەدەبی و زمانییەوە کە توانی بە سانایی ڕێ باوێتە نێو دڵی ئەو نووسەرانەوە . هەروەها گرینگترین هۆکار بۆ کاریگەری ڕەمەزانی کارەکانی بوون کە بە شێوازێکی دیکە و بە زمانێکی دی بەرهەمی هێنابوون .بۆ وێنە چیرۆکی هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو چیرۆکێک بوو کە نەک لە گێڕانەوەی کوردیدا بەڵکوو لە نێو دراوسێ زمانییەکانی ئێمەشدا شتێکی دەگمەن و سەرچڵ بوو .چیرۆکی مزگێنیش هەروەها .زمانی گێڕانەوەی ڕەمەزانی، هەر لەو جوغرافیا زمانییە سەری هەڵدابوو کە قزلجی و فەتاحی ئەمیری تێیدا پەروەردە ببوون . بەبێ ئەوەی لایەنگری لە زمانی شەخسێکی تایبەت یان ناوچەیەکی تایبەت بکەین ڕاست ئەوە یە کە زمانی ئەم ناوچە جوغرافیاییە بڕشتێکی پتر و چێژێکی پتری هەیە بۆ گێڕانەوە . هەروەها ڕەمەزانی لە ژێر کاریگەری چیرۆکنووسی فارسدا نەبوو؛ بەڵکوو بۆخۆی شێواز و سەبکی تایبەت بەخۆی هەبوو .شێوازێک کە لە هێندێک لە چیرۆکەکانی سەرچاوە و چاوگەیان دەگەڕاوە بۆ گۆگۆل و تورگنێف و لە هێنیکیشیاندا وەک ئەو دوو چیرۆکەی ئاماژەم پێکرد بۆخۆی قسەی خۆی پێ بوو لە گێڕانەوە و زمانی گێڕانەوەدا . ساختاری گێڕانەوەی هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو پێچەڵاوپووچ و چەند ڕەهەندە، زەمان زەمانێکی سەییالە و لەو چیرۆکانەی زمانی کوردییە کە دەتوانی چەندین و چەند لێکدانەوە و تەفسیری بۆ بکەی .ئەم چیرۆکە زۆرترین کاریگەری لەسەر بەرەیەکی گەنج هەبوو کە دواتر باسیان لەسەر دەکەین . هەروەها چیرۆکی مزگێنی کە لە باری ساختاری زمانی و چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە زمان ئەزموونێکی بە تەواوەت جیاواز و نوێ بوو .هەروەها زمانی گێڕانەوەی ڕەمەزانی زمانێکی پارۆدیکە کە تەنزێکی تاڵ و لە هەمانکاتدا شیرین و بەهێزی لە خۆیدا حەشارداوە کە شان لە شانی بەهێزترین چیرۆکە سەرناسەکانی جیهان دەدەن . ئەو تەنزە بەهێزەی بۆتە هۆی بەردەوامی چیرۆکەکانی گۆگۆل و سێروانتس و دۆنی دیردۆ .جگە لەوانەش ڕەمەزانی زانیارییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەوتی چیرۆک و گێڕانەوەی جیهانی هەبوو و تەواوی ئەو فاکتۆرانە ببوونە هۆی ئەوە ڕەمەزانی ڕۆڵێکی مێحوەری لەسەر داهاتووی چیرۆکی کوردی لەم بەشەی کوردستان ببێ .کەسایەتی چیرۆکەکانی ڕەمەزانی کە ئەغڵەب پیاوی پیرن

نموونەی سەرکەوتووی چیرۆکی کوردین .ئینسانی تەنیا و بێدەرەتانن کە پیری زۆر شتی لێ ئەستاندوونەوە و بۆ ڕابردووی خۆیان داخ هەڵدەکێشن .ئەو کەسایەتییانە تەنیا کەسایەتییەکی سەڵتی کۆمەڵگای کوردەواری نین بەڵکوو جەغزی بەرتەسکی ناوچەییان شکاندووە و دەتوانن نموونەیەکی ئینسانی لە کۆمەڵگای ئینسانی بن و هەر ئەوەش داڕشتنی کەسایەتییەکانی ئەوی جوێ کردۆتەوە لە چیرۆکنووسانی دی .بۆ نموونە کەسایەتی مامەحمەد دەتوانێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێ و دەتوانێ چارەنووسی هەر ئینسانێک بێت .ئینسانێکی بە بیر و باوەڕ و مەزهەبی کە نوێژی ناچێ و ڕۆژوو دەگرێ بەڵام لە هەمان کاتدا بە هەناری دزێتی بەربانگ دەکاتەوە .مامەحمەد ڕوانگەیەکی تازەیە بۆ ژیان . ڕوانگەیەکی نوێی ئینسانییە و ئەوە شتێکە کە پێگەی ڕەمەزانی وەک چیرۆکنووس هەڵدەکێشێ .وەختایەک مامەحمەد دوو دڵە لەوەی هەنارەکان بدزێ یان نا، ئێمە وەک خوێنەری دەق لە زەینی خۆماندا هانی مامەحمەد دەدەین هەنارەکان دەست داتێ و وەختایەک دەستیان دەداتێ و لە باغەڵیان دەپەستێوێ ئێمەی خوێنەر هەست بەسەرکەوتن دەکەین و لەگەڵکوو بە ئاوی هەنارەکان بەربانگ دەکاتەوە ئێمە ماندوویمان لە لەش دەتارێ و دڵنیا دەبین لەوەی کە گۆڕانێکی گەورە ڕوو دەدا و هەر واشی لێدێ .ئاوی هەنار کاری خۆی دەکا و مامەحمەد بە بێ گۆچان ڕوو لە مزگەوت دەکا بۆ نوێژی جەماعەت .پارادۆکسی مەزهەبی و ئیمانی مامەحمەد  و دزینی هەنارەکان بەو نەتیجە عەمەلیەی لەو فێعلە حەرامە بەدی دێت حەل دەبێت .یانی هەر لەو وەختەی دەست دەبا بۆ هەنارەکان و گوڕێکی تازەی وەبەر دێت و گۆچان وەلا دەنێ هەتا ئەو دەمەی بەربانگ دەکاتەوە و لاقی دەرد و عەلەمی لێ دەبڕێ .بە داخەوە ڕەمەزانیش لەو نووسەرە کەمکارانەیە کە جگە لە مزگێنی هیچی دیکەی چاپ نەکردووە .هەڵبەت وەک داهێنانی خۆی دەنا لە زەمینەی وەرگێڕاندا کاری کردووە و لەو بوارەشدا وەرگێڕانەکانی سەنگ و قیمەتی تایبەتیان هەیە .ساڵی حەفتاوحەوت ساڵێکی پڕ پیت و بەرەکەتە بۆ گێڕانەوەی ئێمە و جگە لە محەممەد ڕەمەزانی چەندین نووسەر و نێوی تازە دێنە گۆڕەپانی گێڕانەوە کە هێندێک لەوان ئێستاش بەردەوامن و لە ڕیزەی باشترین چیرۆکنووس و ڕۆمان نووسەکانی ئێمەدان.

لەم ساڵەدا کۆمەڵە چیرۆکی قەڵای حەمەدەمینی شامحەممەدی چاپ دەبێ کە چاردە چیرۆکی کورت لە خۆ دەگرێ . حەمەدەمینی شامحەممەدی خاوەنی شێوازی خۆیەتی لە چیرۆک نووسیندا و

زمانێکی تایبەت و ڕاوێژێکی تایبەت تری هەیە .دنیای چیرۆکەکانی ئاوێتەیەکن لە واقع و فانتزیا .پڕن لە سیحر و ئەفسانە و بەدیهێنەری واقعێکی جادوویین .بۆ وێنە چیرۆکی قەڵا کە لە چیرۆکە بەهێز و پتەوەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەیە، تێکەڵاوێکە لە واقع و ئەفسانەکۆنەکان و بیروبڕوای فۆلکلۆریک و ئوستوورە ئایینییەکان، دەرەنجامی ئاوێتە بوونی ئەو توخمانە دەبنە هۆی وەدیهاتنی چیرۆکێکی مۆدێرن و ئەورۆیی کە خوڵقێنەری ئەفسانە و ئوستوورەی خۆیەتی.

هەروەها لەم ساڵەدا کۆمەڵەچیرۆکی سیاسووتی بریا کاکەسووریش چاپ بووە کە هەنگاوێکی باش و ڕوو لە پێشە بۆ گێڕانەوەی کوردی .کاکەسووری یەکێکە لە چیرۆک نووسە بە ئەزموون و لێهاتووەکانی ئێمە و بەردەوام بەرهەمی نوێی بووە .لە سیاسووتدا لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێک ڕووبەڕووین کە لە هەرکامیاندا ویستوویەتی فەزایەک تاقی بکاتەوە .بە شێوەیەکی گشتی چیرۆکەکانی سیاسووت بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبن .ئەو چیرۆکانەی کە کەمتاکورت لە بەستێنێکی ڕێئالدا بەدی دێن و چوارچێوە و فۆرم و زمانێکی ڕێئالیان پێوە دیارە وەکوو بەردەباران و کەڵ و سێ کوچکێنێ و دیوەخان .تاقمی دووهەم ئەو چیرۆکانەن کە هەوڵی چیرۆکی تەماوی و زەینییان پێوە دیارە وەکوو دار و سیاسووت و ئاپۆڕ و دەهۆڵ و ئاویلکە و قوربانی . ئەوی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە چیرۆکەکانی دەستەی هەوەڵ زۆر بە هێزترن و باشتر داڕێژراون .لەم یەک دووساڵەدا کاک بریا دوو کۆمەڵە چیرۆکی دیکەی بە ناوەکانی» تابووتی تەمەن «و» سەفەرنامەی دۆزەخ «چاپ کردوە .لەم دوو کۆمەڵەیەدا داڕشتە و ساختاری چیرۆکەکان زۆر قایم و توند و تۆڵترن .پەلە و کورتبڕی لە ڕادەبەدەریان پێوە نەماوە و چیرۆکنووس بە پشوویەکی درێژ و ئەزموونێکی زیاترەوە پەرژاوەتە سەر چیرۆکەکانی .هەروەها لە زۆربەی چیرۆکەکاندا لەو فەزا زەینی و تەماوی و پێچەڵاوپووچە دابڕاوە و کەوتۆتە بەستێنێکی تەواو سادە و ساکارەوە .زمان زمانی داستانە و لە خۆڕا کاری سەیر و سەمەرە لە چیرۆکدا ڕوونادەن، چیرۆکنووس ڕێگای خۆی دیوەتەوە و بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ چیرۆک دەگێڕێتەوە.

هەر لەم ساڵەدا ڕۆمانی مێژوویی بڵیند و نەوی نەسرینی جەعفەری چاپ دەبێ کە بە دەوری سووژەیەکی مێژووییدا دەخولێتەوە و باس لە قەڵای دمدم و خانی لەپزێڕین و ئیشقی نێوان ئەو پەریزاد دەکا .ڕاوێژی ئەم ڕۆمانە یەگجار لە ڕاوێژی ڕۆمانەکانی هاوارە بەرە و میرزا نێزیکە و ئەوە دەیسەلمێنێ کە فەتاحی ئەمیری بە ئێدیت کردنی

ئەم ڕۆمــانە ڕووحێـکی دیـکەی وەبەر هێناوە.

هەر وەها لە ساڵی حەفتا و حەوتدا گەلە چیرۆکی خۆر چاب دەبێ کە چیرۆکی دە چیرۆکنووســـی لەخۆ گرتووە .هەرچەند ئەم کتێبە دەنووســەر و دە نێوی نوێی لەخۆ گرتـووە، بەڵام ســـەرلەبەری ئەم نێوانە شێوازی نووسینەکەیان یەک جۆر نییە و ناتوانین شــێوازی نووســینی هەموویــان بخەینە تـای تەرازوویەک و پێکەوەیان بنرخێنین .بەڵام لەسەرجەمدا ئەزموونێکی تـازەیە بە نێو و دەنگی تازەوە.

لە ســاڵی حەفتا و حەوتدا دوو ڕۆمانی دیــش چــاپ بــوون، ڕۆمــانــی هەزار ئەشـــکەوتی عـومەری مەولوودی کە ئەویش لە ژێر تەئســیری ڕۆمانەکانی یاشـــار کەماڵ و بە تایبەت کولیدەری مەحموودی دەوڵەتئابادیدا نووســراوە . ئەم ڕۆمانەش لە زوڵم و زۆری دەرەبەگ و ئـاغـاوات دەدوێ و بە شــێوەیەکی لێهاتوانە نووسراوە .زمانی ئەم ڕۆمانەش زمانێکی بە بڕشـــتە و ئەمانەتدارانە دۆخی کۆمەڵایەتی ســـەردەمی خۆی نیشـــان داوە .بە داخەوە ئەم ڕۆمانەش کەوتە بەر تانەو تەشەری هێندێک کەس کە تا ڕادەیەکی زۆر وەستا عومەریان لە نووسینی پاشماوەی ڕۆمانەکەی دڵسارد کردەوە .تەنـانەت هەتـا ئەو جـێـیە خستیانە ژێر فشارەوە کە مەجبوور بوو

بە دڵی ئەوان چیرۆک بنووســـێ و چیرۆکی» تـاوان«ی وەســـتـا عومەر مەولوودی کە لە لاپەڕەی چل و پێنجی گەلەچیرۆکی خۆردا چاپ بووە بەرهەمی ئەو فشـــارە نـامەنتقیەیە .بە داخەوە هەرکەسێکی لە باغی ئەواندا نەبایە و وەک ئەوانی نەنووســیبا ســوننەتی و دواکەوتوو بوو .ئەم بەرپێزانە بە ڕەپـاڵ دانی نێونیتکە و دەســـتەواژەی وەک : ڕۆمـانی ســـوننەتی و لادێییـانە و دواکەوتوانە و ئەوەی کە کوا سـەردەمی ئەم جۆرە نووسینانە ماوە تاقمێکی زۆر لە نووسـەرانی ئێمەیان دڵسارد کردەوە . وەسـتا عومەر یەکێک لەو نووسـەرانە بوو کە دەیتوانی لە ڕێبازی خۆیدا زۆر دەسکەوتی باشتری ببێ بێتوو دنە درابا و سەرودڵخۆش بایە.

ڕۆمانی شـــاربەدەری کاک حســێنی شــێربەگیش هەر لە ســاڵی حەفتا و حەوتـدا چـاپ بـووە و یەکـێـکە لە ئەزمـوونە بـاشــەکـانـی ئـێـمە لە ڕۆماننووسیدا .کاک حسێن یەکێکە لە نووســەرە بەردەوام و بە ئەزموونەکانی ئێمە و کۆمەڵە چیرۆکی دۆنـادۆن و مشـکەکانی ڕۆح لێ چاپ بووە، زۆرێک لە چیرۆکەکانی دۆنادۆن دەکەونە خانەی چیرۆکە تەماوییەکانی حەفتاکان .بەڵام لە کۆمەڵە چیرۆکی مشـکەکانی ڕۆح دا وا هەســت دەکرێ کـاک حســەینی شــێربەگی ئاگایانە ویســتوویەتی لەو فەزایە بترازێ .لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا

هەم لەباری زمانەوە و هەم لە باری شێوازی گێڕانەوەوە بە نیسبەتی چیرۆکەکانی پێشووی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە زۆر جێگای خۆشحاڵی و هومێدە .ئەم چیرۆکانە سادە و ساکارتر و زمانێکی داستانیتریان هەیە و بۆ خوێنەر زۆر چێژبەخشترن.

بەردەوام بوونی ئەزموونی چیرۆکنووسی لە هەر زمانێکدا خێر وبێری زۆری بە دوادا دێ و ئەویش سەرهەڵدانی چیرۆکنووسی تازەیە کە بەردەوامی دەدەن بە ئەزموونی گێڕانەوە .لە چیرۆکنووسی ئێمەشدا لە ساڵی شەست و نۆوە هەتا ئێستا ئەو کاروانە نەپساوەتەوە و بەردەوام بووە .ئەو هێڵە بەردەوامە زەمانییە دایم لەبەر یەک کشاوەتەوە و چەندین و چەن چیرۆکنووس بە دووی یەکدا هاتوون کە هەر کامەیان بەشێکیان لەو بۆشاییە پڕ کردۆتەوە کە دەبوو پڕی بکەنەوە .لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لەو کتێب و بەرهەمانە دەکەین کە ئەو چیرۆکنووس و نێوە تازانە بەرهەمیان هێناوە .لەم قۆناغەی گێڕانەوەی ئێمە پانتایی چیرۆک و ڕۆمان تەنیا لە ژێر هەیمەنەی چەن نێو و چەن نووسەردا نییە و نێوی نوێ و ڕوانگەی نوێ بۆ چیرۆک دێنە ئاراوە کە شێوازی نووسینیان یەگجار جیاوازە لەگەڵ ئەو بەرەیەی گێڕانەوەی ئێمەیان بووژاندەوە و بەردەوامییان دا بە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی . هەڵبەت وەک ڕوونکردنەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو نێوانەی لێرەدا دێن تەنیا چەن نموونەن و بۆی هەبوو کە چیرۆکنووس و ڕۆمان نووسی دیکەشیان لەنێودا بێ و بە هۆی ماوەی بەرنامەکە ئەم دەرفەتە نەڕەخساوە.



یەکێک لەو کەسانەی لە تەواوەتی ئەو ساڵانەی چیرۆکی کوردی بە شێوەیەکی بەگوڕ بەخودا هاتۆتەوە و بە شێوەیەکی کارا بەشدار بووە لە شکڵدانی ئەو هەیکەلە ڕیوایەتییە نوێیەی چیرۆک و گێڕانەوەی کوردی، سەیدقادری

هیدایەتی بووە .سەیدقادر هەم بە کورتە چیرۆک و هەم بە ڕۆمان و هەم بە ڕەخنە و تیوری بەشدار بووە لەم ڕەوتەدا . ئێستا نۆڤێلی دەنگی نوختە و تۆقی عەزازیلی لێ بڵاو بۆتەوە و ڕۆمانی تازەشی بەڕێوەیە .سەیدقادر یەکێکە لە ڕەسەنترین دەنگەکانی چیرۆکی نوێی ئێمە لەم چەن ساڵەدا .دەسکەوتە فۆڕمییەکانی ئەو لە بواری گێڕانەوەدا یەگجار بەرچاون و دەکرێ وەک نموونەیەکی باش باسی لێبکەی . هەروەها لە باری فۆڕمی زمانی و چونییەتی کەڵک وەرگرتن لە زمان و وزەی زمانی، گێڕانەوەی ئێمە زۆر هەرێمی نوێیان بەتاقی کردەوە کە پێشتر ڕێی تێنەبردبوون .سەیدقادر بە کەڵکەکردنی سامانێکی گەورەی فکری و فەلسەفی و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام لە نێو دەقە ئاینی و ئوستوورەییەکاندا و زانیاری بەسەر گێڕانەوەی جیهانیدا توانی پاشخانێکی گەورە بۆخۆی و بۆ دەقە ڕیوایییەکانی خۆی دەستەبەر بکا و لەم سۆنگەیەوە بۆن و بەرامەیەکی تازە بە چیرۆک و گێڕانەوەی ئێمە ببەخشێ .دەنگی نوختە کە کارێکی بە تەواوەت فۆرمیکە و لە ژانری ئەدەبی تەخەیولی و تەجرویبدایە ، ڕووداوێکی گەورەیە لە گێڕانەوەی کوردیدا کە نەک لە نێو خۆمان بەڵکوو لە نێو فارس و تورکەکان و عەڕەبەکان کە مێژوویەکی دوورودرێژی ڕیوایەتییان هەیە شتێکی دەگمەنە و بە هەموو پێوەرێک کارێکە کە جێی دڵخۆشییە بۆ چیرۆکی کوردی و شان لە شانی چیرۆکە بەرزەکانی ئەم ژانرە .ئەم بەرهەمە کە گەمەیەکی بەردەوام و لەبڕان نەهاتووە بە هێما زمانییەکان، ساختار و پێکهاتەیەکی پچر پچر و پازێل ئاسای هەیە و لە هاونشینی ئەو لەت و کوتە پازێلانە ، پێکهاتەی گشتی بەرهەمەکە ساغ دەبێتەوە .هەر پاژێک لە دەقەکە بوونێکی سەربەخۆیە کە دەکرێ هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە یان لە گشتییەتی ئەو سازمانە ڕیوایییەتییەدا مانا پەیدا بکا و ببێتە کارکردێکی مانایی لەو پێکهاتە داستانییەدا . هەودایەکی باریک ئەو پاژە مانایی و داستانیانە لێک گرێدەدا کە لە ئاکامدا گشتییەتی چیرۆکەکە ساغ دەکەنەوە . زمانی گێڕانەوە سرک و دینامیک و ئەکتیوە .دەسپێک و کۆتایی هەرکام لە پاژەکان لە تەشقدایە و هاونشینی واژەکان بە چەشنێکن کە ئەو ڕستەیەی بەرهەمی دێنن چێژێکی نوێ و هەستێکی جوانیناسانەی نوێ بە خوێنەرەکەی دەبەخشن .دەنگی نوختە نموونەی کامڵی سەرکەوتنی گێڕانەوەی ئێمەیە لەم چەن ساڵەدا.

تەجروبەی ڕیوایەتی سەیدقادر لە ڕۆمانی تۆقی عەزازیل، هەنگاوێک بەرەوپێش چووە و لەو حاڵەتە بزۆز و تەجروبییە ترازاوە و لایەنێکی ئاهۆنتر و

لەسەرەخۆتری بەخۆوە گرتووە .ئەوەی لە ڕۆمانی تۆقی عەزازیلدا لە هەموو شت بەرچاوترە گێڕانەوە و بەتایبەت زمانی گێڕانەوەیە .شـێوازێکی ئیبتکاری کە هیچ چیرۆکنووسێکی کورد هەتا ئێستا کەڵکی لێوەر نەگرتووە .ئەویش کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی سواو و مەزهەبی و خانەقاییە .زمانێک کە قەت سەرنجی چیرۆکنووسانی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە هەتا بۆ گێڕانەوەی کارەکانیان کەڵکی لێوەرگرن .ئەو کارە زمانییەی لە ڕۆمانی تۆقی عەزازیلدا کراوە و ئەو لەحنە جیاوازەی ڕۆمانی پێ گێڕدراوەتەوە کارێکە کە زۆرتر شاعیران کەڵکی لێوەر دەگرن .یانی شاعیران دێن کار لەسەر ئەو زمانانە دەکەن کە واژەکانی ئەو هەرێمە زمانییە چ کارکردێکی جوانیناسانەیان تێدا نەماوە و هەڵچۆڕاون لە کارکردی شاعیرانە . شاعیران بە هۆنینەوە و تێک هەڵشێلانی ئەو زمانە سواو و مردووانە، کارکردێکی جونیناسانە و ئیحساسی نوێ و شەخسییەتێکی زمانی نوێ بەو هەرێمە زمانییە مردووانە دەبەخشن و بەم شێوەیە زمان دەبووژێننەوە و ئەو واژە و دەستە واژانەی کە ئێمە پێمانوابووە هەڵچۆڕاون لە ئیستاتیکی زمانی بە شێوازێکی نوێ ڕەعەمەل دێننەوە و بە شێوەیەکی دیکە بە ئێمەی خوێنەری دەنوێننەوە؛ ڕاست ئەو کارەی سەیدقادر لەگەڵ زمانی تۆقی عەزازیلی کردووە و لە زمانێکی بە تەواوەت سوننەتی کە قەڵای بیر و بڕوایەکی سوننەتی و محافزەکارە، بۆ دەبڕینی پێکهاتەیەکی ڕیوایەتی بە تەواوەت مۆدێڕن کەڵکی لێوەرگرتوە .سەیر ئەوەیە کە ئەو زمانە بە تەواوەت محافەزەکار و سوننەتییە وەک دژبەرێک لە بەرامبەر خۆیدا کەڵکی لێوەرگیراوە و وەک ئەوەی لە ناخودای ئەو زمانەدا گەمەیەکی دیالکتیکی خۆی حەشاردابێ و زیدی خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبێ هەتا لە ڕۆمانێک بە نێوی تۆقی عەزازیلدا بۆ دژایەتی کردنی ساختاری فکری خۆی کەڵکی لێوەرگرابێ .ڕۆمانی تۆقی عەزازیل پڕاوپڕی وردەکاری تکنیکی و زمانییە و پێویستی بە شیکرنەوەیەکی تایبەت هەیە .ئەم ڕۆمانە تۆقی عەزازیل لە باری فۆڕمی زمانییەوە دەسکەوتێکی گەورە و مەزنە بۆ گێڕانەوەی ئێمە.

یەکێکی دیکە لەو چیرۆکنووسانەی پانتایی گێڕانەوەی ئێمەی بەرفراوانتر کرد و ئەزموونێکی تازەی بە ڕووی گێڕانەوەی ئێمەدا کردەوە، علی غولامعەلییە کە تا ئێستا کۆمەڵە چیرۆکێکی لێ بلاو بۆتەوە .پادشای تەنیایی .من پێشتر لە وتارێکی تێروتەسەلدا باسی دەسکەوتەکانی ئەوم لە بواری چیرۆکنووسیدا کردووە، بەڵام دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە عەلی غولامعەلی سەرچڵ و سەرتۆپی ئەو

ڕەوتە گێڕانەوەیەیە کە لە لایەن کۆمەڵێک چیرۆکنووسی ئاوانگاردەوە و هەر لە شاری بۆکانەوە دەستی پێکرد . چیرۆکی عەتری تیرۆز و ئێوارەیەک وەک خەونی مەیموون بۆ هەتاهەتایە لە تەشقی گێڕانەوەی ئێمەدا دەمێننەوە .ئەم دوو چیرۆکە و بەتایبەت ئێوارەیەک وەک خەونی مەیموون نموونەی کاملی چیرۆکنووسی مۆدێرنی ئێمەیە، چ لە باری زمانی و چ لە باری ساختارەوە.

وەک ئاخر تەوەر ئاماژە بە هێندێک چیرۆکنووس دەکرێ کە لەم ساڵانەدا بەردەوامی‌یان داوە بە گێڕانەوەی ئێمە . لەوانەیە ئەم باسەی ئێستا شیاوی بەرهەم و ماندووبوونی ئەو بەڕێزانە نەبێت بەڵام ناشکرێ گوێ لە حەول و ماندوو بوونیان بخەوێنین.

کۆمەڵەچیرۆکی مێژوویترین زامی دایکم لە نووسینی شارام قەوامی .ئەم کۆمەڵەچیرۆکە یەگجار بەهێزە و بە شێوەیەکی یەگجار لێهاتوانە نووسراوە . شێوازی نووسینەکانیان تێکەڵاوێکە لە ڕیالیسم و سوررپیالیسم کە پشت ئەستوورە بە بیر و بڕوا جادوویەکانی کۆمەڵگای کوردەواری .بەتایبەت دوو چیرۆکی «مێژوویترین زامی دایکم «و »خوێ بۆ سەر زام خوڵقاوە» یەگجار بەبڕشت و بێوێنەن .شارام قەوامی جگە لەم کۆمەڵەچیرۆکی ڕۆمانی «سوهەیلا»

و «پاڵتاوشۆڕ»یشی نووسیوە و لە بواری نەقدی ئەدەبیشدا کارایە.

ماپارەخانمی ئیبراهیمی کە تا ئێستا دوو کۆمەڵەچیرۆکی ئاوێنە و یادەکانی لێ بڵاو بۆتەوە و هەتا ئەم دواییانە بە تەنێ شانی دابووە بەر نەبوونی چیرۆکنووسێکی خانم لە بەستێنی چیرۆکنووسی ئێمەدا .چیرۆکی ڕەعنا یەکێکە لە چیرۆکە باشەکانی نێو کۆمەڵەچیرۆکی ئاوێنە و لە ئازار و مەینەتە ڕووحییەکانی بێوەژنێک دەدوێ کە مەرگی هاوسەرەکەی دنیای پێکەوە بوون و عاشقانەی لێ ڕووخاندووە و ئێستا لە گێژاوی دوای نەبوونی هاوڕێکەیدا تووشی ئازاری ڕووحی بووە و دەیهەوێ خۆی بۆ داهاتوویەکی بە بێ ئەو ئامادە بکا.

کامران حامدی کە تا ئێستا چەند ڕۆمانی وەک زینوێ بەتەم و گۆمی بەردە لانکەی نووسیوە .ئەم ڕۆمانانە بە تەواوەت ڕێئاڵن و بە زمانێکی پاراو گێڕدراونەوە .ڕۆمانی گۆمی بەردەلانکێ پڕە لە ڕستەی جوانی زمانی و لە وێنا کردنی مهاباد لە سەردەمی قەدیمدا حەشری کردووە و ئەو تەوسیفانەی لە شار کراوە لەو ڕۆمانەدا سەرنج ڕاکێش و زەیفن.

چنووری سەعیدی کە تا ئێستا دوو کۆمەڵەچیرۆکی چاپ کردووە بە نێوی : هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان

و تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە . چیرۆکەکانی ئەم دوو کۆمەڵەیە مینیماڵن .چیرۆکی گڵۆپە زمان فامەکەی پەریا و من کچێکی پاڵەوانم لە چیرۆکەباشەکانی ئەو کۆمەڵەچیرۆکانەن.

خۆری شمارە دوو سێ کە سروە چاپی کرد و لە نێو ئەو چیرۆکانەی لەم تایبەتنامەیەدا چاپ کراون چیرۆکی ڕەحمەت جەلالی و مەنسوور تەیفووری بەرچاون. ڕەحمەت جەلالی یەکێک بوو لە چیرۆکنووسە باشەکانی ئێمە و بەداخەوە ئەویش بەردەوام نەبوو.

شەپۆل مەجیدپوور کە کۆمەڵەچیرۆکی ئەونامانەی هەرگیز نەخوێندرانەوە لێ بڵاو بۆتەوە و کارەکانی هێز و تینێکی تایبەتیان تێدایە و جێگای دڵخۆشییە . چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بەسەر دوو دەستەدا دابەش بوون، دەستەی یەکەم ئەو چیرۆکە مینیمالانەن کە کاریگەرن لەو فەزا وەهماوییەی حەفتاکان و چیرۆکی درێژی ئەو نامانەی هەرگیز نەخوێندرانەوە .ئەم چیرۆکە دابڕانێکی ڕاستەوخۆیە لەو فەزا زەینییە و دەست پێکردنی ئەزموونێکی تازەیە بۆ چیرۆکنووس .شێوازی گێڕانەوە ڕێئالە و زمان دەربڕی واقعێکی کۆمەڵایەتییە.



باڵندەی بریندار و ماسی سەرسام لە نووسینی فەروخ نێعمەتپوور .ئەم بەرهەمەش شتێکی وای بۆ گێڕانەوەی ئێمە پێنییە و زۆرتر مۆنۆلۆگێکی فەلسەفییە هەتا گێڕانەوەی داستان . پێشتر وتارێکی تێر وتەسەلم لەسەر ئەم بەرهەمە نووسیوە و لەوێدا باسی ئەم بۆچوونەی خۆم کردووە کە بۆچ ئەم کتێبە لە خانەی گێڕانەوەیەکی داستانیدا جێگیر نابێ و هەر بۆیە لێرە بە پێویستی نازانم زیاتری شی بکەمەوە.

سولەیمان عەبدولڕەحیمزادە کە چیرۆکنووسێکی خاوەن پێشینە و بە برشتە و کۆمەڵەچیرۆکی چارەنووسی تاپۆکانی لێ بڵاو بۆتەوە .ئەم کۆمەڵەیە حەقدە چیرۆک لە خۆ دەگرێ .

تایبەتمەندییەکانی چیرۆکەکانی کاک سولەیمان بریتین لە کورتبڕی و ئیجازێکی زۆر کە لە زۆر چیرۆکدا پێویستە و پڕ بە پێستە، بەڵام جاری وایە ئەو کورتبڕییە دەبێتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکانی پێش ئەوەی بە تەواوەت کامڵ ببن، تەواو بن .فەزای چیرۆکەکانی فەزایەکی سارد و سڕ و تاڕادەیەک کافکایین .ساختار و داڕشتەی زۆربەی چیرۆکەکانی وەک یەکن و لە تاقی کردنەوەی فەزای تازە لە چیرۆکەکانیدا خۆی بواردووە .فۆرم و بیچمی دراماتیک و شانۆیی بە تاقمێک لە چیرۆکەکانییەوە دیارە.

هێمن عەبدوڵلاپوور کە کۆمەڵە چیرۆکی دەنگەدەنگی بێدەنگی لێ بڵاو بۆتەوە . ئەم کتێبە پێنج چیرۆکی لە خۆ گرتووە و چیرۆکی دەنگە دەنگی بێدەنگی و دارتێلەکانی ژێر زەلکاوەکە لە چیرۆکەباشەکانی ئەم کۆمەڵەیەن . چیرۆکی دەنگە دەنگی بێدەنگی کە لە دوو ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە گێڕدراوەتەوە، لە ئاواییەک دەدوێ کە هەوری نەدامەت و بێبارانی ڕووی تێکردوون و حەڵکی ئاوایی ئەم ندامەتی و پەڵە ڕەشەی ئاسمانی دێیەکەیانی تەنیوە لە منداڵە چاوگەشەکەی ئەسمەری دەزانن .وەختایەک مێردەکەی ئەسمەر، پێشنیاری پێدەدا دەست لە منداڵەکەی هەڵگرێ چون بە قسەی خەڵکی نێودێ بەد شوومە، ئەسمەر قبووڵی ناکا .بۆ بەیانی باران بەسەر دێدا دەبارێ و پەڵە ڕەشەکە لە عاسمانی دێ دەتارێ، مێردی ئەسمەر هەڵدێ بۆ نێو دێ هەتا خەبەری پا بوونەوەی پەڵەڕەشەکە بە خەڵکی ڕاگەیەنێ و دەبینێ نێو دێ پەپووی لێ دەخوێنێ و خەڵکی کۆچیان کردووە.

نارنجی فڕین لە نووسینی ئەمین گەردیگلانی کە چاردە چیرۆکی لە خۆ گرتووە .چیرۆکی نارنجی فڕین باسی دوو خوشکی فەڕشکەرە کە بابێکی بە تەماح ئاواتی کچانەیان تێدا دەبا و پێوەندییان لەگەڵ دنیای واقع دادەبڕێت و دەیانکاتە کۆیلەی ئاواتە مادییەکانی خۆی .تەنیا شوێنی پێوەندی گرتنی خاتووزین و ئینتها ئەو دەلاقە بچووکەی ماڵەکەیانە کە لەوێڕا کێوی دوو برای کوژراوی لێوە دیارە .ڕەمووزن باوکی کچەکان لە ئاکامدا بە دەستی کچەکانی تێدا دەچێ و ئەوانیش بە ئاوردانی جەستەی خۆیان و ماڵەکەیان و باوکیان کۆتایی بە ژیانی خۆیان و ئاواتە گڵاوەکانی ڕمووزن دێنن.

کۆمەڵە چیرۆکی تروسکەیەک لە تاریکیدا لە نووسینی سەلاح نیساری کە بیست کورتە چیرۆکی لەخۆ گرتووە . کە لە ژێر کارتێکەری ئەمینی فەقیری و سەمەدی بێهرەنگی و عەلیئەشرەف دەرویشیاندا نووسراوە .ساختاری

چیرۆکەکان سادە و زمانێکی ئاساییان هەیە.

خەبات ڕەسووڵی کە کۆمەڵە چیرۆکی ساڵە شەڕابییەکانی لێ بڵاو بۆتەوە، ئەم کتێبە حەوت چیرۆکی لە خۆ گرتووە .لە زۆربەی چیرۆکەکاندا تەنزێکی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێ و چیرۆکەکان وەسیلەیەکن بۆ بەربەرێکانێ لەگەڵ بیروباوەڕی چەوتی کۆمەڵایەتی و خۆرافی.

سەلاحەدین خزرنژاد کە کۆمەڵەچیرۆکی ڕێی لێ بێاو بۆتەوە و چل چیرۆکی مینیماڵ لەخۆ دەگرێ . لەنێو ئەو چیرۆکانەدا چیرۆکی جووچکە شین گەلێک قەوییە و ئەو تەوسیقانەی لە فەزای شەڕەکەڵەشێر کراوە و ئەو فرت و فێڵانەی لە جەنگەی شەڕەکەڵەشێردا لەکار کراون بە جوانی نیشاندراوە.

ئەنوەر عەرەب کە کۆمەڵەچیرۆکی لە چاوەڕوانی پیاوێکی کراس زەردی گوڵ گوڵیدا لێ بڵاو بۆتەوە .ئەم کتێبە بیست و یەک چیرۆکی مینیماڵی لە خۆ گرتووە و ساختارێکی سادە و زمانێکی ڕەوان و سەمیمیان هەیە.

زۆربەی ئەم چیرۆکنووسانەی لە کۆتاییدا نێویان هات گەنج و تازە کار و پڕ ئێنێژین و پڕن لە ئیدەی تازە و لە سەرەتای ڕێیەکی دوور و درێژدان.

لە کۆتاییدا وەک ڕوون کردنەوە دەبێ عەرزتان بکەم ئەم کارەی من شتێکی ناکامڵ و ناتەواوە و لە مەودایەکی زەمانی کەم و دەرفەتێکی کورتدا نووسراوە و من داوای لێبوردن لەو چیرۆکنووسانە دەکەم کە نەمتوانیوە زۆرتریان لەنگەر لەسەر بگرم و زۆرتر باسی کارەکانیان بکەم هەروەها زۆر چیرۆکنووسی دیکەشمان هەن کە چیرۆکی باش و بەهێزیان لە گۆڤارەکاندا لێ بڵاو بۆتەوە، بەڵام من دەستم پێیان ڕانەگەیشتووە .کارەکەی من تەنیا لەو بەرهەمانە دواوە کە لە قەوارەی کتێبدا حزووریان هەیە .هەر وەها داوای لێبوردن لەو کەسانەش دەکەم کە کتێبەکانیانم نەبووە و لەبەر دەستم نەبوون هەتا باسیان بکەم .بەڵام لەسەرجەمدا باسی تەواوی ئەو دەنگە دیارانەی ئێستا لە بەستێنی گێڕانەوەی کوردیدا کراوە .گێڕانەوەیەک کە ساوایە و پڕە لە ئینێرژی و ئێستا زۆری ماوە پتانسیلە شاراوەکانی خۆیا بن و زۆر چیرۆکی نەگێڕدراوەی ماوە کە بۆمان بگێڕێتەوە.

تێبینی: خوێنەرانی بەڕێزی چیرۆکەڵە، لە ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوای نەمردا، ئەم کۆمەڵە وتار و بابەتە تیۆرییەمان، لە ڕاستیدا بە هوڵ و گەڕانێکی زۆر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییاندا بۆ کۆ کردوونەتەوە و وەک یەکەم تایبەتنامەی چیرۆکەڵە پێشکەشمان کردوون. واتە نووسەران و سەرچاوەکانیان ڕاستەوخۆ ئەم بابەتانەیان بۆ نەناردووین. دوای سپاس و بێزانین بۆ نووسەرانی بەڕێز و، داوای لێبووردن لە ناو نەهێنانی ڕاستەوخۆی سەرچاوەکان، بەهێندێک هۆکار؛ هیوادارین ئەمە وەک هەوڵێک لە ئاراستەی خەونەکانی پێشەوای مەزنمان، بۆ خزمەت بە زمان و ئەدەب کوردی بهێننە ئەژمار و گلەییمان نەهێننەوە سەر.

